# ڕۆژنامە ٧

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦١٧) سێشەممە ٢٠١١/١/١٨ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار


## گەلی تونس سەرۆکی دیکتاتۆریان دەرپەڕاند



تایبەت ل... ١٢-١٣

# دەسەڵات لە ڕێگەی (یاسای ئاسایشەوە) دەیەوێت چاودێریی ژیانی هاوڵاتییانو حیزبەکان بکات

ڕۆژنامە

سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی هەردوو پرۆژەیاسای: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمو دەزگای ئاسایشی هەرێمەوە، کە پرۆژەکە لەلایەن (پارتیو یەکێتی)ەوە ئامادەکراوە، هەولی کۆنترۆلکردنو چاودێریی خستنە سەر ژیانو ئازادیی هاوڵاتییانو حیزبو ڕێکخراوەکان دەدات.

ئەو پرۆژەیاسایانە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٢٩٣٧) لە ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٢٥ ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە بە مەبەستی بڕیار لەسەردانو کردنی بە یاسا، بە لای چاودێرانو شارەزایانی ئاسایشەوە هەردوو پرۆژەکە چەندین مادەو بڕگەی مەترسیداری لەخۆگرتووە.

شارەزایەکی ئەمنیی سەبارەت بە لایەنە مەترسییەکانی ئەو دوو پرۆژەیە وتی: مەترسیی ئەوە لە ئارادایە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە بەرەو دەوڵەتێکی ئەمنیی ستەمکاریی هەنگاو بنێت، کە حیزبی دەسەڵات لە ڕێگەی تێپەڕاندنی یاسای خۆپیشاندانو بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانو فشار خستنە سەر میدیای ئازادو بە حکومیکردنی دەزگا ئەمنییە حیزبییەکان ئەو هەنگاوە دەنێت».

وتیشی: هەردوو پرۆژەیاسای ئەنجومەنو دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هەوڵێکی تری دەسەڵاتە بۆ کۆنترۆلکردنو چاودێریکردنو سانسۆر خستنە سەر ژیانو ئازادیی هاوڵاتییانو ڕۆشنبیرانو حیزبو ڕێکخراوە ناوخۆییو دەرەکییەکان.

ئەو شارەزا ئەمنییە ئاماژەی بەوە کرد؛ کە لە پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایش بۆ نموونە لە مادەی سێیەم: بڕگەی هەشتەمی کە باس لە «پاراستنی سیستەمی زانیاریی هەرێم دەکات»، ئایا مەبەست چییە لە پاراستنی سیستەمی زانیاریی هەرێم؟ پێویستە ئەم چەمکە ڕوونبکرێتەوە، کە دوور نییە هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی دەزگای (IT)یەوە کە ئێستا دروستکراوە کۆنترۆلی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، مۆبایل، ئینتەرنێتو هەموو هۆکارەکانی دیکەی گەیاندن بکات.

هەروەها ئەو شارەزا ئەمنییە وتیشی: بەپێی مادەی (٢) بڕگەی یەکەم، کە باس لە پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم (دەزگای ئاسایشی هەرێمو هەواڵگریی سەربازییو دەزگای زانیارییو پاراستن) دەکات، پێویستە ئەو دەزگایانەی باسکراون پێشتر بەپێی یاسا دروستکرابن، ئەو کات ئەنجومەنی لێ دروست بکرێت، «دەزگای پاراستنو زانیاریی دوو دەزگای حیزبینو نادەستوورین بەپێی مادەکانی (٩)ی دەستووری عێراق، کە ئەو دەستوورە لە هەرێمیش جێبەجێ دەکرێت. بۆیە پێویستە ئەو دوو دەزگا حیزبییە هەڵبووەشێتەوەو لە دەزگایەکی نیشتمانیی بێلایەن پێکبهێنرێت.

بۆ... ل٢

## چ دەزگایەک لێپرسینەوە لە نوێنەرانی کورد دەکات؟

## پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانی: لە بەغدا بەرەڵاییە، نوێنەرانی کورد ئاگایان لەیەکتر نییەو ترسیشیان لە لێپرسینەوە نییە

ل...٥



## لەسەر داوای گۆڕان، هەفتەی داهاتوو پەرلەمانی عێراق بە کوردی گفتوگۆ دەکات



ڕۆژنامە

لەسەر پێشنیازی فراکسیۆنی گۆڕان، لە هەفتەی داهاتووەوە زمانی کوردی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەکاردێت، بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەک وەرگێڕی هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی دابین دەکرێن.

د. لەتیف مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران، ڕەزامەندیی پیشانداوە کە لە هەفتەی داهاتووەوە پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکاندا بتوانن بە زمانی کوردی گفتوگۆ بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش دائیرەی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، وەرگێڕی هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی ئامادە دەکات تا گفتوگۆکان لەعەرەبییەوە بۆ کوردیو بە پێچەوانەوە وەربگێڕن.

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان، ئاماژەی بەوەش دا: «ئەو هەنگاوە بۆ قسەکردنی پەرلەمانتاران بە زمانی کوردی، لە دوای پێشنیازێکی هەڤاڵ کوێستانی، ئەندامی فراکسیۆنەکەی هاتووەتەدی، کە پێشتر لە دووەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەراندا خستبوویەڕوو، لە دانیشتنی ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردووشدا فراکسیۆنی گۆڕان، ئەو پرسەی بەبیری سەرۆکی پەرلەمان هێنایەوەو پێیان کردە بڕیار».

لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا، گفتوگۆکانی نێو کۆمەڵەی نیشتمانییو ئەنجومەنی نوێنەران، تەنیا بە زمانی عەرەبی دەکرانو بۆ یەکەمجاریشە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق لەسەر داواکاریی فراکسیۆنی گۆڕان زمانی کوردی دەخاتە ناو گفتوگۆکانی پەرلەمانەوە.

## کابینەی پێنجەم لە تورکیاو کابینەی شەشەم لە ئێران نزیک دەبنەوە

ل...٤

## ئیسلامییەکان دەیانەوێت دەستوور بگەڕێتەوە پەرلەمان

سەنگەر جەمال

لایەنە ئیسلامییەکان داوا دەکەن پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێش ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکرێت، ببرێتەوە پەرلەمانو دووبارە گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە.

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە خولی پێشووی پەرلەماندا لە لایەن هەموو فراکسیۆنەکانەوە پەسەند کراو ئامادەکرا بۆ ئەوەی ڕاپرسییو دەنگدانی لەسەر بکرێت، بەڵام دوای ناڕەزایی بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانو ڕووناکبیران، ئەو پرسە ڕاگیراو تائێستاش بە هەڵواسراویی ماوەتەوە، لە ئێستاشدا هەندێک لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانیش بە پێویستی دەزانن ببرێتەوە پەرلەمانو گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە.

بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ، هەرچەندە پێیوایە؛ ئەو دەستوورە کۆمەڵێک خاڵی ئیجابیی تێدایە، بەڵام ئەوە دەخاتە ڕوو؛ هەندێک تێبینیی هەیە، بەتایبەت لە دیباجەکەیداو بۆ ڕۆژنامە وتی: «هەندێک شتی تریشی تێدایە، بۆیە کە تائێستا نەخراوەتە دەنگدانەوە، ئێمە بە باشی دەزانین بهێنرێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمانو گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێتو بەپێی یاساش چی بە گونجاو زانرا گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، ئەوەش شتێکی گونجاوەو پێچەوانەی یاساش نییە، چونکە قسە لەسەر زۆر لە بابەتەکانی هەیەو لەو حاڵەتەدا دەتوانین سوود لە دەستووری وڵاتانی دیکەش وەربگرین».

لەلایەکی دیکەوە، عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند: ئەو دەستوورە بە پەلەپەلو خێرایی تێپەڕیو پێمانوایە؛ مافی ئەم خولەی پەرلەمانە کە دووبارە ئەو دەستووورە بهێنێتەوە هۆڵی پەرلەمانو ڕاو سەرنجی پسپۆڕانو ڕۆشنبیران وەربگیرێت.

بۆ... ل٢

## نەوشیروان مستەفا: یەکێتی و پارتی داوای کۆبوونەوەیان لێکردووین

ڕۆژنامە

سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند: کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان داوای کۆبوونەوەیان لە بزووتنەوەکەی کردووە، «بەڵام بەهیچ جۆرێک لە داواکانی میللەتەکەمان تەنازول ناکەین».

نووسینگەی ڕۆژنامەوانی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: پاش نیوەڕۆی ١/١٤ لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان لە شاری سلێمانی، نەوشیروان مستەفا، کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان لە بازنەکانی قەزای سەیدسادقو بەرزنجە ئەنجامداوەو تیایدا باس لە دۆخی سیاسیی کوردستانو هەوڵەکانی بزووتنەوەی گۆڕان کرا، کە لە ڕێگەی فراکسیۆنەکەیانەوە بەردەوام بۆ چاکسازیی سیاسیی لە هەوڵو کۆششدان.

بەیاننامە ڕۆژنامەوانییەکە بڵاویکردووەتەوە؛ کە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیش نەوشیروان مستەفا ڕایگەیاند: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، داوای دانیشتنیان کردووە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، ئێمەش ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانمان پێ باشە، ئەوەش مانای ڕێککەوتنی سیاسیی نییە بۆ دەستبەرداربوون لە بڕواکانمان بۆ دادپەروەرییو چاکسازیی سیاسیی لە کوردستانداو بە هیچ جۆرێک لە داواکانی میللەتەکەمان تەنازول ناکەین.



ئەبوبەکر عەلی:

## یەکگرتوو، دەبێت پێداچوونەوە بە ئایدۆلۆژیاکەیدا بکات

ل...٧

## سیستمی هەرێم بەرەو سەرۆکایەتیی دەڕوات

ل...٨



## یەک ئاسایشو دوو وەزیر

بەکر بایز

ل...٢٢

# گرووپی (٤٠٠)، لە دادگا داوا لەسەر پارێزگاری سلێمانی تۆمار دەکات

ئاکام ئەبوبەکر



پارێزگاری سلێمانی مۆڵەت ناداتە خۆپیشاندانی گرووپی (٤٠٠) دژ بە تەواو نەکردنی نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی سلێمانیو گرووپەکەش سوورە لەسەر ئەنجامدانی ئەو خۆپیشاندانەو لە دادگاش سکاڵا لەسەر پارێزگار تۆمار دەکات.

بڕیارە ئەمڕۆ گرووپی (٤٠٠)، کە لە ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیو پزیشکو کەسایەتی شاری سلێمانی پێکهاتووە، لە نزیک نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی شاری سلێمانی خۆپیشاندانێک سازبدەن، لە دژی تەواو نەکردنی ئەو نەخۆشخانەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە پارێزگاری سلێمانی مۆڵەتی نەداوە بەو گرووپە کە خۆپیشاندانەکە ساز بدەن.

لەو بارەیەوە جەبار عەلی، ئەندامی گرووپی (٤٠٠) بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەم خۆپیشاندانە بە مەبەستی فشارخستنە سەر حکومەتی هەرێمە بۆ تەواوکردنی نەخۆشخانەکە، بۆ ئەو مەبەستەش لە ٢٠١٠/١٢/١٥ یاداشتێکمان دایە لایەنی پەیوەندیدار کە لە ماوەی (١٥) رۆژدا دەست بکرێتەوە بە کارکردن تیایداو دوێنێش یاداشتیکمان دا بە پارێزگاری سلێمانی سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەو خۆپیشاندانە، بەڵام رێگەی پێ نەداین».

ئەندامەکەی گرووپی (٤٠٠) ئاماژەی بەوەش دا؛ کە لە رێگەی دادگاوە داوا لەسەر پارێزگاری سلێمانی تۆمار دەکەن تاوەکو هۆکاری رێگەنەدانەکە بزانن، وتیشی: «هەرچەندە وەڵامەکەی پارێزگار بە نەخێر بوو، بەڵام ئێمە خۆپیشاندانەکە دەکەین».

# پەرلەمانتارە کوردەکان چۆن بەسەر لیژنەکانی پەرلەماندا دابەشبوون؟

رۆژنامە

دوێنێ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ ئەندامانی (٢٦) لیژنە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستنیشانکران.

هەرچەندە سەرۆکایەتیی زۆرینەی لیژنەکان بە رێکەوتنی سیاسیی دیاری کراوە، بەڵام بەهۆی رێکنەکەوتنی لیستەکان لەسەر سەرۆکایەتیی چەند لیژنەیەک. دەنگدان لەسەر دیاریکردنی سەرۆکی لیژنەکان لەپەرلەماندا بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران دواخرا.

جگە لە هەردوو لیژنەی ژنانو منداڵانو خێزانو لیژنەی تەندروستی ژینگە، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕانو ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان بەسەر سەرجەم لیژنەکاندا دابەشبوون. لیژنەکانی یاسایی، دارایی، نەوتو وزە، پەیوەندییەکانی دەرەوە، ئاسایشو بەرگریی، مافی مرۆڤ، هەرێمو پارێزگاکان، خزمەتگوزارییو ئاوەدانکردنەوە زۆرترین پەرلەمانتاری کوردی تێدایە.

لیژنەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئابووریی و وەبەرهێنان، گەشتوگوزار، کاروباری ئەندامانی پەرلەمان، کشتوکاڵو ئاودێریی، لێپرسینەوەو ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی، ئاوارەو راگوێزراوان، لیژنەی عەشایەر تەنیا یەک نوێنەری فراکسیۆنە کوردییەکانیان تێدایە.

هەشت پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕانیش بەسەر لیژنەکاندا دابەشبوون، بەمشێوەیە: سەردار عەبدوڵڵا، لە لیژنەی ئاسایشو بەرگریی، هەڤاڵ کوێستانی، لە لیژنەی نەزاهە، شۆڕش حاجی، لە لیژنەی دارایی، د.لەتیف شێخ مستەفا، لە لیژنەی یاسایی. د.بایەزید حەسەن، لە لیژنەی نەوتو وزە، د.محەمەد کیانی، لە لیژنەی هەرێمو پارێزگاکان، شایان محەمەد، لە لیژنەی خزمەتگوزارییو ئاوەدانکردنەوە، کوێستان کەریم، لە لیژنەی مافی مرۆڤ.

بەپێی رێککەوتنی پێشوەختی کوتلەو فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش، فراکسیۆنی گۆڕان سەرۆکایەتیی لیژنەی هەرێمو پارێزگاکان وەردەگرێتو د.محەمەد کیانیش، کاندیدی گۆڕانە بۆ سەرۆکایەتیکردنی لیژنەکە.

# جەلالی سام ئاغا، ئیمتیازاتەکانی خانەنشینی رەتدەکاتەوە

رۆژنامە

جەلال عومەر سام ئاغا، سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی وەرگرتنی ئیمتیازاتی خانەنشینی رەتدەکاتەوە.

بەپێی نووسراوێکی رەسمیی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، کە بۆ هەریەک لە سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانو حکومەتی ئاراستە کردووە، ئاشکرایکردووە؛ کە بە پشتبەستن بە فەرمانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣٣) ی ٢٠١٠/١٢/٢٨، بڕیار دراوە بە دەستلەکارهەڵگرتنی جەلال عومەر سام ئاغا، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی لە پۆستەکەی.

لە بەشێکی تری ئەو نووسراوەدا کە کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، هاتووە؛ کە جەلال سام ئاغا هیچکام لە ئیمتیازاتەکانی ئۆتۆمبێلی دیوانو پاسەوانی وەک وەزیرە خانەنشینەکانی پێشوو لەگەڵ خۆی نەبردووەو وەرینەگرتووە، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی نووسراوی ژمارەی (٢٣٣)ی سەرۆکایەتیی هەرێم هەریەک لە جەلال سام ئاغا، سەرۆکی دیوانی چاودێریی لە سلێمانیو جەرجیس حەسەن عەبدوڵڵا، سەرۆکی دیوان لە هەولێر بە پلەی وەزیر خانەنشین کراون.

# فشاری خۆپیشاندەران، کارەبای کەرکوکی زیادکرد

رۆژنامە

بەهۆی فشارو خۆپیشاندانی هاوڵاتییانەوە بەرپرسانی ئیدارەی کەرکوک ناچاربوون ئەو بەشەکارەبایە ببڕن کە لە کەرکوکەوە رەوانەی هەندێک لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەکرا.

دوێنێ دانیشتووانی ناحیەی پردێ خۆپیشاندانێکیان بەهۆی کەمیی کارەباوە لە ناحیەکەیان دەستپێکرد، بۆ ئەو مەبەستەش رێگەی سەرەکی (هەولێر- کەرکوک- سلێمانی)یان گرت، دانیشتووانی ناحیەکە تا ئێوارەیەکی درەنگ بەردەوام بوون لە خۆپیشاندانو لەلایەن بەرپرسانی ئیداریی شارەکەشەوە سەرجەم ئەو برە کارەبایە بردراوە کە لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای کەرکوکەوە دەدرێت بە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق.

لەلایەن خۆیانەوە هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش هەوڵیانداوە بە دەستڕێژی گوللە بەسەریاندا، خۆپیشاندەران بڵاوە پێ بکەن، بەڵام دانیشتووانی ناحیەکە تا ئێوارەیەکی درەنگ بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسو ناحیەکانی کەرکوک رایگەیاند: لەژێر کاریگەریی خۆپیشاندانەکەی ناحیەی پردێ، سەر لە ئێوارەی دوێنێ پارێزگاری کەرکوکو بەڕێوەبەری دەزگا ئەمنییەکانو ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، چوونەتە سەر وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای (دوبز) و (مەلا عەبدوڵڵا)و بڕی ئەو کارەبایەیان بڕیوە کە لەو دوو وێستگەیەوە دەدرێت بە پارێزگاکانی باشوور.

هاوڵاتییانی سنووری پارێزگای کەرکوک، بەرپرسانی ئیدارەی شارەکە بەکەمتەرخەم دەزانن لە چارەسەرکردنی کێشەی کارەباداو لە خۆپیشاندانەکەی ناحیەی پردێش، هاوڵاتییانی خۆپیشاندەر داوایانکرد، بەرپرسانی ئەو ناوچەیە لە پۆستەکانیان لاببرێن.



فۆتۆ: ئاکانیوز

## بۆچوونی هاوڵاتییانی کوردستان لەسەر راپەڕینەکەی تونس

# هاوڵاتییەک: سەرکردە کوردەکان وریای خۆتان بنو پەند لەو رووداوە وەربگرن



شاڵاو فەتاح

لە ئێستادا راپەڕینی تونس سنوورەکانی تێپەڕاندووەو کاریگەریی لەسەر ناوچەکە بەگشتیی دروستکردووە. راپەڕینەکە دوای ئەوە هات، کە لەپاش چەندین ساڵ سەرکوتکردنی ئازادییو نەبوونی کارو نزمیی ئاستی ئابووریی، دەسەڵاتدارانی تونس ئامادەنەبوون گوێ لە داواکارییەکانی هاوڵاتییان بگرن.

خۆسووتاندنی گەنجێک بە ناوی محەمەد بوعەزیزی (٢٦) ساڵ، بووە هۆی هەڵگیرسانی گڕی راپەڕینەکەو لە ماوەیەکی کەمدا سەرۆکی وڵاتیان ناچار بە چوونە دەرەوە کرد.

راپەڕینەکە کاریگەرییەکی ناوچەیی ئێجگار گەورەی هەیەو ترسی زۆری لە لای تەواوی دەسەڵاتدارە تاکڕەوەکانی ناوچەکە دروستکردووە، لە جەزائیر گەنجێک لەسەر شێوەی محەمەد، خۆی دەسووتێنێتو لە ئەردەنیش هاوڵاتییان لەسەر شێوەی خۆپیشاندەرانی تونس، نان بەرزدەکەنەوە، هاوڵاتییانی میسریش راپەڕینەکەی تونس بەرز دەنرخێننو لە میدیای ئۆپۆزسیۆنی میسرییدا بە «زیندوویی رۆحی گەلی تونس» ناوزەدی دەکەن، وێنەی ئاڵای تونسو نەخشەو شەهیدی ئەو وڵاتە، محەمەد بوعزیزی، لەسەر پرۆفایلی هاوڵاتییانی جەزائیر تا تورکیا دانرابوو، لەنێویاندا هەرێمی کوردستانیش.

هاوڵاتییان راپەڕینەکەیان وەک ئاماژەیەکو «زەنگێک» بۆ سیاسییە تاکڕەوەکانی ناوچەکە لە قەڵەمدەدا، هاوکار عەلی (٢٣) ساڵ، پێیوابوو؛ بەرەنجامی لەو شێوەیە «شتێکی ئاساییە»، ئەمەش بەهۆی ئەو زوڵمو ستەمە زۆرەی لە هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە کراوە.

هاوکار، پێیوابوو؛ ئەو هێزانەی لەم ناوچەیە کار بۆ ئازادییو مەدەنی بکەن «دەبێت گرنگیی بەو رووداوە بدەن»، چونکە بە رای ئەو رووداوەکە کاریگەریی پۆزەتیڤی دەبێت.

ئێستا زەین ئەلعابدین بن عەلی (٧٤) ساڵی، سەرۆکی پێشووی تونس لە سعودیەو لە شاری جدە دەژی، ئەمەش دوای ئەوەی لە چەند وڵاتێکەوە رێگریی نیشتنەوە لە فڕۆکەکەی کرا، عابدین لە ساڵی (١٩٨٧) بە کودەتایەکی سەربازیی هاتە سەر حوکمو بە شێوەیەکی توند مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتییانی تونس دەکرد، بەجۆرێک زۆرێک لە ئازادییە تاکەکەسییەکانی تونسی کۆنترۆڵ کردبوو.

هاوکار، پێیوابوو؛ رووداوەکە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە بۆ هەموو دیکتاتۆرو ستەمکارەکانی ناوچەکە، پەیامی ئاگادارکردنەوە لە لایەن زۆرێک لە پسپۆڕو ئاژانسە جیهانییەکانیشەوە پشتگیریی لێدەکرێتو پێیانوایە؛ ئەم راپەڕینە بەهایەکی سیمبولیی ئێجگار گەورەی هەیە لە ئاگادارکردنەوەی گەلانی ناوچەکە بۆ راپەڕین.

بەڵێن عوسمانی رۆژنامەنووسیش پێیوابوو؛ راپەڕینەکە «کاریگەریی لەسەر شەقامی کوردی هەیە»و زەنگێکی ئاگادارکردنەوەشە بۆ تەواوی دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە. بەڵێن، پێیوابوو؛ ئیدی لەمەودوا «خەڵک بە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەڵێن، وریای خۆتان بنو پەند لەو رووداوەی تونس وەربگرن»، ئەمە جگە لەوە، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە راپەڕینەکەی تونس ئەوەی دەرخست کە ئیرادەی خەڵک لە سەروو ئیرادەی دەسەڵاتەوەیەو گەر گەل ئیرادەی بەشداریی سیاسیی هەبێت، ئەوا سیاسییەکان چیدی ناتوانن یاریی بە چارەنووسی بکەن.

ئەو رووداوە بە یەکەمین راپەڕینی لەو شێوەیە دادەنرێت کە سەرکەوتوو بووبێت لە جیهانی عەرەبیدا، گۆڕینی دەسەڵات لە ناوچەکەدا زیاتر بە کودەتای سەربازیی، یاخود شۆڕشی حیزبێکی دیاریکراو روویداوە، بەڵام ئەمجارە گەل هاتە سەرشەقامو بەبێ ئاراستەکردنی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو توانییان ئیرادەی خۆیان بسەپێنن، تەنانەت راپەڕینەکە لە لایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانیشەوە شتێکی «کتوپڕو لەناکاو» بوو، هەندێک لە هێزە ناوچەییەکان تائێستاش هیچ لێدوانێکیان دەربارەی رووداوەکە نەداوە.

عەفان کوردستانی، خوێندکاری زانکۆی ئەمریکی لەسلێمانی خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەو راپەڕینە دەربڕی، عەفان، پێیوابوو؛ راپەڕینەکە جگە لە هەستی خۆشیی، «باوەڕو گڕوتینێکی نوێی بەخشیوە بۆ داواکردنی مافەکانمانو هەست بە زیندووبوونەوەی هێزی میللەت دەکەم»، راپەڕینەکە گڕوتینی زیاتری بەخشیوە بە لاوانی باکووری ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

وڵاتی تونس، وڵاتێکی عەرەبی باکووری ئەفریقایەو دانیشتووانی (دە ملیۆن) کەسە، ئەم وڵاتە لە لایەن عوسمانییو دواتر فەرەنسییەکانەوە حوکمکراوە، لە ساڵی (١٩٥٧) تونس سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا بە شۆڕشێک کە حەبیب بورقێبە، سەرکردایەتیی دەکردو دواتریش بووە سەرۆکی تونس، ناوبراو پاش (٣٠) ساڵ لە حوکم کودەتایەکی سپی بەسەردا کرا، لە لایەن زەین ئەلعابدینی سەرۆک وەزیرانەوە، دوای زیاتر لە نیو سەدە لە حوکمی تاکڕەویی گەلی تونس، لە (١٥)ی ئەم مانگەدا توانییان دیکتاتۆرەکەیان لە وڵات وەدەرنێنو ئەم راپەڕینە جەماوەرییەش تائێستا بەردەوامە.

## لەسەر رووداوەکانی تونس بەغدا هاتە دەنگ، هەرێم بێدەنگە

رۆژنامە

پەرلەمانی عێراق بەیاننامەیەکی پشتگیریی لەسەر گەلی تونس دەردەکاتو سەرۆکی لەکارلابراوی ئە وڵاتە بە دیکتاتۆر ناو دەبات، هاوکات تائێستا هیچکام لە سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لە ئاست ئەو رووداوە نەهاتوونەتە دەنگو ئەندامێکی لیژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت: «پێویست بوو هەرێمی کوردستانیش هەڵوێستی هەبێت».

لەپاش رووداوەکانی هەفتەی رادبردووی وڵاتی تونسو تەوژمی خۆپیشاندانو ناچارکردنی زەین ئەلعابدین بن عەلی، سەرۆکی بە بەجێهێشتنی دەسەڵات ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کە کۆپییەکی بۆ رۆژنامە نێردراوە ستایشی هاوڵاتییانی تونس دەکات لە رووخاندنی رژێمی زەین ئەلعابدین بن عەلی و دەڵێت: «لەدوای رووخاندنی سەدام وا ئەمڕۆ دیکتاتۆری تونس بە دەستی گەلەکەی دەڕووخێنرێتو نازانین سبەی کام گەلی تر لە دژی ستەمکارێکی تر رادەپەڕێت، ئەو رووداوەی تونس ئامۆژگارییەکە بۆ هەموو فەرمانڕەوایەکی ستەمکار».

ئەوە لە کاتێکدایە تائێستا هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتییو ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانەوە هەڵوێستێکی رەسمییان سەبارەت بەو رووداوە نەبووە.

لەو بارەیەوە د.ئەحمەد وەرتێ، جێگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانو رۆشنبیرییو راگەیاندنو شوێنەوارەکانی پەرلەمانی کوردستان بە گرنگی زانی هەرێمی کوردستانیش هەڵوێستێکی لەو بارەیەوە هەبێتو بە رۆژنامەی راگەیاند: «نازانم هۆکار چییە هەرێم لەو مەسەلەیەدا بەدەنگ نەهاتووە، کە پێویست بە هەڵوێستێک دەکات رەنگیشە لە داهاتوودا هەڵوێستی هەبێت».

د.ئەحمەد وەرتێ، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەو رووداوانەی لە وڵاتی تونس روویدا، کارێکی گرنگ بوو و بووە دەستپێکی گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناوچەکەداو کاریگەریی لەسەر ناوچەکەش دەبێت، وتیشی: «دەبوو هەرێمی کوردستان، یان روونکردنەوە، یان بەیاننامەی پشتگیریی گەلی تونسی دەربکردایەو ئێستاش دەتوانێت ئەو کارەبکات، نەک زیاتر دوابکەوێت».

کابینەی پێنجەم لە تورکیاو کابینەی شەشەم لە ئێران نزیک دەبێتەوە 4

# «تەقە بەسەر خوێندکارە خۆپیشاندەرەکاندا کرا»

ڕۆژنامە



دژی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە، دوێنـێ (دووشـەمـمـە)، جارێکی تر خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری سلێمانی، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتیی پـەروەدەی سلێمانی سازکرد.

لەمیانی خۆپیشاندانەکەدا کە ژمارەیەکی بەرچاوی خوێندکاران بەشدارییان تێداکرد، خوێندکاران داوایـانـکـرد، تاقیکردنەوەی (١٢)ی ئـامـادەیـی لـە سـەر (١٠٠) نمرە ئەنجامبدرێتو ئەو بڕیارەی پێشتر وەزارەتـــی پـــەروەردە لەوبارەیەوە داویەتی، هەڵبوەشێنرێتەوە.

هاوکات، خوێندکاران بۆ ماوەی چەند سەعاتێک، ڕێگای سەرەکیی بەردەم بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی سلێمانییان گرتو لەکاتی ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسی دادی سلێمانیشداو بەهۆی داخستنی ڕێگاکەوە، پۆلیسەکان تەقەیان بەسەر خۆپیشاندەراندا کردو دواتریش لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی چالاکیيە مەدەنییەکانەوە، بە ئامێری کارەبایی دەستیو بۆ کردنەوەی ڕێگاکە، بڵاوە بە خۆپیشاندەران کرا.

لەلایەکی دیکەوەو بۆ هەمان مەبەست، خوێندکارانی خوێندنگا ئامادەییەکانی شاری هەڵەبجە، خۆپیشاندانێکیان بۆ بـەردەم بەڕێوەبەرێتیی پـەروەردەی هەڵەبجە ئەنجامداو داوایـان کرد، وەزارەتـی پـەروەردە، ئەو بڕیارەی هەڵبوەشێنێتەوە.

نـاڕەزایـیـەکـانـی خوێندکارانی ئامادەیی دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارێکی ساڵی پاری وەزارەتـی پـەروەردە، کە تێیدا کۆنمرەکانی هەرسێ قۆناغی (١٠، ١١، ١٢) حسابدەکرێن بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆو پەیمانگاکانو خوێندکاران داوادەکەن تەنیا (١٠٠٪)ی کۆنمرەکانی قـۆنـاغـی (١٢) حـسـاب بـکـرێـت بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆو پەیمانگاکان نەک کۆنمرەکانی قۆناغی (١٠، ١١).

# حکومەت تەنیا (٩-١٠) سەعات کارەبا بە هاوڵاتییان دەدات

سەنگەر کوردە

هاوکات لەگەڵ دابەزینی پلەکانی گەرما لە هەرێمی کوردستان، پێدانی کارەبای نیشتمانیی بە هاوڵاتییان کەمدەبێتەوە بەشێوەیەک لە شەوو ڕۆژێـکـدا تەنیا (٩-١٠) سەعات کـارەبـای نیشتیمانی دەدرێـتـە هاوڵاتییان.

سیروان محەمەد، لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی کارەبای سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە کەمبوونەوەی پێدانی کارەبای نیشتمانیی بە هاوڵاتییان دووپـاتـکـردەوەو ڕایگەیاند: ئەو خشتەیەی پێشتر لە مانگی (١٢)دا دانرابوو بۆ پێدانی کارەبای نیشتمانیی، نەتوانرا وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، ئـەوەش بـەهـۆی نزمبوونەوەی پلەکانی گەرماو زیادبوونی خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا لە لایەن هاوڵاتییانەوە لـەم وەرزەدا، کە وایـکـردووە سەعاتەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانیی کەمبێتەوەو تەنیا لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا لە شاری سلێمانی خواستی کارەبا نزیکەی (١٠٠) مێگاوات زیادی کردووە.

لـێـپـرسـراوی ڕاگـەیـانـدنـی بەڕێوەبەرێتی گشتیی کارەبای سلێمانی ئەوەشی خستە ڕوو؛ لە ئێستادا «نزیکەی (٥٥٠) مێگاوات کارەبامان هەیە بۆ شاری سلێمانی، لەکاتێکدا شاری سلێمانی پێویستی بە نزیکەی (٩٧٥) مێگاوات کارەبا هەیە، بۆیە ئەمە وایکردووە کە لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا تەنیا (٩-١٠) سەعات کارەبا بدرێت بە هاوڵاتییان، هەروەها هۆکاری کەمبوونەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی بەکارهێنانی ئامێرە کارەباییەکان لـە لایـەن هاوڵاتییانەوەو کێشەکە لەلای ئێمە نییە».

هۆکارێکی دیکەی کەمبوونەوەی کارەباش، بۆ لەکارکەوتنی دوو یەکەی بەرهەمهێنانی کارەبا دەگەڕێنێتەوە، جگە لەوەی «بەشێک لە وێستگەکانی سەقەر کە لە هەندێک ناوچەی سلێمانی هەیە کە بە گاز کاردەکەن، بـەڵام بەهۆی کەمیو نەبوونی گازەوە ناتوانرێت ئیشیان پێبکرێتو لە ئێستادا سوودیان لێوەرناگیرێت».

# مانگانە (٦٠)ملیۆن لە دیوانی وەزارەتێکدا بەفیڕۆ دەڕوات

ڕۆژنامە

ڕۆژانـە نزیکەی (٣٧٠) فەرمانبەری بێکار لە وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوەدا دەوام دەکەنو مانگانەش مووچە وەردەگـرن، کۆی مووچەی فەرمانبەرانی ناو دیوانی وەزارەتیش کە مانگانە بێ ئەوەی کاریان هەبێت وەریدەگرن، زیاتر لە (٦٠) ملیۆن دینارە.

دوای ئەوەی بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٦٧١) لە ٢٠٠٩/١١/٣ ئەم وەزارەتی مافی مرۆڤە هەڵوەشایەوە، تائێستاو ماوەی (١٤) مانگە (٣٧٠) فەرمانبەر لەو وەزارەتـەدا بەبێ کار دەوام دەکەنو بە ملیۆنان پارە مووچە وەردەگرن.

**لەوبارەیەوە وتارێکی وتەبێژی پێشووی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە لاپەڕە (١٥)دا بخوێنەوە**

# پارێزگاری سلێمانی، تەلەفزیۆنو سەتەلایت لە خوێندنگەکان قەدەغە دەکات

# وەزارەتی پەروەردە: پارێزگار دەسەڵاتی بڕیاری وای نییە

پشتیوان سەعدوڵڵا

لەڕێی بریارێکەوە پارێزگاری سلێمانی تەلەفزیۆنو ئامێری سەتەلایت لە ژوورەکانی ئیدارەو مامۆستایانی قوتابخانەکانی سنووری پارێزگاکە قەدەغە دەکـاتو هاوکات، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە، دەڵێت: «ئەو بڕیارە لە دەسەڵاتی پارێزگاری سلێمانیدا نییەو ئەو بڕیارە خەرقی یاسایە».

لەنووسراوێکدا کە ڕۆژی(١/١٦) بـڵاوکـراوەتـــەوەو ئـاراسـتـەی بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی پەروەردەی (سلێمانی، شـارەزوور، ڕانیە) کراوە، هاتووە: «پارێزگاری سلێمانی، بڕیاریدا کە سـەرجـەم تەلەفزیۆنو ئامێری سەتەلایت لە ژوورەکـانـی ئیدارەو مامۆستایانی قوتابخانەکان لاببرێن».

ئیسماعیل بەرزنجی، وتەبێژی وەزارەتـی پـەروەردە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو بڕیارە لە دەسەڵاتی پارێزگاری سلێمانیدا نییە، بەڵکو لە دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردەدایە، ئەو بڕیارە خەرقی یاسایە، ئێمە لە وەزارەت قسە لەگەڵ پارێزگاری سلێمانیو بـەڕێـوەبـەری گشتیی پـەروەردەی سلێمانی دەکەین بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارەکە».

هەرچەند وەزارەتـی پـەروەردە بڕیارەکەی پارێزگاری سلێمانی بە نایاسایی ناودەبات، بەڵام م. جەبار حەمە ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، ئەوەی خستەڕوو: «پارێزگاری سلێمانی، سەرۆکی یەکەمی ئیداریی پارێزگاکەیەو بڕیارەکەی دەنێرین بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکان».

## پاشماوەی... دەسەڵات لەڕێگەی یاسای ئاسایشەوە...

سەبارەت بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم کە سـەر بە سەرۆکی هەرێم دەبێت، وتی: «پێویستە سەر بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت (نەک سەرۆکی هەرێم) وەک ئەو دەزگایانەی سەر بە وەزارەت نینو سەرۆکی حکومەت خۆی سەرۆکایەتی دەکات، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کاری ئەم ئەنجومەنە لەژێر چاودێریی پەرلەمان بێت، نەک تەنیا لەبەردەم سەرۆکی هەرێم بەرپرسیاربێتو ئەو کات ناچێتە ژێر چاودێرییەوە».

هـەروەها لـە (مادەی سێ- بڕگەی یانزە)ی پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایشدا کە باس لە (پاراستنی ئاسایشی گەیاندن) هاتووە، ئەو شارەزا ئەمنییە وتی: «بەپێی ئەم دوو بڕگەیەی دوو پرۆژەیاساکە بێت هەموو کارو چالاکییەکی سیاسییو حیزبییو پیشەییو سەندیکایی لە هەرێمی کوردستاندا تەنانەت پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان دوو هاوڵاتیی ئەم هەرێمەش، قابیلی سانسۆرو کۆنترۆلکردنە».

سەبارەت بە پرۆژەیاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمیش وتـی: نابێت ئەم دەزگایانە بە هیچ شێوەیەک بە ئەرکی چاودێریو بەدواداچوونی سیاسیی حیزبو ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان هەستن، کە ئازادییو مافە دەستوورییەکان پێشێل دەکات.

لەلایەکی ترەوە بەکر بایز، شارەزای ئەمنیی سەبارەت بە هەردوو پرۆژەیاساکە وتی: «هیچ کام لەو دوو پرۆژەیاسایە لەگەڵ گۆڕانکارییە نەرمو دیموکراسییەکانی سەردەمو کرانەوەدا نایەنەوەو دوورن لە سرووشتی ئەو مۆدێلە تازەیەی ئاسایش، کە لە دنیای پێشکەوتوو و دیموکراسیدا بە ئاسایشی نەرم (أمن مرن) ناسراوە، کە لە دابینکردنی ئاسایشو ئارامیدا زیاتر پشت بە کۆمەڵانی خەڵک دەبەستێت، نەک بەکارهێنانی چەکو زەبرو زەنگ.

هاوکات دوێنێ لیژنەی ناوخۆو یاسایی پەرلەمان سەبارەت بەو دوو پرۆژەیاسایە کۆبووەوە، ئیسماعیل مەحمود، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان وتی: هەردوو پرۆژەیاساکە بەدەر نییە لە کەموکورتیو ڕای جیاواز هەیە لەلایەن ئەندامانی هەردوو لیژنەوە.

نەریمان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری گـۆڕان لە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی دوێنێ وتی: «دوێنێ لە کۆبوونەوەکەدا هەردوو لیژنەکە نەگەیشتینە هیچ ڕێککەوتنێک، بەهۆی بوونی ڕای جیاواز لەسەر هەردوو پـرۆژەکـە»، وتیشی: «ئێمە پێمانوایە؛ ئەم پرۆژانە مەسەلەیەکی نیشتمانییو نەتەوەیین، پێویستە ڕاوێژ بە هەموو لایەک بکرێو گوێ لە خەڵکی شارەزا بگیرێت، پێویستە بۆ کاتێکیتر دوابخرێت».

## پاشماوەی...ئیسلامییەکان دەیانەوێت دەستوور ...

«چونکە هەندێک لە بەندەکانی پێویستی بە دەستکاریی هەیە لە ڕوانگەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر عێراقو ناوچەکە هاتووە».

هەروەک د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی، بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەستوورەکە کەموکوڕیی زۆری تێدایەو بایی ئەوە هەیە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکاتەوەو لە ماوەیەکی زوودا بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام ئەوەی بـەلای ئێمەوە گرنگە لـەو بۆشاییە دەستوورییە دەربچین کە هەیە، چونکە دەبوو زۆر لە پێش ئێستاوە لە کوردستان دەستووری خۆمان هەبوایە».

# پەندی تونس

ئازاد چالاک

ڕۆشنبیران ڕاست دەکـەن کـە دەڵـێـن هەموو دیکتاتۆرەکانی دنیا، هەرچۆنێک بن، ڕەنگو شکڵو ڕەگەزیان زۆر لێکدەچنو چارەنووسیان وەک یەک دەبێتو دەرسو پەندیش لە یەکترو هی پێش خۆشیان وەرناگرن.

هەموویان پێیانوایە کە ئەوان دیکتاتۆر نینو خەڵک خۆشی دەوێـنو ئامادەن بە گیانو خوێنی خۆیان بیانپارێزنو پێیانوایە، ئەگەر ئەوان نەبن، هاوڵاتییانیان لەناودەچنو ئەگەر زیرەکییو میهرەبانیی ئەوانیش نەبێت، ئەوا خەڵکەکەیان بەگورگانخواردوو دەچنو دەسەڵاتیش بۆ ئەوان فەرزەو ویستێکی ئیلاهی هەیە.

ڕۆژی هەینی (١/١٤)، سەرۆکی تونس خۆیو کەسە هەرە نزیکەکانی وڵاتیان بەجێهێشتو لە شاهەنشایەتی عەرەبنشینی سعودیە، گیرسایەوەو ئەم ڕاکـردنو هەڵاتنەی بن عەلی، بەپێی پرۆتوکولو بۆ حەجو عەمرە، یاخود بۆ زیارەت نەبوو.

سەرۆکی تونس، تەنیا (٢٣) ساڵ حوکمی تونسی کردو ئەگەر بە ڕژێمە عوروبییەکانی تر بەراوردبکرێت، دەبینین کە حاکمی (٤٢)ساڵیمان هەیەو ئەگەر بە ڕژێمەکانی باوکو کوڕ، یاخود بەحیزبی سەرکردەو بنەماڵەکان بەراورد بکەین، ئەوا نموونەکان ئێجگار زۆر دەبنو ئەوکات، دەبێت بە چاوی بەزەییەوە سەیری بن عەلی بکەین!

پێش چـوار ڕۆژ لە ئیعدامکردنی شاوشیکۆو خێزانەکەی کە تا ئەمرۆ ئێسکو پروسکیشیان دیار نییە، لە تەمەنی (٢٤ )ساڵەی فەرمانڕەوایی خۆیدا وەک سەرۆکی ڕۆمانیا، سەردانی ئێرانی کردو لەوێ لێیان پرسی کە ئایا ڕووداوەکانو گۆڕانکارییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بەرەو کوێ دەڕۆن، بەتایبەت دوای ڕووخاندنی دیواری بەرلینو گۆڕینی چەندین وڵاتی هاوشێوەی وڵاتەکەی ئەو، لە وەڵامدا بە پێکەنینەوە وتی، ئێوە خەڵکی ڕۆمانیا ناناسن کە چەند دڵسۆزی سەرۆکی خۆیانو چەندیان خۆشدەوێت، دەبێت لەوە دڵنیابن کە ئەگەر بێتو شۆڕەبی هەرمێ بگرێت، گۆڕان لە ڕۆمانیا ڕوو نادات.

ساڵی (١٩٨٧)، سەرۆکی تونس دوو سندووقی بۆ بێکارانو بیمەی کۆمەڵایەتی (ضمان اجتماعي) دروستکردو دوای چەند ساڵێکیش بەڵێنی بە تونسییەکان دا کە نزیکەی نیو ملیۆن وەزیفەو هەلی کار بۆ هاوڵاتییانی بدۆزێتەوە، بەڵام هیچی بەجێنەهێنا.

ئابووریی تونس لەچاو وڵاتانی عەرەبی خاوەن نەوت، لاوازەو جگە لە گەشتوگوزارو هەندێک پرۆژەی خزمەتگوزارییو کارگەی بچووک، داهاتێکی ئەوتۆی نییەو بەرامبەر نەبوونی هەلی کـارو دامەزراندنی دەرچووی کۆلێژەکان، دەستەوەستان بوو، هاوڵاتییانی تونس بە چاوی خۆیان دەیانبینی کە خانمی یەکەمو کوڕو زاواکانیان، چۆن یاریی بە داهاتو سەروەتو سامانەکەیان دەکەنو چۆن ئەو سەروەتە بۆ دەزگا ئەمنییە تایبەتەکانیان سەرف دەکەنو چۆنیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەوڵی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی هاوڵاتییانو بە سەربازکردنی کۆمەڵگە دەدەن بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان.

سەرکردەکانی تونس، ئەوەیان لەبیرچووبوو کە گەلەکەیان خاوەنی شاعیری وەک (ابوقاسم الشابیە) کە خاوەنی شیعرە بەناوبانگەکەی (اذا الشعب یوما اراد الحیاة فلا بد ان یستجب القدر)ە، ئەگەر ڕۆژێک گەل ئیرادەی ژیانی هەڵبژارد، ئەوا قەدەریش ناتوانێت بە دەنگییەوە نەیەتو هەروەها خاوەنی شاعیری وەک بەیرەم ئەلتونسیە، کە شـیـعـرەکانی بوونە هەوێنی بەرەنگارییەکانی ساڵی (١٩١٩)ی هاوڵاتییانی میسر.

کاتێک ئەجەلو نیهایەتی دیکتاتۆرەکان نزیک دەبێتەوەو لەگەڵ جـەمـاوەر ڕووبـەڕوو دەبنەوە، لایەنگرانو دۆستەکانیان پشتیان تێدەکەنو خۆیان ناکەنە خاوەنیان، هەروەک ئەوەی تووشی نەخۆشی گرویی، یاخود ئیفلاسبوون بووبن کەسیان بەدەورەوە نامێنێت.

لە وڵاتە دیموکراسییەکانی دنیا، سەرۆکەکانیان لە سەرۆکە عەرەبەکانو ڕۆژهەڵاتییەکان ژیرترو بەتواناترو پێشکەوتووترن، بەڵام ئەوان بەردەوام پشت بە کاری زانستییو موئەسەساتی دەبەستن، بۆ خۆیانو دەستوورەکەیان بە ڕەوا نابینن کە لە هەشت ساڵ زیاتر حوکم بکەنو دەبنەوە هاوڵاتیی ئاسایی، کەچی لای ئێمە حیزبو کورسی حوکم هەتا هەتاییەو پاش سەرۆکەکانمان دەســەڵات بۆ بنەماڵەکانیان دەگوێزرێتەوەو پاوان دەکرێت.

تەنیا فەقیرییو نەبوونی نان، شۆڕشو ڕاپەڕین بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو بەردەوامبوونی ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتیو گەشەسەندنی بیری نوێو ڕۆشنبیرییو سووربوون لەسەر خواستە دیموکراسیو ئازادییە هەمەلایەنەکان، دەبنە فاکتەری ئەستووربوونی ڕقی پەنگخواردووی چینو توێژەکانی خەڵکو تەقینەوەی ئەو ڕقە جەماوەرییەش، دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی مێژوویيو سەروبنکردنی وێنەو هاوکێشە چەقبەستووەکان، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم، کەسیان پەندو عیبرەت وەرناگرن.

# چ دەزگایەکی کوردستانی دەبێتە مەرجەعی نوێنەرانی کورد؟

## پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانیی: لە بەغدا بەرەڵاییە، نوێنەرانی کورد ئاگایان لەیەکتر نییەو ترسیشیان لە لێپرسینەوە نییە





راپۆرتی: بەرزان عەلی حەمە

تا ئێستا روون نییە، ئەگەر نوێنەرانی کورد لەبەغدا (وەزیر، پەرلەمانتار، نوێنەری کورد لەپۆستەکانی دیکە) هەڵەیەک بکەن کە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی کورد بێت، کێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکاتو کام دەزگایە مەرجەعی لێپرسینەوەی مافو پرسە ستراتیژییەکانی کوردە لەعێراقدا.

بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمانی کوردستان، دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسییو دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەپرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراقو دەبێت نوێنەرانی کورد بگەڕێنەوە سەر پرسو رای پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، یەکێک لەگرفتە گەورەکانی نوێنەرانی کورد لەبەغدا، ئەوەبووە کە هیچ دامەزراوەیەک وەک مەرجەعی نوێنەرانی کورد لەبەغدا لەکەموکورتیی نوێنەرانی کوردی نەپرسیوەتەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١١)ی عێراق کردو پەرلەمانتارە کوردەکان لەو دانیشتنە، وەک نارەزاییەک دانیشتنەکەیان جێهێشتو ئەوەش دوای ئەوە دێت کە سەرجەم وەزیرە کوردەکانی حکومەتی پێشوو، بە کەموکورتییەکی زۆرەوە کە کاریگەریی بۆ سەر بودجەی (١٧٪)ی هەرێم هەیە، ئیمزایان لەسەر بودجەکە کرد.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان، نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بەوەی کە گەلی کورد لەهەرێمی کوردستاندا، هیچ مەرجەعێکی نییەو کەسیش لە لێپرسینەوە ناترسێتو باجی هەموو ئەو کەموکورتییانەش میللەت دەیداتو دەڵێت: «موشکیلەی کورد ئەوەیە کە مەرجەعی نییەو کەسیش لێپرسینەوە لەکەس ناکات، هەر کەسەو بەکەیفی خۆیەتی، وەزیرەکان بەکەیفی خۆیانە، پەرلەمانتارەکان بەکەیفی خۆیانە، هەرێم بەکەیفی خۆیەتی، لەبەرئەوە بەرەڵاییەکەو ئاگایان لەیەکتر نییەو ترسیشیان لەهیچ لێپرسینەوەیەک نییە».

لەو سەروبەندەدا، ساڵی رابردوو لەکاتی دارشتنو دانانی پەیڕەوی کارکردنی (ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان)، بەندێک دیاریکرا کە پەرلەمانی کوردستان دوا وێستگەو مەرجەعی کارکردنی ئیئتیلافەکەیە لەکاتی دانوستاندنی نێوان وەفدی کوردیو لایەنەکانی تر بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو ئەنجامانەی بەدەستیدەهێنن.

مەحمود عوسمان، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا نەبووە، لە پەیڕەوی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا بنووسرێت، پەرلەمانی کوردستان «مەرجەعە»، لەبەرئەوەی وەک ئەو پەرلەمانتارە وتی: «دەمزانی کە ئەوە نابێتو زەحمەتەو ناگەڕێتەوە لای پەرلەمانی کوردستان، من پێموتن، شتێک مەنووسن کە جێبەجێ نەکرێت، فیعلەن نەگەڕاوەتەوە لای پەرلەمانی کوردستانو گەڕاوەتەوە لای سەرۆکی هەرێمو سەرۆک کۆمارو سەرۆکی پەرلەمانیش لەکۆبوونەوەکان ئاگادارکراوە».

مەحمود عوسمان، نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێت بەوەی کە بەهۆی هەڵەی وەزیرە کوردەکانەوە، سێ هەفتەیە باسی بودجە دەکەنو پەرلەمانتارە کوردەکان لەهەولی ئەوەدان، چاک بکرێت: «ئەگەر وەزیرە کوردەکان واژۆیان لەسەر نەکردایە، ئەو کێشەیەمان تووش نەدەبوو، جگە لەوەش بەرپرسانی هەرێمیش ئاگایان لەوە نییە، دەبێت لەگەڵ حکومەتی بەغدا دابنیشنو چاکی بکەن، دکتۆر بەرهەم بەرپرسە لەوەو چەندینجار وتیان دێتو چاکی دەکات، بەڵام تا ئێستا نەهاتووەو هیچیشیان چاک نەکردووە، ئێمەش لێرە جارێک دوو جار ناتوانین لەوە زیاتر دوای بخەین، چونکە کەمایەتین لەپەرلەماندا».

زانا رۆستایی، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامیی، وتی: «بەداخەوە، تا ئێستا مەرجەعێکی دیاریکراو نییە، لەبەرئەوەی یەک لایەنی کوردی نییەو هەر لایەنێکمان بەجیا حیزبو لایەنێکینو لیستەکەی خۆمان دەبێتە مەرجەع، لەسەر ئاستی نەتەوەو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، شتێکمان نییە بەمەرجەع دابنرێت بۆ ئەو پرسانە، بێگومان ئەوە کەمتەرخەمی بوو لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان کە نەگەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانو دەبوو پێش ئەو دانوستاندنانە لە گفتوگۆیەکی کراوەدا لەپەرلەمانی کوردستان، باسیان بکردایەو دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بۆ وەربگیرایەو پاشان بەشداریی حکومەتی عێراق بکەین، ئەوە پێچەوانەی ئەو پەیڕەوە بوو کە بۆ ئیئتیلافەکە دانرابوو».

بزووتنەوەی گۆڕان، لەسەروبەندی هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ساڵی رابردووی پەرلەمانی عێراقدا، کارنامەیەکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (کارنامەیەک بۆ لێدوان)، کەلەوێدا گۆڕان چەند پرسیارێک بەکراوەیی سەبارەت بە هاوەدەنگیی وەزیرەکانو پارلەمانتارانی بەغداو هەولێر دەخاتەڕوو، پرسیویەتی، ئایا فراکسیۆنی کوردی لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە بەغدا، سەربەخۆو بە جیا لە پەرلەمانی کوردستان کار دەکات؟، یان هەردوو فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغداو هەولێر بە تایبەتیو فراکسیۆنە کوردییەکانی بەغدا بەگشتیی، لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان بە هاوەدەنگییو هاوئاهەنگیی کاردەکەن؟، ئایا وەزیرە کوردەکانی ناو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەبەغدا، سەربەخۆو بە جیا لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن؟

د.لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، باس لەوە دەکات، کە کاتێک لە فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا بوون، بەندێک دیاریکرا کە پەرلەمانی کوردستان مەرجەع بێت بۆ مەسەلەی دانوستاندنەکانی ئیئتیلافەکە لەبەغدا، بەڵام «هیچ شتێک نەهێنرایە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی مادەی (١)ی ساڵی ٢٠٠٥، پەرلەمان مەرجەعی پرسە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستانە، بۆیە دەبێت ئێستا پەرلەمان لێپرسینەوە بکات لەو هەڵانەو لێپێچینەوە لەهەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان بکات بەگۆڕانیشەوەو بڵێت، وەرن چیتان لەمافەکانی کورد کرد؟ چونکە ئێمە لەفراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، خۆمان پابەند کرد بەو خاڵەوەی کە بگەڕێینەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان».

پسپۆڕانو سیاسەتوانان، پێیانوایە، لەبەرئەوەی مەرجەعی سەرەکیی گەلی کورد پەرلەمانەکەیەتی، دەبێت بۆ هەموو پرسێکی ستراتیژیی نەتەوەی کورد، بەرپرسەکان بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام هیچ لیستێکی سیاسیی کە بەشداریی دانوستاندنی کرد لەبەغدا، راوێژی بەپەرلەمانی کوردستان نەکرد. د.کامەران مەنتک، مامۆستای سیاسەت لەزانکۆی سەلاحەدین، ئەوانە بەهەڵە نازانێتو پێیوایە، هەڵە ئەگەر چەندینجار لەسەر یەک دووبارە ببێتەوە، پێی ناوترێت هەڵە، بەڵکو ئەوە تاوانو خیانەتەو دەڵێت: «گەورەترین کێشە ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان لەبن دەستی حیزب قوتاری نەبووە، ئێمە پەرلەمان وەکو جوانکاریی حساب دەکەینو کورد فێر نەبووە رێز لە پەرلەمانی خۆی بگرێت، هەر وەزیرێک کە لە حکومەت دادەنرێت، ئەوە نوێنەری حیزبەکەیە، ئایا نابێت لێپێچینەوە لەهەڵەکانی بکرێت؟ پێویستە پەرلەمانی کوردستان لێپێچینەوە لە حیزبەکانیان بکات، یان لەبەرئەوەی پەرلەمان مامەڵە لەگەڵ دەزگای رەسمیدا دەکات، پێویستە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسانە بکات کە پۆستیان لەبەغدا وەرگرتووە، لانیکەم بانگهێشتیان بکات بۆ پەرلەمانو لەیەک تێبگەن».

زانا رۆستاییش، جەخت لەسەر نەبوونی لایەنی لێپرسراو بۆ لێپرسینەوە لە نوێنەرانی کورد دەکاتـەوەو دەڵێت: «تا ئێستا هیچ لایەنێک دیاریی نەکراوە بۆ لێپرسینەوە، یان گلەییکردن لە نوێنەرانی کورد لەبەغدا، تەنیا مەگەر جەماوەری کوردستانو دەنگدەران ئەو لێپرسینەوەیە بکەن».

## سەعید ئەحمەد: نازانم بۆچی لە پۆستەکەم لادەبرێم؟!

# بەرپرسێکی مەڵبەندی یەکێتی دەکرێتە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان



کۆبوونەوەیەکی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان

سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لە پۆستەکەی لادەبرێتو بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی لە جێگەکەی دادەنرێت، شارەزایەکی بواری کارگێڕیش پێیوایە؛ کە ئەم کارە تۆخکردنەوەی دەستی حیزبە لەناو حکومەتداو رەنگدانەوەی خراپی دەبێت لە رووی کارگێڕییەوە.

لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە بارەی گۆڕانکاریی لە پۆستە ئیدارییەکانی سنووری دەسەڵاتی یەکێتیدا دەستی پێکردووە، بڕیار دراوە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لە پۆستەکەی لاببرێتو کەسێکی پلە باڵا لەناو یەکێتیدا لە جێگەکەی دابنرێت.

سەعید ئەحمەد، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان سەبارەت بە لابردنی لە پۆستەکەی بە رۆژنامەی راگەیاند: هۆکاری لابردنەکەم نازانم، رەنگە حکومەت بە باشی زانیبێت کە لامبدات، کە لەو بارەیەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا دانیشتم پێیوتووم؛ تۆ پیاوێکی ماندوویتو ئیشت زۆر کردووە، ئێمەش دەمانەوێت چەند گۆڕانکارییەک بکەین.

سەرپەرشتیاری گەرمیان گومانی لەبوونی کەفائەتو بەتوانایی خۆی لە بەڕێوەبردنی ئیدارەکەیدا نییەو دەڵێت: «من بۆ خۆم ئەوەندەی لەدەستم هاتبێت بە ئیمکانیاتێکی کەمەوە کردوومە، رەنگە لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد کە مامەڵەی پارێزگا لەگەڵ گەرمیان بکرێت، ئیدارەکە جۆرە پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە بینی هەرچەندە لە ئاستی تموحی مندا نەبوو دەمویست زیاتر بکرێت، بەڵام بەوپێیەی کە بودجەیەکی دیاریکراو لەبەردەستدا نەبووە بۆ کارکردن، بۆیە هەر ئەوەندەمان پێکراوە».

هەرچەندە بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە لەلایەن (جەلال تالەبانی) سکرتێری یەکێتییەوە بەڵێن بە سەعید ئەحمەد، درابوو کە لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە، بەڵام لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە ئەو سەرپەرشتیارە دەگۆڕێت، لەوبارەیەشەوە ئەحمەد، وتی: «هیچ قسەیەکم نییە».

سەرچاوەیەکی ئاگاداریش ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە؛ کە سەلاح کوێخا بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جێگری ئێستای مەڵبەندی گەرمیان لە جێگەی سەرپەرشتیاری گەرمیان دادەنرێتو لە ئێستاشدا بڕیاری دەستبەکاربوونەکەی لە ئەنجومەنی وەزیرانە.

بەڵام سەلاح کوێخا، جەختی لە بێئاگایی خۆی کردەوە لەوبارەیەوە بۆ رۆژنامەو وتی: «جارێ ناتوانم هیچ لێدوانێک بدەم، هەتا بانگم نەکەنو بە فەرمیی بڕیارەکەم پێ رانەگەیەنن».

دیلمان محەمەد، شارەزا لە کاروباری کارگێڕیدا ئەوەی بۆ رۆژنامە شیکردەوە؛ کە باشتربوو سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان کە دەسەڵاتی پارێزگاری هەیە، بدرێتە دەست کەسانێک کە پێشینەیەکی ئیداریی پتەویان لەناو حکومەتدا هەبێت، وتیشی: «راستە دانانی پارێزگار، یان وەزیر لە رێنماییە کارگێڕییەکاندا پێویستی بە ساڵی خزمەت نییە، بەڵام بێگومان دانانی بەرپرسی مەڵبەندێکی حیزب بە سەرپەرشتیاری ئیدارەیەک، کە کەسێکی تەواو حیزبییەو هیچ پێشینەیەکی کارگێڕییو شارەزاییەکی لەو بوارەدا نییە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو حکومەتە بۆ خۆی خەڵکی بە کەفائەتی خاوەن پێشینەی حکومی لە ناوچەکەدا نییە، کە ئەمە کەموکوڕییەکە کە بۆچی تائێستا لە گەرمیاندا لەو هەموو قایمقامو بەڕێوەبەرە گشتییە کەسێک پێنەگەیەنراوە کە بتوانێت سەرپەرشتیارێتی ناوچەکە بکات، ئەمەش دژی مەبدەئی کارگێڕیەو رەنگدانەوەی خراپی دەبێت لە بواری کارگێڕیدا».

لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردوداو لەدوای بوونی دەنگۆی لابردنی ئەو سەرپەرشتیارەو دانانی کەسێکی حیزبیی لە جێگەکەی، ژمارەیەک رۆشنبیری گەرمیان لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکیان بۆ رۆژنامە ناردبوو، ئاماژەیان بەوە کردبوو؛ کە هەست بەوە دەکەن جموجۆڵێکی چڕ هەیە لە لایەن حیزبی دەسەڵاتەوە بە ئاراستەی خزاندنی کادیرە دیارەکانی خۆی بۆ ناو حکومەتو ئەو هەوڵەش بووەتە مایەی نیگەرانیی ئەوان، چونکە ئەم کارە «جگە لە گاڵتەکردن بە چارەنووسی خەڵک دژ بەپرەنسیپەکانی دوورخستنەوەی دەستی حیزب لە حکومەت، هیچی تر نییە».

هەربۆیە پرسیار لەسەر ئەوە دروست دەبێت، کە ئایا ئەو رۆشنبیرانە کە هیچ کارێکی حکومیی لەپێشینەی ئەو کادیرە حیزبییانەیان نەدیوە، بۆچی لە ئێستاوە لە دژی دانانیان لە پۆستە حکومیەکاندا بەیاننامە بڵاو دەکەنەوە، لە وەڵامیشدا دیلمان، دەڵێت: «هەموومان تەجرووبەمان هەیە لەگەڵ ئەم حیزبە سیاسییانەدا، ئەم رۆشنبیرانە تەداخولاتی حیزبییان لەناو حکومەتدا لەسەر دەستی ئەو بەرپرسە حیزبیانەدا بینیوە، هەر لەو روانگەیەشەوە دەڕواننە کاری داهاتووی ئەو بەرپرسە حیزبییانە».

جەدەلی نێوان رۆشنبیرو مەلاکان 6

## حکومەت خۆی لێ بێدەنگ کردووە

# یەکێتیو پارتی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان رازیبوون

راپۆرتی: بەهادین یوسف

**یەکێتیو پارتی ئامادەیی خۆیان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان نیشاندەدەنو ئاشکرایدەکەن؛ دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکە لە دەسەڵاتی حکومەتدایەو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی بەغداش خشتەی کاتیی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکەی ئامادە کردووە**

ماوەی زیاتر لە ساڵێکە شەرعیەتی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تەواو بووەو لە ئێستادا ئەنجومەنەکان لە بۆشاییەکی یاساییدا کاردەکەنو دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە.

بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٩)، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووەو سەرۆکی هەرێم ئیمزای کردووە، کارکردنی ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم درێژکرایەوە تا هەڵبژاردنی داهاتوو بە مەرجێک پێش کۆتایی (٢٠٠٩) ئەنجام بدرێت.

دواتریش یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پارێزگاکانی هەرێمو یاسای ژمارەی (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێم دەرچوو، کە دووبارە شەرعیەتی دایەوە بە پارێزگاکان تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو، بەپێی یاسای ژمارە (٤)یش رۆژی هەڵبژاردنەکان بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان دەکرێت بەر لەوادەی هەڵبژاردنەکە بە (٦٠)رۆژ.

### یەکێتیو پارتی ئامادەن

ئازاد جوندیانی، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەبارەت بە نەبوونی ویستی سیاسیی لەلایەن حیزبەکەیو پارتی دیموکراتی هاوپەیمانیانەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو لایەنەی کە بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە دەدات حکومەتی هەرێمو سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو دەبێت بەمزووانە لەو مەسەلەیە بڕیار بدەنو ئێمە هیچ گرفتێکمان لەسەر هەڵبژاردنەکە نییە، هەر کاتێک حکومەت بڕیار بدات بێگومان ئێمە پابەند دەبین بەو بڕیارەوە».

سەبارەت بەوەی حکومەت نوێنەرایەتی لیستی کوردستانیی یەکێتیو پارتی دەکاتو بڕیارەکان لەوانەوە وەردەگرن جوندیانی، رایگەیاند: «ئالیەتی وەرگرتنی ئەو بڕیارە چۆنە ئەوە شتێکی ترە، بەڵام کەی حکومەت بڕیاریدا، یەکێتیی نیشتمانیی پێوەی پابەند دەبێت».

سەرەتای مانگی (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٩)ش سەرۆکی حکومەتی هەرێم کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەو ئەنجومەنە لەگەڵ پارێزگاردا، بۆ قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو دیاریکردنی یاسایەکو چارەسەری ئەو کێشەیەی نێوان ئەنجومەنو پارێزگاری نوێ کە زیاتر لە (٨) مانگی خایاندووە.

بە وتەی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی: «سەرۆکی حکومەت بە ئامادەبوونی (١٣) ئەندامی ئەنجومەنو (٢) وەزیرو چەند راوێژکارێکی دووپاتی کردەوە؛ کە ساڵی داهاتوو مانگی (٣ بۆ ٤)، یان ئەگەر زۆربخایەنێت ناگاتە مانگی (٦) هەڵبژاردنەکە ئەنجام دەدرێت».

هەروەک فازڵ بەشارەتی، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی وت: «هەرچەندە من پەرلەمانتارم، بەڵام بە ناوی یەکێتیو پارتیشەوە دەڵێم؛ کە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ئەمساڵدا ئەنجام دەدرێت».

بەشارەتی، ئاماژەی بەوەشکرد؛ لە ماوەی رابردوودا چەند هەڵبژاردنێک لە کوردستان ئەنجامدراوەو مەرجیش نییە هەموو هەڵبژاردنەکان لە یەک وەرزدا بکرێت: «پێموایە پارتیو یەکێتی خۆیان بە بەرپرسی سەرەکیی دەزانن لە ئەنجامدانو پیادەکردنی هەموو پرۆسە دیموکراتییەکانو ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە پارتیو یەکێتی زۆر مەتڵەبیانە ئەو هەڵبژاردنە بکرێت».

ئەوەشی نەشاردەوە، کە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بەسەریدا رۆشتووە: «لەدوای هەموو هەڵبژاردنێک پێویستی بە خۆهێورکردنەوەیەک هەیە لەنێوان چینو توێژەکانی خەڵک، ئەو کاتە هەڵبژاردن بکرێت، بۆیە ئەمساڵ کە تێیدا پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێتو بەپێی زانیاریی من ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە لە مانگی (٥) تێپەڕ ناکات».

### بودجەو بەرنامە ئامادەیە

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستی رۆژنامەدایە، کۆمسیۆنی باڵا لە بودجەی تەرخانکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٩/٧/٢٥ نزیکەی (٢٠) ملیۆن دۆلار، بۆ خەزێنەی هەرێم گەڕاندووەتەوە، کە بەو بودجەیە دەتوانرێت هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەڕێوەببرێت.

سەرچاوەیەکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکرا کرد: «بەپێی ئەو خەمڵاندنە سەرەتاییەی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم کراوە، کۆمسیۆن پێویستی بە (٢٠) ملیۆن دۆلارە، ئەو پارەیەش لە خەزێنەی هەرێمو رێژەی (١٧٪)ی بەشە بودجەی هەرێم دەدرێت، نەک بودجەی گشتیی عێراق.

لەلایەکی دیکەوە، لە رۆژانی ٢٢-٢٠١٠/٨/٢٥ لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وۆرکشۆپێکی لە هەولێر بۆ مومارەسەکردنی دانانی پلانی راگەیاندن بۆ هەردوو قۆناغی نوێکردنەوەو دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانو ئامادەکاریی پلانێک بۆ تۆماری قەوارەکانو هاوپەیمانییەتەکانو پاڵێوراوەکانو ئامادەکردنی خشتەیەکی کاتییو بڕی تێچوون بۆ هەردوو قۆناغەکە دانرا.

کەریم تەمیمی، سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند: ئەو وۆرکشۆپە لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆنە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، کە پەرلەمانی کوردستان یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دەرکردووە، بە بێ دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنو دابینکردنی میزانیەی پێویست بۆ کاری پلانەکە.

رۆژی (٢٠١٠/٨/١٦) کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق گفتوگۆی خشتەی کاتیی پرۆسەکانی کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمو دانانی پلانی قۆناغەکانی کارە لۆجستییەکانو پرۆسەی کردنەوەی بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمو ئامادەکردنی بنکەی داتای دەنگدەرانو بردنی بەڵگەنامەکان بۆ بنکەکانی داگرتنی داتاکان لە بەغداو پڕوپاگەندەی راگەیاندنو بانگەشەی هەڵبژاردن.

# کابینەی پێنجەم لە تورکیاو کابینەی شەشەم لە ئێران نزیک دەبێتەوە

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

**کۆمپانیاو کاڵا تورکیو ئێرانییەکان هەرێمی کوردستانیان داپۆشیوەو بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە رۆژ لەدوای رۆژ لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر دەبێت، ئەمەش بە هۆی ئەو لێکنزیکبوونەوانەی کابینەی پێنجەم لە تورکیاو کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم لە ئێران دەیکات.**





بەرژەوەندیی کوردی– تورکی دروستبووەو ئێرانیش زیاتر دێتە ناوەوە

لە ساڵی رابردوودا کۆمپانیا تورکییەکان لە بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا بە پلەی یەکەم هاتن لەناو ئەو (١١) هەزارو (٤٦٩) کۆمپانیایەی کە لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، چاوەڕوانیش دەکرێت لەئەمساڵدا ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانییو سەرمایەگوزاریی نێوان هەرێمو کۆماری ئیسلامیی ئێران بگاتە سەروو (٤) ملیار دۆلار.

لە روانگەی لێک نزیکبیانەوە، د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی وەفدێکی باڵای حکومیی رۆژی ٢٠١١/١/٧ بۆ جاری دووەم لە ماوەی کابینەی شەشەمدا سەردانی وڵاتی ئێرانی کردو لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا کۆبووەوە، بەڵام لە ماوەی حکومڕانیی کابینەی شەشەمدا هیچ کات سەردانی تورکیای نەکردووە.

لە بەرامبەردا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکییەکی زۆری لەگەڵ حکومەتی تورکیادا هەبوو، بە شێوەیەک لە ماوەی حکومڕانیی کابینەی پێنجەمدا کۆمپانیا تورکییەکانی وەکو (گەنەڵ، پێت ئۆیل، دۆغان) توانیان گرێبەستی نەوتیی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بەدەست بهێنن.

رێبوار کەریم وەلی، وەک رۆژنامەنووسێکی نزیک لە میدیای تورکیا بڕوای وایە؛ کە ئەم جیاوازییە لە کابینەی پێنجو شەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی بە یەکێتیو پارتییەوە هەیە، کە سەرۆکایەتی کابینەکانی حکومەت دەکەنو هەر یەکەشیان لە یەکێک لەو دوو وڵاتەوە نزیکن.

رێبوار، دەڵێت: «پارتی روانگەی سیاسیی لە تورکیاوە نزیکەو یەکێتیش لە ئێران، ئەمەش تازە نییەو لە کاتی شەڕی ناوخۆوە دەرکەوتووە، لە دواتریشدا لە سەردەمی کابینەی پێنجەمدا کۆمپانیا تورکییەکان پشکی شێریان لە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بەرکەوت، بە پێچەوانەشەوە لە سەردەمی کابینەی شەشەمدا کۆمپانیا ئێرانییەکان پشکی شێریان بەردەکەوێت لە بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە پارێزگای سلێمانی».

لە ئێستادا کە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومڕانیی دەکات، پێدەچێت جارێکی تر کێڕڤی بەشداریی تورکیا لە هاتنە ناوەوەی بۆ هەرێمی کوردستان روو لە دابەزین بکاتو لە بەرامبەردا کێڕڤی ئێران لە هەرێمدا بەرزتر ببێتەوە.

لە بەرامبەردا کاروان جەمال، جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان رەتیدەکاتەوە؛ کە حکومەتی هەرێم پەیوەندیی لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا بەهێز بکات لەسەر حسابی وڵاتێکی تر.

کاروان جەمال، بە رۆژنامەی راگەیاند: «حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمای ئیحترامی هەردوولاو پاراستنی بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ وڵاتاندا هەنگاو دەنێت، نەک لەسەر ئەو بنەمایەی چ حیزبێک سەرۆکایەتی حکومەت دەکات لە هەرێمی کوردستاندا».

ئەوەی لەئێستادابەدیدەکرێت فراوانبوونی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ ئێراندا، هەر لەو سۆنگەیەشەوە وا بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا شارۆچکەیەکی پیشەسازیی لە نزیک سلێمانی دروستبکرێت، شاندێکی جێبەجێکاریش لە لایەن ئێرانەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

عەلی ئەکبەر مێحرابیان، وەزیری پیشەسازییو کانزاکانی ئێران لە میانی دوایین دیداری لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم رایگەیاند: «ساڵانە رێژەیەکی زۆر شتومەک هەناردەی عێراق دەکەینو وەبەرهێنەرانو بازرگانەکانی ئێمە بە باشی لە بازاڕی عێراق ئاگادارن».

لەسەر ئەرزی واقیعیش بە گەڕانەوەی شاندەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١١/١/١١ بۆ هەرێمی کوردستان، ئاغای دادوەش هاشمی، پارێزگاری کرماشان سەردانی گەرمیانو شاری سلێمانی کردو لەگەڵ بەهرۆز قەشانی، پارێزگاری سلێمانیدا یاداشتێکی لێکگەیشتنیان ئیمزا کرد.

لە یاداشتەکەدا کە (٢٠) خاڵ لەخۆ دەگرێت، ئاماژە بەوە کراوە؛ کە هەردوو پارێزگا ئاسانکاریی بکەن لە بواری ئاڵوێری بازرگانیی لە بازاڕە سنوورییە هاوبەشەکانی (تیلەکۆ، شوشمێ، شێخ سێڵە (سەرتەک)و پەرویزخان)و دیراسەی پێویستییەکانی ئەو بازاڕانە بکرێت لە رووی خزمەتگوزاریی ئاو و کارەباوە.

هەروەها ئاماژە بە ئاڵوگۆڕی زانستییو توانستە ئەکادیمییە جیاوازەکانو بەردەوامیدانی خوێندکاران لە زانکۆکانی هەردوولا کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان زانکۆی سلێمانیو زانکۆکانی کرماشان پێکدەهێنرێت.

خاڵێکی تری لێکگەیشتننامەکە تایبەتە بە ئاڵوگۆڕی زانستی لە بواری کشتوکاڵو پیشەسازییو کردنەوەی خولی کورتو درێژخایەن بۆ جوتیارانی پارێزگای سلێمانیو رێکخستنی گەشتی زانستییو راهێنانو دامەزراندنی کۆمپانیا کشتوکاڵییو پیشەسازییەکان لە سلێمانی، لەم رووەشەوە کۆبوونەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەردوو پارێزگا بەردەوام دەبێت، هەروەها ئاسانکاریی هاتوچۆی هاوڵاتییانو بازرگانەکانو کاروباری گومرگو کردنەوەی پێشانگەکانی کرماشان لە سلێمانی چەند تەوەرێکی تری رێککەوتننامەکەیە.

سەبارەت بە کردنەوەی هێڵی ئاسمانیی سلێمانی- کرماشانیش هەردوولا هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ وەرگرتنی رەزامەندیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی سەروو خۆیان، کە لە داهاتوودا کردنەوەی ئەم هێڵە ئاستی ئاڵوێرو گەشتوگوزار بەرز دەکاتەوە، پارێزگای سلێمانیش هاوکاریی کردنەوەی لقی بانکی (ملت)ی ئێرانو کۆمپانیای دڵنیایی دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا رێبوار کەریم، پێیوایە: لە ئێستادا بەرژەوەندییەکی کوردی – تورکی لە هەرێمی کوردستاندا دروستبووە، کە ناتوانین دەستبەرداری ببین، لە بەرامبەردا ئێران ئەگەرچی بەرژەوەندیشی هەیە، بەداخەوە هەندێکجار مامەڵەی جیاواز دەکات، بۆ نموونە هیچ جێگیرییەک لە دەروازەکانیدا نییە، بە کەیفی خۆی دەروازە دادەخاتو بە کەیفی خۆشی دەیکاتەوە.

## ئەبوبەکر عەلی: یەک گوتاری ئۆپۆزسیۆنی هاوبەشمان نییە

# یەکگرتوو، دەبێت پێداچوونەوە بە ئایدیۆلۆژیاکەیدا بکات

سازدانی: ئەلەند مەحوی

**ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا ڕەخنەکانی ڕووبەڕووی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و حیزبەکەی خۆی دەکاتەوەو پێیوایە: ئەگەر یەکگرتوو چاوی لە جەماوەرێکی زۆرتر بێت، دەبێت دەستکاریی فۆرمی حیزبیی و خۆڕێکخستنەوەی بکات و پێداچوونەوە بە ئایدیۆلۆژیاکەیدا بکات.**

**ڕۆژنامە: ساڵونیوێک بەسەر تەمەنی ئۆپۆزسیۆندا (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) تێدەپەڕێت، هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بۆ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن چۆنە؟**

* لەسەرەتادا، خودی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە ژیانی کوردەواریدا بەخاڵێکی پۆزەتیڤ بۆ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان حسابدەکرێت، هەموو سەرەتایەکیش ژیان و ژانی خۆی لەگەڵدایە، زۆر ئاساییە ئەم ئۆپۆزسیۆنە کەموکورتیی خۆی هەبێت و بەو ئەندازەیە لەئاست چاوەڕوانی خەڵکدا نەبێت، چونکە بمانەوێت یان نەمانەوێت، ئۆپۆزسیۆن لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیدا کاردەکات و سیستمی سیاسیی ئێمەش کێشەی خۆی هەیە، ئێمە هێشتا دەستوورمان نییە، هێزە چەکدارەکان لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدان و حیزب و حکومەتیش لەیەک جیانەکراونەتەوە، سەروەریی یاسا بەگوێرەی پێویست نییە، نیمچە ناوچەی دەسەڵاتداری بۆ قۆناغی ڕابردوو هەرماوە، لەم دۆخەدا ئەگەر چاوەڕوانییەکی زیاد لەپێویست لە ئۆپۆزسیۆن بکرێت، ڕەنگە زوڵم لەئۆپۆزسیۆن بکرێت.

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتیی بڕوانین، ئۆپۆزسیۆن تا ڕادەیەکی بەرچاو بە ڕۆڵی خۆی هەستاوەو توانیویەتی کۆمەڵێک بابەت و خواس بوروژێنێت، لەئاستێکی مەعقولدا چاودێریی حکومەت بکات، ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی جۆرێک لە تەحەدا بۆ لیستی حکومڕان دروستبکات و حکومەت وا لێبکات کە بیر لەخزمەت بکاتەوەو هەست بکات چاوی بەسەرەوەیەو خەڵکانێک هەن کەموکورتییەکانی ئاشکرا دەکەن.

لەسەر ئاستی هێزەکانیش، وایکردووە کە هۆشیاریی بۆ دروستکردوون کە ئیتر دەبێت لەمەودوا زیاتر حساب بۆ دەنگو متمانەی خەڵک بکەن، ئەمانەش هەمووی ئەرکن، مەرج نییە، ئۆپۆزسیۆن تەنیا لەناو پەرلەماندا کاربکات، چونکە بەبڕوای من، بایەخی گرنگی ئۆپۆزسیۆن لەو هۆشیارییەدایە کە لەناو کۆمەڵگەدا بڵاویدەکاتەوەو لەئایندەدا بەرئەنجامەکەی دەردەکەوێت.

**ڕۆژنـامـە: هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، توانیویانە ببنە یەک بەرە، یان پەرتەوازەن؟**

* دەبێت ئەوە بزانین کە لە هەرێمی کـوردسـتـان زیـاتـر لـە یـەک هـێـزی ئۆپۆزسیۆنمان هەیە، ئەم هێزانە باگراوندی فیکریی و تێڕوانینی سیاسیی و بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە، بۆیە ئێمە یەک گوتاری ئۆپۆزسیۆنی هاوبەشمان نییە، بەڵام لە ئاستێکی گونجاودا هەماهەنگییان بەیەکەوە کردووە، لەهەندێک شوێنیشدا جیاوازبوون، بـەڵام جیاوازییەکە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی دیمەنی ئۆپۆزسیۆن بشێوێنێت، یان وادەربکەوێت کە کێبڕکێیەکی توند لەنێوانیاندا هەیەو ناتوانن لەسەر هیچ شتێک ڕێکبکەون. دەبێت ئۆپۆزسیۆنیش ئەو هۆشیارییەی هەبێت، بزانێت لەکوێدا هەمانگی بکات و لەکوێشدا مافی جیاوازبوون بەیەکتری بدەن، بەهۆی جیاوازی دیدو بۆچوون و تەنانەت توانای سیاسیشیانەوە. دەبێت ئێستا گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ بەدوای ئامانجی هاوبەشدا بگەڕێن و گرنگی نەدەن بە شێوازی هاوبەش، چونکە ئەگەر گۆڕان چاوەڕێی هەمان شێوازی کارکردن بێت لە یەکگرتوو، یان کۆمەڵ، ڕەنگە تووشی بەدحاڵیبوون ببێت، گرنگ ئەوەیە ئامانجی هاوبەش لەکارکردندا هەبێت.

ئەگەر کێبڕکێی ناوخۆی نێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش جوان ئیدارە نەکرێت، دەبێتە سەرچاوەیەکی تری کێشە، بەشێک لە دلساردییەکانی ڕابرووش لەم ڕووەوە بـوون، بۆ نموونە، لە مـاوەی ڕابـردوودا گۆڕان پرسی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەو ناڕاستەقینەی وروژاند، کە ڕوونە پەیامێکە ئاڕاستەی دوو هێزە ئیسلامییەکە بوو، بەمەش ئیسلامییەکانی خستە هەڵوێستی بەرگریی لەخۆکردن و باسکردن لەوەی، ئـەوان زەمـیـنـەی مـعـارەزەبـوونـیـان ڕەخـسـانـدووە، لـەو کـاتـەی ئەوانیش ئەوەیان دەکرد، گۆڕانەکان بەشێک بوون لە دەسەڵات و زۆریش درێژەی بکێشایە، دەسـتـەواژەی ئۆپۆزسیۆنی هەڵەش دەهاتە کایەوە، ئەمەش هۆشیاریی دەوێت. بمانەوێت و نەمانەوێت، جۆرێک لە کێبڕکێ لەنێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا هەیە کە ئاڕاستەو ئاستی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت.

ئیسلامییەکان، تا ڕادەیـەک کائینێکی غرورو بریندارکراون، کاتێک هەست دەکەن کە هەندێک دەرفەتیان لەکیسچووەو کاتێک گۆڕانیش دەخوێنیتەوە، چاوەڕوانی ئەوەی هەیە کە هێزەکانی تر وەک ڕابەری بەرەی ئۆپۆزسیۆن حسابی بۆ بکەن، هەموو ئەمەش دەکرێت، دەرکەوتەو دەرهاویشتەی هەبێت.

**ڕۆژنـامـە: بـەڕوونـی، هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان چییە لەبارەی ئەو پڕۆژەیەی زیاتر لە (١٣٠٠) ڕۆشنبیرو ڕۆژنـامـەنـووس و کەسایەتی ئاڕاستەی پەرلەمانیان کـردووەو داوای لابردنی بەربەست دەکەن لەبەردەم ئازادیی ڕادەربڕین لەکایەکانی نووسین و هونەردا؟**

> ئەو کەرەستە خاوەی لەناو یەکگرتوودا هەیە، دەتوانرێت شتی زۆر لەوە گەورەتری پێبکرێت

* مافی هەر گرووپ و کۆمەڵێکە دیدو بـارو سەرنجی خۆی بخاتە بەردەستی ناوەندی بڕیاربەدەست و سیاسیی و یاسایی و نیشتمانیی و میدیاییەکان، بەدەرلەوە، مەرج نییە پڕۆژەکەی ئەو ڕۆشنبیرانە هەمووی یەک حوکمی لەسەر بدەین، ڕەنگە هەندێک خاڵ کە لەپڕۆژەکەدا هاتووە، لەچوارچێوەی یاسایەکی نوێدا جێبەجێی بکەین، ئەوەش کە پەیوەندیی بە ناوەندە ئاینییەکەوە هەیە، بەتایبەتی ڕێکخستنی وتاری مزگەوتەکان، داوایەکی واقیعی نییەو جێبەجێش نابێت، دەبێت ئەم ڕۆشنبیرانە هۆشیاریش بن و ئەو وێنە نەمەتییەی (شێواز) کە لەپێشەوە لەلایەن ناوەندە ئاینییەکەوە لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکە گـیـراوە، بـەهـۆی ئەو باگراوندە ئایدیۆلۆژییەی ناوەندە فیکرییەکە لە ڕابـردوودا هەیبووەو هەندێک سیمای توندڕەو کە لەم ناوەندە ڕۆشنبیرییەدا وێنەیەکی نەمەتییە، ناوەندە ڕۆشنبیرییەکە ئـەگـەر دەیـەوێـت زۆرتـریـن ئیختراق (چوونەناوەوە) لەکۆمەڵگەدا دروست بکات، دەبێت ئەم وێنە نەمەتییەی خۆی بسڕێتەوەو وردەوردە لەهۆشیاریی کۆمەڵگەدا ئەوەندە کار بکات، ئازادیی و بەرەڵڵایی تێکەڵ نەبێت، دەبێت بەئاڕاستەیەکدا کاربکات ڕۆحی جەنگاوەریی لە ئیسلامدا زیندوو نەکاتەوە، چونکە هەندێک ئاڕاستەی کارکردن، گوتاری ناسنامە لەناو ناوەندە ئیسلامییەکەدا زیندوو دەکاتەوە.

ئـەوەی جێی سەرنجە، پـڕۆژەکـە تا ڕادەیەک مەیلی بێدەنگکردنی بەرامبەرەکانی کە لێرەدا مەبەست مامۆستایانی ئاینیی و مزگەوتەکانە، تێدا بەدیدەکرێت. ئەوەش پێچەوانەی سەرەتای ئازادیی ڕادەربڕین و گیانی دیموکراسییە، پاساوەکانیش بۆ ئەو داوایـەی کردبوویان کە بە کردەوە لێسەندنەوەی مینبەر بوو لە مامۆستا، لێکچوونی لەگەڵ ئەو پاساوانەدا هەبێت کە دەسەڵات لە کوردستان دژ بە هەندێک داواکاریی ئەوان دەیخاتەڕوو لەوانەش: مەسەلەی پاراستنی ئاسایشی ئەهلیی و نەتەوەیی و ئەمەش لەو سۆنگەیەوە بوو، پڕۆژەکە بە هەناسەیەکی بە عەلمانیکردنی تەقلیدییەوە داڕێژرابوو، بە ناوەڕۆکەکەیەوە کەی عەلمانییەت لەسەر ئاستی هەندێک مۆدێلی ناوچەکە مەیلێکی خۆسەپاندنی بەهێزیان تێدا بووە، لەکاتێکدا دەبێت لە ئێستادا لە دیموکراسییەوە دەستپێبکەین و هەر لەوێشەوە بگەڕێینەوە بۆ عەلمانییەت و بینای ناوەڕۆکە شێواوەکەی بکەینەوە.

**ڕۆژنـامـە: بۆچی ڕاگەیاندنی هێزە ئیسلامییەکان، تەنیا ئەو بەشەی پڕۆژەکەی وەرگرت کە تایبەت بوو بە یەکخستنی وتاری نوێژی هەینی، لەمەشدا هەوڵدەدرا بخرێتە ئەستۆی لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن و ڕاگەیاندنی یەکگرتووش ڕۆڵی هەبوو لەم کارەدا؟**

* پێموایە، هەم ڕۆشنبیرەکان و هەم ناوەندە ئاینییەکە دوورنین لە حەساسییەتە سیاسییەکانەوە، دەبێت هۆشیاربن کە هـەردوولایـان بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ تەوژمێکی سیاسیدا یەکدەگرنەوە، ناوەندە ئاینییەکان ئەوەی ئەمجارە لەپشت وروژانـدنـی هەندێک لەمەسەلەکانەوە بوون، مەرج نییە ئەو مامۆستاو مینبەرانە نزیک بن لە ئیسلامییەکانەوە، بەڵکو هەندێک نزیکن لە هێزە حکومڕان و هێزە عەلمانییە گەورەکانەوە. هەرچۆنێک بێت ئیسلامییەکانیش دیدو باروسەرنجی خۆیان هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، بەجۆرێک قسە بکەن کە هاندانی تێدا نەبێت و دژایەتیی گیانی دیالۆگو پێکەوەژیان نەکات.

کاتێکیش لەدەزگایەکدا کەسێک قسە دەکات، یان لە ڕاگەیاندندا وتارێک، هەواڵێک بڵاودەکرێتەوە، مەرج نییە ڕەنگدانەوەی گوتارو بۆچوونی حیزبەکە بێت، ئەمە ئەوە ناگرێتەوە کە بڕیاری مەرکەزی ئەو حیزبەی لەگەڵدا بێت، چونکە هەر لەو دەزگایەدا ڕەنگە وتارو بۆچوونی جیاوازیش بوترێت.

**ڕۆژنامە: ماوەیەکە، هەست دەکرێت کە هەوڵێک هەیە بۆ پەرتەوازەکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەمەش بەو مەبەستەی لیستێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دروست نەکەن، بۆچوونی بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟**

* شتێکی چاوەڕوانکراوە کە هەوڵبدرێت نێوانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بەو جۆرە نەبێت کە ئۆپۆزسیۆن خۆیان دەیخوازن، ئەوە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان خۆیانن کە چەند وەڵامی ئەو هەوڵانە دەدەنـەوە کە ڕەنگە هەوڵەکە ناڕاستەوخۆبێت و دروستکردنی فەزایەک بێت بۆ ئەوەی ئەو هێزانە لانیکەم لەیەکتر بەدگومان بن.

مەسەلەی پێکهێنانی لیستی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو هێزانە خۆیان، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکەی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا، یەکگرتوو حەزیان دەکـردو خواستیانبوو لەگەڵ گـۆڕان بەیەکەوە دابـەزن، بـەڵام گۆڕان پێی خۆشبوو بۆ خۆی بە لیستێکی جیاواز دابەزێت، ئەم جـارەش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە بڕیارە بکرێت، دەکەوێتە سەر ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانە کە دەیانەوێت لیستێکی هاوبەش پێکبهێنن، یان بەجیاواز بەشداریی بکەن.

**ڕۆژنامە: کەواتە چ پێویست دەکـات، بەرپرسانی یەکگرتوو لەلێدوانەکانیاندا پاساو بۆ بێبەشکردنی گۆڕان لەحکومەتەکەی مالیکی بهێننەوە لـەلایـەن سەرۆکی هەرێمەوە؟**

* ئەوەی پەیوەندیی بە لێدوانی هەندێک لە بەرپرسانی یەکگرتووەوە هەیە، ئێمە وەک یەکگرتوو، بڕیارێکی دیاریکراومان نییە گۆڕان بە دوژمنی خۆمان بزانین، یان دژایەتیی گۆڕان بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی لێدوانی هەندێک لەبەرپرسە ئیسلامییەکان زۆربـــوون، جـۆرێـک لەناڕێکوپێکیی و نادەولەمەندیی لە دەربڕین و تەعبیری سیاسیدا هاتووەتە ئاراوە، هەندێک بۆچوون دەردەبڕن، مەرج نییە کۆی باری سەرنجی یەکگرتوو بێت لە مەسەلە سیاسییەکەدا، بەڵکو پەیوەستە بەو کەسەی لێدوانەکە دەدات و زمانی سیاسیی بەگوێرەی پێویست



## لەهەڵبژاردنی پێشوو یەکگرتوو حەزی دەکرد و خواستی بوو لەگەڵ گۆڕان دابەزێت

دەوڵەمەند نییە. جگە لەمەش ئیسلامییەکان، هەندێکجار بە ڕۆحێکی خێرخوازییەوە لێدوانی سیاسیی دەدەن کە بە بڕوای من ئەمە پێداچوونەوەی دەوێت، چونکە سیاسەت بە گیانی خێرخوازیی ناکرێت.

ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە نوێنەری یەکگرتوو لەهاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، داکۆکی زۆرکـردووە کە دەبێت وەزارەتێکی خزمەتگوزاریی و وەزارەتێکی دەوڵـەت بدرێت بە گۆڕان، بەڵکو مەسەلەی بـەشـداریـکـردن، یان نەکردنی گۆڕان پەیوەندیی بە سەرۆکایەتیی هەرێمەوە هەیەو سەرۆکایەتیی هەرێم نەیشاردووەتەوە کە ڕازینابن لەدەرەوەی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، پشکی کورد بەکەسێکی تر بدرێت.

**ڕۆژنامە: لەکاتی گفتوگۆ سەرەتاییەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، کۆمەڵ و یەکگرتوو کێشەی بودجەیان هەبوو لەگەڵ حکومەتدا، لەوکاتەشدا ڕێککەوتنێک هەبوو لەنێوان هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان و یەکگرتوو، کۆمەڵ) کە دەسەڵات ناچاربکەن چاکسازیی لەناوخۆی هەرێم بکات، بەڵام دەسەڵات چاکسازیی نەکردو گۆڕان کشایەوە، بۆچی کۆمەڵ و یەکگرتوو دوای وەرگرتنەوەی بودجەکەیان، لەسەر چاکسازینەکردن لەهەرێم، نەکشانەوە؟**

* ڕەنگە جۆرێک لەبەدحاڵیبوون هەبێت لەمەسەلەکەدا. ئەوەندەی من ئاگادار بم، ڕێککەوتنێک نەبووە لەگەڵ گۆڕاندا بۆ ئەوەی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا ببەسترێنەوە بەیەکەوە، من نوێنەری یەکگرتوو بووم لەگفتوگۆکاندا لەگەڵ برایانی گـۆڕان، ئێمە ئەوکاتە پێمانوتن کە بەستنەوەی مەسەلەکانی هەرێم بە بەغداوە، بەڕاستی نازانین و لەقازانجی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆنیش

> کاتێک گۆڕان دەخوێنیتەوە، چاوەڕوانی ئەوەی هەیە کە هێزەکانی تر وەک ڕابەری بەرەی ئۆپۆزسیۆن حسابی بۆ بکەن

نییە. هەر لەسەرەتاوە تێڕوانینی گۆڕان لەگەڵ یەکگرتوودا بۆ ئەم مەسەلەیە جیاواز بووە. ئێستاش یەکگرتوو ئەو هەنگاوەی گۆڕانی پێ هەڵەیە، بـەڵام ئێمە لەگەڵ چاکسازیی هەرێمدابووین و وتمان دەبێت چاکسازیی بخرێتە ناو کارنامەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە.

**ڕۆژنـامـە: بۆچی لـەدوای کشانەوەی گـۆڕانـەوە، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پابەند نەبوون بەکارنامەی ئیئتیلافەکەوە، بۆ نموونە بۆچی ئەنجامی ئـەو گفتوگۆیانەتان کە لەگەڵ بەغدا کردبووتان، نەتانهێنایەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردنی؟**

* لەکاتی خۆیدا کۆمەڵ و یەکگرتوو لەوبارەیەوە قسەیانکرد، بەڵام هەندێک شت (تحسیل حاصل)ە، گرنگ ئەوەبوو، چوارچێوەیەکی ئیئتیلافی کوردستانیی دروسـت ببوو، بـەڵام ئەگەر کۆمەڵ و یەکگرتوو چاوەڕێ بکەن وەک پارتی ڕۆڵیان پێبدرێت و هەرچیان وت، جێبەجێبکرێت و حکومەت و پەرلەمان بکرێت بەمەرجەع، ئەمە چاوەڕوانییەکی واقیعی نییە.

بـەشـێـوەیـەکـی گشتیی، ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، کەشوهەوایەکی خوڵقاند کە هەماهەنگیی لەنێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکان و لایەنەکانی تردا فراوانتر ببێت، بۆ نموونە لەوەی کە نابێت ئیئتیلافەکە سـەرۆک و قسەکەری هەبێت و دەبێت قیادەیەکی بەکۆمەڵی هەبێت.

**ڕۆژنامە: دوای ئەو هەڵبژاردنانەی لە (٢٠٠٩) بـەدواوە ئەنجامدراون، چۆن پێگەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەڵدەسەنگێنیت، ئایا یەکگرتوو گەشەی کـردووە، یان وەستاوە، یان پاشەکشەی کردووە؟**

* ئەگەر لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) بکەین بە وێستگەیەک کە لەوێ یەکگرتوو هەستی بەپاشەکشەیەکی گەورە کرد، دروستکردنی ئەو لیستە یەکێکە لەهەڵە سیاسییەکانی یەکگرتوو، بەدەر لەوە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٠/٣/٧)ی پەرلەمانی عێراقدا، تا ڕادەیـەک ئیسلامییەکان ئەو دەنگانەی لەدەستیان چـووبـوو، گـەڕانـدیـانـەوە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، (٢٥٠) هـەزار دەنگی هێنا، بەبڕوای من، ئەوە قەبارەی سروشتی خۆیەتی، چونکە تا ئێستا گوتارو شێوازی کارکردنی یەکگرتوو لەچوارچێوەی ئەو فۆرمە کارکردنەدایە کە لەحیزبایەتی کوردستاندا هەیە، ئەگەر یەکگرتوو چاوی لە جەماوەرێکی زیاتر بڕیبێت، دەبێت دەستکاریی فۆرمە حیزبیی و خۆڕێکخستنەکەی بکات، هەم پێداچوونەوە بە ئایدیۆلۆژیاکەیدا بکات، ئەگەرنا، مەرج نییە لە ئایندەی کوردستاندا لەپێگەیەکی زۆر بەهێزترەوە بەشداریی بکات، ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە چەند گۆڕان لەخۆیدا دروست دەکـات، بەبڕوای من، ئێستا یەکگرتوو نـەوەسـتـاوە، بـەڵام لەگەشەکردنێکی هێواشدایە.

حەز دەکەم بڵێم، ئەم کەرەستە خاوەی لەناو یەکگرتوودا هەیە، دەتوانرێت شتی زۆر لـەوە گـەورەتـری پێبکرێت لەوەی ئێستا هەیەو دەبینرێت، هەر بۆیە بە ئەرکی سەرکردایەتیی یەکگرتووی دەبینم کە لە قۆناغی داهاتوودا، چیدی قایل نەبێت کە هەندێک فۆرم و شێوازی ئیشکردن و سەقفی فیکریی، ڕێ لە تەقینەوەی بنیادنەرانەی ئەو وزەو توانایە بگرن.

سەرۆکایەتی هەرێم پشتیوانی لە ناردنەوەی پرۆژەیاسای داواکارانی گشتیی دەکات بۆ پەرلەمان 8

# وتاری هەینیو داوای خەڵک


هیوا جەمال

هەر لەسەرەتاوە، دەمەوێت ئەوە بڵێم، لەم قۆناغەدا عەمەلی نییە کە وتاری ڕۆژانی هەینی لە شارو شارۆچەکەکانی کوردستان، لە چەندین مزگەوتەوە کورتبکرێنەوە بۆ یەک وتارو لە یەک مزگەوت لە هەفتەیەکدا، بەڵام دەتوانرێت بە یاسایەک ڕێکبخرێت.

لە ڕووی مەبدەئییەوە پشتگیریی ئەو داوایەی ڕۆشنفکران‌و تەنانەت خەڵکی وڵاتەکەم دەکەم کە دەیانەوێت سنوور بۆ ناوزراندن‌و سوکایەتی پێکردنی مرۆڤ دابنرێت، جا مرۆڤەکان هەر بیروڕایەکی ئایینی‌و نائایینیان هەبێت.

پێموایە کە چۆنێتیی پێشنیازکردنەکە، کەموکووڕیی تێدایەو جۆرێک لە پەلەپەلییش لە نووسین‌و دارشتنەکەیدا کراوە.

ئێستا هەموولایەک گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە هیچ کەسێک نابێت لەسەرووی یاساوە بێت، ئەگەرچی لەلایەن هەندێک خەڵکەوە حەسانەیەکی کۆمەڵایەتیش هەبێت بۆ زانایانی ئایینی، بەڵام یاساکان ئەوانیش دەگرێتەوە.

بەتایبەت کە ئێستا بەهۆی ئەو هەموو کەلێنەی لە سیستمی حکومڕانیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆیە گومان دەکرێت کە دیاردەی کەمخوێندەواریی‌و تەنانەت بڕوانامەی نزمو تەزویریش کەوتبێتە نێو زانایانی ئایینییەوە.

هەروەک لە سەردەمی محەمەد (د.خ)، کەسانی دووڕوو هەبوون‌و بەناوی ئیمان هێنانەوە تێکەڵ بە بڕواداران بوون‌و ئێستاش دەکرێت کەسانی لەو شێوەیە هەبن‌و بەناوی زانای ئایینییەوە تێکەڵی زانا ڕاستەقینەکان بووبن.

بۆیە پێویستە یاسایەک هەبێت، چاک لە خراپەو ئاژاوەگێڕ لە ئاشتیخوازو لە نیشتمانپەروەر لە نا نیشتمانپەروەر جیابکاتەوە، بەتایبەت زانای ڕاستەقینەو بەئەمەکو خۆڕێنەر بناسرێنەوە.

لەو بڕوایەدام، بۆ ئەوەی هەرکەس‌و لایەنێک بتوانێت پەیڕەوی یاسایەک بکات کە بۆی دەردەچێت، پێویستە بۆچوونی وەربگیرێت‌و خۆی بەشداریی بکات لە نووسینەوەیدا، جا بەهەر وەسیلەیەک بێت، بۆیە پێویستە زانایانی ئایینی لە نووسینەوەی پرۆژەیاساکەدا بەشداریی بکەن کە بۆ ئەوان ئامادە دەکرێت.

ئەوانەی شارەزای ئایینی ئیسلامن، دەزانن کە لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلام‌و هاوەڵەکانیدا، لەهەر شارێکدا، لە یەک مزگەوتدا وتاری هەینی خوێنراوەتەوە (ئێستاش لە هەندێک وڵات وایە)، بۆیە ئەوە بنچینەیە بۆ چاولێکردن‌و جێبەجێکردنی سوننەتی پێغەمبەرەکەی، بەڵام دوای چەند سەد ساڵێک، گۆڕانکاریی بەسەر وتارەکاندا هاتووە کە ئەوە شتێکی ترە.

ئێستا کە بەجۆرێکە، لە زۆربەی شتەکاندا ئەسڵ بووە بە فەرعو فەرع بووە بە ئەسڵو هاوکات، بەهۆی پەیڕەوکردنیشەوە هەندێک ڕەفتاری ئایینی بووە بە عورف، گەڕاندنەوەی فەرع بۆ ئەسڵ کەمێک قورس بووە، بەڵام ناکرێت بێدەنگەی لێبکرێت.

لەڕاستیدا، ئەوە نیشانەی زیندووییە کە زانایانی ئایینی ئاگاداری هەموو جوڵەیەکی کۆمەڵگە بن‌و لەبەرامبەریشدا کۆمەڵگە چاودێریی زانایان بکات، چونکە هیچ لایەک لە لادان بێبەریی نییەو پرەنسیپەکانی ئازادیش ڕێگە بەوە دەدەن کە هەموولا قسەیان لەبارەی ڕوداوەکانەوە هەبێت.

پێشنیازی من لەم بوارەدا، ئەوەیە کە هەموان پێکەوە دەست بە نووسینەوەی پرۆژەیەک بکەن بۆ ڕێکخستنی وتاری ڕۆژانی هەینی مزگەوتەکان کە نەک هەر وتاری هەینی، بەڵکو یاسایەکیش بۆ ڕێکخستنی مزگەوتەکان هەبێت بۆئەوەی نە تەنگ بە نوێژخوێنان هەڵبچنرێت لەکاتی پەرستشی خۆیانداو نە مزگەوتەکانیش ببنە شوێنی غەیری پەرستش.

پێویستیشە وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرێتییەک بکاتەوە بۆ چاودێریکردنی وتاری مزگەوتەکان‌و بەتایبەت هەموو وتارێکی ڕۆژانی هەینی تۆمار بکرێت‌و ئەو بەڕێوەبەرێتییە خەڵکانی پسپۆڕیان تێدا بێت بۆ گوێگرتنەوە لە وتارەکان، تا ئەگەر هەر وتارێک تەشهیرو ناوزڕاندنی تێدابوو، لێپێچینەوە لەگەڵ وتارخوێنەکەدا بکرێت.

# جەدەلی نێوان ڕۆشنبیرو مەلاکان



ڕاپۆرتی: بەهادین یوسف

وەزارەتی ئەوقاف‌و یەکێتی زانایان‌و بزووتنەوەی گۆڕان‌و نووسەران‌و ڕۆشنبیران، داوای گفتوگۆو دانیشتنی هاوبەشی نێوان زانایانی ئایینی‌و نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسان دەکەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتی «بە هەڵە لەیەکگەیشتنی نێوان زانایانی ئایینی‌و نووسەران».

پێشکەشکردنی (چەند پرۆژەیاسایەک دەربارەی مزگەوت‌و هونەرو ڕۆشنبیریی لەلایەن (١٣٠٠) نووسەرو ڕۆژنامەنووس‌و ئەکادیمی‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، کاردانەوەی خراپی لەنێوان مامۆستایانی ئایینی‌و حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان لێکەوتەوە. لە بەرامبەردا چەند لایەنێکی سیاسیش دەرفەتەکەیان قۆستەوە بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆشنبیران‌و هونەرمەندان‌و کار گەیشتە سەر هێرشکردنە سەر پەرلەمانتارانی گۆڕانیش.

ڕۆژی ٢٠١١/١/٩ بە ئیمزای زیاتر لە (١٣٠٠) هونەرمەندو ڕووناکبیرو ئەکادیمی‌و نووسەرو ڕۆژنامەنووس‌و نوێنەری ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ڕێی لیژنەی ڕۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستانەوە پرۆژە یاساکەیان پێشکەشکردو سەرەڕای داوای هەموارکردنەوەی یاسای چاپەمەنیی‌و

دووکەڵی ڕەشی ئەم جەنگە، ئەگەر بەری لێ نەگیرێت‌و ئابلووقە نەدرێت، دنیای داهێنانی ئەدەبی‌و فیکریی ئێمە خاپوور دەکات‌و بوارێک بۆ تێهزرین‌و بیرکردنەوەی ئازاد ناهێڵێتەوە».

لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «ئەم ڕەوشە مەترسیدارەو دەبێت هەوڵێک بۆ لێکهەڵاوێردنی مەرزەکانی ئەرک‌و فەرمانەکانی ئایین‌و هونەرو ئەدەب لە کۆمەڵگەدا بدرێت‌و لە ڕێگەی بە یاساییکردنی دەسەڵاتەکانی ئایین‌و هونەر لە کۆمەڵگەدا، دۆخێک بۆ پێکەوە هەڵکردنی دیدو ڕوانینە فەلسەفی‌و ئیستاتیکییە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بخولقێنرێت».

هەمان ڕۆژیش مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوەو بانگەوازی پێکەوە کارکردنی لەگەڵ نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسان کرد، بۆ ئەوەی ڕۆشنبیران‌و مامۆستایانی ئایینی‌و نووسەرو ڕۆژنامەنووسەکان لێک نزیکببنەوە.

ناوەندیی دەکەن لە کوردستان‌و پێیانباشە: «لە هەر شارێکدا تەنیا سێ مزگەوت وتاری هەینی تێدا بڵاوبکرێتەوەو سێ کەس لە مەلا شارەزاکانی کوردستان سێ وتاری تێروتەسەل پێشکەشی خەڵک بکەن‌و ڕاستەوخۆش ئەو سێ وتارە بگوێزرێتەوە بۆ ماڵەکان لەڕێی کەناڵی سەتەلایتەوە، ئەمە بەبێ ئەوەی نوێژی جەماعەتی هەینی لە هیچ موسڵمانێک بچێت‌و خەڵک نوێژی جەماعەتی خۆیان بکەن».

هەروەک پێیانوایە؛ ئەو پرۆژەیەیان بۆ خزمەتکردنی دین‌و ڕاگرتنی ئاسایشی کۆمەڵگەیە، کە دەبێت ئایین بە جوانترین شێوەو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک‌و شارستانی بێ دروستکردنی گرفت بە کۆمەڵانی خەڵک بگات.

لە بەرامبەردا عوسمان موفتی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم بە ڕۆژنامەی وت: «مینبەری مزگەوت ئەمانەتی پێغەمبەرە لەسەر مامۆستایانی ئایینی‌و دەبێت لە مینبەر باسی ئایین‌و بابەتی گشتیی ئیسلامیی بکات، گەلی کوردیش شانازیی بە پاراستنی ئەو ئامانەتە دەکات کە چەندین ساڵە کورد توراسی ئیسلامیی

د.ڕێباز فەتاح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە داواکردنی لابردنی وتاری هەینی بۆچوونی فەرمیی فراکسیۆنەکان بێت، هاوکات واژۆی ئەو سێ پەرلەمانتارەی بە بۆچوونی تاکەکەسی لە قەڵمداو وتی: «ئەو پرۆژەیە پرۆژەیاسایەک نییە بە فەرمیی پێشکەشی فراکسیۆنی گۆڕان کرابێت».

دواتریش هەرسێ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان (د.شاهۆ سەعید، عەبدوڵڵای مەلا نوری‌و ئیسماعیل گەڵاڵەیی، ڕوونکردنەوەیەکیان بۆ ڕای گشتیی بڵاو کردەوەو تیایدا ئاماژەیان بەوە کردبوو؛ کە ئەوەی باسکراوە نە پرۆژەیاساو نە پرۆژەبڕیارە، بەڵکو بیرۆکەیەکی نووسراوە لەلایەن (١٣٠٠) ڕۆشنبیرو مامۆستای زانکۆو نووسەرو خەڵکی نیشتمانپەروەرو ئەدیب‌و هونەرمەندو زیاتر لە (١٠) پەرلەمانتاری چەند لایەنێکەوە پێشنیار کراوەو موڵکی هیچ فراکسیۆنێک نییە».

ڕاشیانگەیاندووە: «ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین کە زۆرینەی موسڵمانەو بە هیچ

**گۆڕان: یەکخستنی گوتاری هەینی لە شارەکاندا، کپکردنی دەنگی ئازادەو**
**گەمەیەکە دەسەڵات دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە گوتاری ئایینی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی**

یەکێتیی زانایان پێیانوایە: «ئەو پرۆژەیە خزمەت بە گیانی پێکەوەژیان‌و پێشکەوتنەکانی کوردستان ناکات‌و بەرتەسککردنەوەی ئەو ئازادییەیە کە چەندین ساڵە قوربانیی بۆ دەدرێت، لەبری ئەوە پێویستە هەنگاوی لەیەک نزیکبوونەوە بهاوێژرێت‌و هەموو لایەک هەوڵبدەن لە چوارچێوەی یاساو ڕێزگرتن لە پیرۆزییەکان دەرنەچین».

جەعفەر گوانی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ڕەخنە لەو پرۆژەیاسایە دەگرێت‌و دەڵێت: «ئێمەش لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕینداین، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە پێشکەشکردنی

بەڕێزەوە پاراستووەو هەرواش دەمێنێتەوە، مامۆستای ئایینیش لەسەر هەر بابەتێک کە دەیەوێت بۆچوونی خۆی لەسەر بڵێت‌و ڕەتیبکاتەوە، ڕێگەی دیکە هەیە دەتوانێت لە ڕێی ڕۆژنامەو گۆڤارو میداکانەوە بۆچوونی خۆی دەربڕێت‌و وەڵامبداتەوە».

هەروەک مامۆستا جەعفەر گوانی، وتەبێژی ڕەسمیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی لە کوردستان بە ڕۆژنامەی وت: «کار بۆ ئەوە دەکەین‌و لەگەڵ ئەوەشدانین کە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە ناوی هیچ کەس‌و لایەن‌و ڕۆژنامەیەک بهێنرێت، ئەگەر دوو مامۆستا کارێکی خراپیان کردبێت، ناکاتە ئەوەی بکرێتە پرۆژەیەک‌و بەسەر هەمووان‌دا تەعمیم بکرێت، ڕاستە هەندێک مامۆستا قسەیان کردووە، ئەوەش کاردانەوە بووە بەرامبەر هەندێک نووسەرو ڕۆژنامەنووس کە هەندێک سووکایەتیان بە ئایین کردووە».

دوای پێشکەشکردنی ئەو پرۆژەیاسایە، چەندین لێکدانەوەو بە هەڵە تێگەیشتنی لەبارەیەوە کرا، بە تایبەتی هاتنی ناوی سێ پەرلەمانتاری گۆڕان لە ناوی ئەو کەسانەی کە پرۆژەکەیان پێشکەشکردبوو، لە پاڵ ژمارەیەک پەرلەمانتاری دیکەی لیستەکانی دیکەو هێرشکردنە سەر پەرلەمانتارەکانی گۆڕان لە لایەن حیزبە ئیسلامییەکانی پەرلەمانی کوردستانەوەو تێگەیاندنی خەڵک لەوەی پرۆژەکە بکرێتە موڵکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە پاڵ ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندانەدا.

نووسینگەی ڕۆژنامەوانیی بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕوونکردنەوەیەکدا

جۆرێک لەگەڵ ئەوەدا نین‌و نابین کۆتوبەند لەسەر پێڕەوکردنی پرەنسیپە بنچینەییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام‌و هیچ ئایینێکی تر دابنرێت»، هەروەک پێشنیاری دیالۆگو کۆبوونەوەو گفتوگۆی نێوان ڕۆشنبیران‌و مامۆستایانی ئایینی دەکەن، بۆ ئەوەی هەر هەڵە تێگەیشتنێک هەیە چارەسەر بکرێت‌و ڕێگریی بکەن لەبەردەم ئەوانەی کە دەیانەوێت ئەو بارودۆخە بۆ مەرامی تایبەت بقۆزنەوە».

عوسمان ڕەشاد موفتی، وتەبێژی ڕەسمیی وەزارەتی ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، پێیوایە: «کوردستان وڵاتێکی دیموکراتی‌و ئازادییەو کار بۆ سنووردارکردنی وتاری مزگەوتەکان ناکات‌و مامۆستایانی ئایینیش خۆیان هۆشیارن‌و دەزانن چی بابەتێک بۆ موسڵمانان باس دەکەن.

سەبارەت بەو دۆخەشی لەنێوان مامۆستایانی ئایینی‌و نووسەران‌و ئەدیباندا دروستبووە، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف وتی: «ئێمە پێمانخۆشە گفتوگۆ لەنێوان مامۆستایانی ئایینی‌و نووسەران هەبێت‌و بە شەفافیەت بە یەکەوە دانیشین‌و هەریەکەو بۆچوونی خۆی بڵێت. چونکە توندڕەویی خزمەتی هیچ لایەک ناکات‌و هەرکەسێکیش ڕەخنەی هەیە، یان سکاڵای هەیە لەسەر ئەوەی کە تەشهیری پێکراوە لە مزگەوتەکانەوە، بابێتە لای ئێمە سکاڵای خۆی بکات».

هەڵە لەیەکگەیشتن‌و کاردانەوەکانی نێوان ڕۆشنبیران‌و مامۆستایانی ئایینی چەندین کۆبوونەوەو دانیشتن‌و هەوڵی بەدوای خۆیدا هێنا، بە ئامانجی نەقۆستنەوەی ئەو دۆخە بۆ



**پشکۆ نەجمەدین: جەنگێکی نەخوازراو لەلایەن ژمارەیەک**
**پیاوانی ئایینەوە دژ بە ڕووناکبیران جاڕ دراوە**

یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان، داواشیانکردبوو وتاری هەینی مزگەوتەکان بچێتە ژێر سەروەریی قانوونێک‌و وتەی مەلا لە مزگەوتەکان وەکو بڵاوکراوەیەک حسابی بۆ بکرێت‌و قانوونێک بۆ ڕێکخستنی وتاری ڕۆژانی هەینی دابنرێت. بە ئامانجی ڕێگرتن لە خراپ بەکارنەهێنانی خوتبەکان، تا نەکرێتە ئامرازێک بۆ نرخاندنی بەرهەمێکی هونەریی‌و وێژەیی‌و ڕۆشنبیریی‌و هێرشبردنە سەر هونەرمەندو ڕووناکبیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووسان.

هەروەک پێشنیاری ئەوەیانکردووە، لە هەر بەڕێوەبەرێتییەکی وەزارەتی ئەو قاف لیژنەیەک دروستبکرێت بۆ گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی وتاری هەینی، سەرەڕای ئەوەی کە جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە کۆمەڵگەی کوردی پێویستی زۆری بە وتاری هەینی هەیە وەک پێداویستییەکی ڕۆحیی‌و هۆشیاربوونەوە لە ژیان، بەڵام نیگەرانن لەوەی: «بەداخەوە وتاری هەینی لە باتی ئەوەی باس لە ڕوحیەتی تەبایی‌و ئاشتی‌و پێکەوەژیان بکات، دیوێکی توند نیشاندەدات.

ڕۆژی دواتر وەزارەتی ئەوقاف ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە سەبارەت بەو پرۆژەیە، ئاماژەیان بەوە کردووە؛ کە جێبەجێکردنی ئەو کارە لەڕووی کارگێڕییەوە چ لە عێراق، یان لە شوێنێکی تر لە جیهانی ئیسلامیی نییە، دووپاتیشیان کردووەتەوە؛ کە هەر کەسێک پێچەوانەی پەیامی ئەوان بۆ مزگەوتەکان دەریانکردووە، بجووڵێتەوە، بەرپرسیار دەبێت.

پشکۆ نەجمەدین، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە ئیمزای پرۆژەیاسای ڕێکخستنی وتاری مزگەوتەکانی کردووە، پێیوایە: «جەنگێکی نەخوازراو لە بەرزەکو مینبەری مزگەوتەکانەوە، لەلایەن ژمارەیەک مەلاو پیاوانی ئایینەوە دژ بە ڕووناکبیران‌و هونەرمەندانی کوردستان جاڕ دراوە.

ئەو پرۆژەیاسایە بێ گەڕانەوە بۆ لایەنی تایبەتمەند، کە یەکێتیی زانایان‌و وەزارەتی ئەوقافەو هەر پرۆژەیەک بێ بۆچوونی لایەنی تایبەتمەند پێشکەش بکرێت، ناتەواو دەردەچێت».

وتیشی: «هەنگاوی باشمان ناوەو کۆبوونەوەی تایبەتمان کردووە لەگەڵ زانایانی ئایینی‌و وتاربێژەکان‌و ئومێدمان وایە هەموو لایەک دووربکەوینەوە لە ئیستفزازکردن‌و کارو کاردانەوە، کە هەمووی لەسەر خاڵێکی بچووکە، ئەویش؛ بەکارهێنانی ڕەمزەکانە لە دەقە ئەدەبییەکاندا، باسی ئافرەت، یان سروشت، یان هەرچییەک دەکەن ئاساییەو قبووڵەو پێویست بکات وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام باس لە خوا بکرێت، یان خوا بکرێتە ڕەمز لە دەقەکاندا، ئەوەیان قابیلی قبوولکردن نییەو پێچەوانەی یاساشە».

پێچەوانەی ڕوونکردنەوەکەی یەکێتیی زانایان، پشکۆ نەجمەدین، پێیوایە؛ «ئەم پرۆژەیە، هەرگیز ناچێتە چوارچێوەی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی دەربڕینەوە، بگرە هەوڵێکە بۆ دابینکردنی یاسایەک کە ئازادیی ڕاو دەربڕینی تاکی نووسەرو هونەرمەند مسۆگەر بکات‌و لە فەتواو هەڕەشەکانی هەندێک لە پیاوانی ئایینی بپارێزێت‌و لە کاتی بەدەنگەوەنەهاتنی دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ ئەم پرۆژەیەو چەندین پرۆژەو داواکاریی دیکەش کە تایبەتن بە هەڵگرتنی هەموو لەمپەرەکان، بۆ فراوانکردنی ئازادیی نووسین‌و ڕادەربڕین لە فۆرمە جیاکاندا، دەشێ ڕێگەو ڕێبازی دیکە زۆر بن، هەتا هەوڵەکانمان دەگەنە هەوارێک کە لەوێدا، بیرمەند، هونەرمەندو ڕووناکبیرانی ئێمە، بە ئاسوودەیی کاری فیکریی‌و هونەریی بکەن‌و پەیامەکانی خۆیان بە کۆمەڵ بگەیەنن».

لە بەشێکی دیکەی پرۆژەیاساکەدا ئەو (١٣٠٠) کەسە داوای پیادەکردنی وتاری



**وتەبێژی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی: دەبێت گفتوگۆو**
**لەیەکگەیشتن لەنێوان زانایانی ئایینی‌و نووسەراندا هەبێت**

سەبارەت بەو قەیرانەی لە ناوەندی ئایینی‌و ڕۆشنبیریی کوردستان دروستببوو، بانگهێشتی زانایانی ئایینی‌و نووسەران‌و ڕۆشنبیرانی کرد بۆ دیالۆگی ڕاستەوخۆو هاوکات داوای ئازادیی بۆ زانایانی ئایینی کرد لە گوتارەکانیانداو داواکاریش بوون کە مزگەوتەکان بەکارنەهێنرێن بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆشنبیران‌و پرۆژەکانیان، هاوڕایی خۆشیان نیشاندا لەگەڵ ڕۆشنبیراندا بۆ فراوانکردنی مەودای ئازادیی.

لە ڕوونکردنەوەکەی گۆڕاندا هاتووە: «یەکخستنی گوتاری هەینی لە شارەکاندا، کپکردنی دەنگی ئازادەو گەمەیەکە دەسەڵات دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە گوتاری ئایینی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بەکاری بهێنێت».

سەرەڕای ئەو ڕوونکردنەوەیەو لێدوانێکی

مەرامو بەرژەوەندیی دیکە.

وتەبێژی یەکێتیی زانایان ئەوەشی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە: «ئێستا کێشە لەنێوان هەندێک نووسەرو ڕۆشنبیردا هەیە، کە هەندێک مامۆستای ئایینی وەڵامیان دەدەنەوە، ئێستاش تۆپەکان لە گۆڕەپانی ئەو هەندە ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسانەدایە کە بەبێ هۆ خەریکی ئیستفزازکردنن لە تەعامولکردن لەگەڵ ڕەمزەکاندا لە دەقە ئەدەبییەکاندا، تکامان وایە شتێک نەکرێتە ڕەمزی نووسین‌و بابەتەکان کە سووکایەتی بێت، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە ئەوەیە کە بتوانێت موراعاتی ئەو دۆخە بکات‌و دەرفەت نەداتە دوژمنان لەلایەکەوە وا پیشان بدرێت، کە هەرێمی کوردستان تازە بووەتە کافرستان‌و هەموو شتێکی خراپی تێدا دەکرێت، یان بە پێچەوانەوە مەلاکان حوکمی دەکەن‌و یاسا دادەنێن».

# ڕۆشنبیرانی کەرکوک: پایتەختی ڕۆشنبیریی تەنیا دروشم بوو

ئارام جەمال- کەرکوک

ئەدیبو نووسەرو هونەرمەندانی کەرکوک نیگەرانن لە کارو چالاکییەکانی پایتەختی ڕۆشنبیریی عێراق لە ماوەی یەک سالی ڕابردوودا، خەرجکردنی بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیریش بە ناشەفاف وەسف دەکەن.

وەک پرۆژەیەکی نوێو بە ئامانجی پێشخستنی ڕۆشنبیریی لە پارێزگاکانی عێراقدا، سالی (٢٠١٠) وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق بڕیاریدا هەر سالەو پارێزگایەک وەک پایتەختی ڕۆشنبیریی عێراق بناسرێت، لە یەکەم هەنگاوداو سالی ڕابردوو کەرکوک کرایە پایتەختی ڕۆشنبیریی عێراقو بۆ ئەو مەبەستە وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق بڕی (٣٠٠) ملیۆن دینارو وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش (١٥٠) ملیۆن دینارو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش بڕی (١٥٠) ملیۆن دیناریان تەرخانکرد بۆ بەڕێوەچوونی کارو چالاکییە ڕۆشنبیریی‌و ئەدەبی‌و هونەرییەکانی پایتەختی ڕۆشنبیریی.

بەپێی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامە لە لیژنەی بالای سەرپەرشتیاری کارو چالاکییەکانی پایتەختی ڕۆشنبیرییەوە دەستی کەوتووە، لە ماوەی ئەو سالەدا نزیکەی (٥٠) چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دراونو لە کۆی بودجەکەش کە بڕەکەی (٦٠٠) ملیۆن دینارە، نزیکەی (١٠٠) ملیۆنی خەرج نەکراوەو گەڕێنراوەتەوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق.

فەوزی ئەتروشی، بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کاتێک بڕیار لە پرۆژەکە درا مەبەستمان بوو لە یەکەم هەنگاودا کەرکوک هەلبژێرین بە ئامانجی تێکەلکردنی کارو چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوە جیاوازەکانی شارەکە لە پرۆژەو کاری هاوبەشدا، کە پێشتر هەر نەتەوەو کارو چالاکییەکانی خۆی بە جیا ئەنجام دەدا، ئەو ئامانجەمان پێکاو بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئیدارەو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک توانیمان کاری باش ئەنجام بدەین».

ئەتروشی، وتیشی: «کاری باش ئەنجام دراوە لە؛ چالاکیی، فێستیڤالی جۆراوجۆر، کۆڕو کۆبوونەوەی ڕۆشنبیریی‌و هونەریی‌و ئەدەبی‌و بڕیاریشە لە چوارچێوەی کارەکانی پایتەختی ڕۆشنبیریدا (٥٠) کتێب بۆ نووسەرانی کەرکوک چاپ بکرێنو پەیکەرێکیش بە ناوی پەیکەری پێکەوەژیان لە شارەکەدا دروست بکرێت».



لە بەرامبەردا ئەدیبو نووسەرو هونەرمەندان لە کارەکانی پایتەختی ڕۆشنبیریی ناڕازینو هەندێکیان لە سەرەتاوە بایکۆتی بەشداریکردنیان کرد، لەتیف فاتیح فەرەج، نووسەرو ڕۆژنامەنووس بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سالی ڕابردوو لە سەرەتای بڕیاردان لەوەی کەرکوک بکرێتە پایتەختی ڕۆشنبیریی عێراق، لەگەل بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی قسەمان کردو کۆمەلێک سەرنجو تێبینیمان پێیدا، بەلام تێبینییەکانمان بە هەند وەرنەگیرانو بەو هۆیەوە وەک سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بایکۆتی بەشداریکردنمان لە چالاکییەکاندا کرد».

لەتیف، وتیشی: «پرۆژەکە تەنیا ناو بوو بە بێ ناوەڕۆک، چونکە کردنی کەرکوک بە پایتەختی ڕۆشنبیریی دەبوو لە شەش مانگی کۆتایی سالی (٢٠٠٩)دا ئامادەکاریی بۆ بکرایە، نەک لە مانگەکانی (٣و ٤)ی سالی ڕابردوو بە پەلە بڕیارێکی لەو جۆرە درا بە بێ ئامادەکاریی، جگە لەوەش بودجەی پرۆژەکە شەفاف نەبوو، ئەو کارانەشی ئەنجامدران هیچیان شتێکیان پێشکەشی ڕۆشنبیریی شارەکە نەکرد».

شاری کەرکوک لە سەردەمی بەعسدا بە هۆی نەوتەکەیەوە تەعریب کراو دانیشتووانەکەی نەیانتوانی سوود لە خێرو بێرەکەی ببینن، لەدوای ڕووخانی بەعسیش بە هۆی نەوتەکەیەوە توندوتیژیی تیایدا سەری هەلداو تائێستاش بە یەکێک لە شارە وێرانەکانی عێراق دەژمێردرێت، بۆیە کارو چالاکییەکان لەم شارەدا جێگەی خۆیان ناگرنو بۆ مەرامی تر بەکاردەهێنرێن.

عارف مەعروف داودی، یەکێکی دیکە لە ئەدیبانی کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کارو چالاکییەکان بۆ هەندێک کەسی حیزبیی قۆرخ کرابوونو زۆرینەیەکی خراپ کەمینەی ڕۆشنبیریی خواردبوو، جگە لە بێ سەرەو بەرەیی‌و بێ بەرنامەیی ژێرخانی ئابووریی شارەکە سفر بوو، بۆ نموونە میوانانی شارەکانی دیکە کە بەشدارییان لە چالاکییەکاندا دەکرد ئۆتێلو میوانخانەیەکی وا لە شارەکەدا نەبوو تیایدا بمێننەوە، ناچار دەچوونەوە مالی ئەدیبو ڕۆشنبیرانی کەرکوک دەمانەوە».

هاوکات هونەرمەند عەلی زەنگەنە، ئەندامی لیژنەی بالای سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە لە لیژنەی بالا بووینو نەمانزانیوە بودجەی پرۆژەکە چۆن سەرف دەکرێتو ئەوەشی کە دەزانین، نزیکەی (١٠٠) ملیۆن دیناری پرۆژەکە خەرج نەکراوەو گەڕێنراوەتەوە بۆ بەغدا، جگە لەوەش غەدر لە هونەرمەندان کراو لە ئاهەنگی کۆتایی کارەکانی پایتەختی ڕۆشنبیریدا هونەرمەندان ڕێزیان لێ نەگیراو خەلات نەکران».

لە مانگی (٢٠١٠/٤)دا لە چوارچێوەی ئاهەنگێکدا لە شاری کەرکوک سەرەتای کارو چالاکییەکانی پایتەختی ڕۆشنبیریی عێراق لە شاری کەرکوک دەستپێکردو لە ڕۆژی (١٥)ی ئەم مانگەشدا لە هۆلی چالاکیی قوتابخانەکان لە ئاهەنگێکدا کە پێشانگەیەکو ژمارەیەک تابلۆی هونەری هەلپەڕکێ پێشکەشکران، کۆتایی بە کارەکانی پایتەختی ڕۆشنبیریی هێنرا.

# زۆربەی پرۆژەکانی «پترۆ دۆلاری کەرکوک» جێبەجێنەکراون

شالاو محەمەد

لە کۆی بودجەی پترۆ دۆلاری کەرکوک، کە (٢١١) ملیار دینارە، تەنیا (٥٠) ملیاری گەیشتووەتە شارەکەو نەتوانراوە پرۆژەکانی ئەو بودجەیە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش پێیوایە؛ گەندەلیی‌و ڕۆتینات بووەتە هۆکاری پەککستنی پرۆژەخزمەتگوزارییەکانی بودجەی پترۆ دۆلار».

بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامە لە بەشی یەکەمی خشتەی بودجەی پترۆ دۆلاری کەرکوک بۆ سالی (٢٠١٠) ئاماژە بە (١٩) پرۆژەی خزمەتگوزاریی‌و ستراتیژیی دەکات لە بوارەکانی شارەوانی‌و تەندروستی‌و ئاو و ئاوەڕۆو کارەباو وەرزشەوانی سەرف دەکرێت، بەلام بە هۆی ئەوەی دوو پرۆژەیان لە پلانی وەزارەتی شارەوانییەکان بوونی هەبووە، بۆیە لە بودجەی پترۆ دۆلار دەرهێنراون، بەوپێیە لە ئێستادا (١٧) پرۆژەی خزمەتگوزاریی‌و ستراتیژیی لە بودجەی پترۆ دۆلاری کەرکوک بوونی هەیە، بەلام هیچ کام لەو پرۆژانە نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەو بارەیەوە ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ئاماژەی بەوەدا؛ کە جۆرە فەوزایەک لە کارکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردندا هەیە، کە بووەتە هۆکاری تێکەلکردنی پرۆژەکانی بودجەی پترۆ دۆلار، وتیشی: «تائێستا لە کۆی ئەو (٢١١) ملیار دینارەی بودجەی پترۆ دۆلار (٥٠) ملیاری گەیشتووەتە کەرکوک، ئەمەش ئەو لێکترازانەی نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو پارێزگار دەسەلمێنێت، کە نەتوانراوە کۆدەنگیی دروستبکرێت بەرامبەر ئەو هەنگاوەی کە هەردوو وەزارەتی پلاندانانو دارایی عێراق دژ بە کەرکوک ئەنجامی دەدات».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکوک ئاماژەی بەوەشدا؛ کە گەندەلیی‌و ڕۆتیناتێک بەدیدەکرێت لە کاتی ڕاگەیاندنی پرۆژەکانو بەلێندەر، دەلێت؛ داوای بەرتیلم لێکراوە بۆ وەرگرتنی پرۆژەیەک».

لەوبارەیەوە عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک ئاماژەی بەوەدا؛ کە دوای ئەوەی نەخشەی پترۆ دۆلاریان ناردووە بۆ وەزارەتی پلاندانانی عێراق، دوو پرۆژەی تێدا دەرکراوە، بەهۆی ئەوەی لە پلانی وەزارەتی شارەوانییەکان هەبووەو پرۆژەکانی تر پەسەند کراونو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە دەستمان کردووە بە ڕاگەیاندنی پرۆژەکان بە هۆی ئەوەی زۆربەیان ستراتیژیی‌و گەورەنو زۆربەیان لە (تەحلیل) دانو چاوەڕوانی ئەنجامی لیژنەی تەحلیلین تا بدرێت بەو کۆمپانیایەک، کە دەبێت ئەو ڕێنماییەی تیابێت کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین».

پارێزگاری کەرکوک هۆکاری جێبەجێ نەکردنی پرۆژە ستراتیژیی‌و خزمەتگوزارییەکانی نەخشەی بودجەی پترۆ دۆلار دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕێنماپییەکان، وتیشی: «هەر پرۆژەیەک کە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە کۆمەلێک ڕێوشوێنی یاسایی پێش جێبەجێکردنی هەیە، کە ناتوانین پێچەوانەی ئەو ڕێنماییانە کار بکەین، چونکە بلاوکراوەیەک هەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو تێدا هاتووە: هەر پرۆژەیەک پێچەوانەی ڕێنماییەکان بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بودجەی ئەو پرۆژەیە سەرف ناکرێت».

# عەرەبی «هاوردە» خۆپیشاندان دەکەن

ڕۆژنامە

ماوەی دوو سالە خێزانە هاوردەکانی پارێزگای کەرکوک چەکی قەرەبووکردنەوەی مادەی (١٤٠)یان وەرنەگرتووە، بۆ ئەو مەبەستەش وەک ناڕەزایی دەربڕینێک بەنیازن خۆپیشاندان ئەنجام بدەن.

محەمەد خەلیل جبوری، ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە سایتی (سبەی) ڕاگەیاند: ماوەی دوو سالە خێزانە عەرەبە هاوردەکانی شاری کەرکوک مامەلەی گەڕانەوەیان کردووە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەلام تاوەکو ئێستا چەکی قەرەبووی مادەی (١٤٠)یان وەرنەگرتووە، هەر بۆیە ئەو خێزانانە هەڕەشەی خۆپیشاندانێکی جەماوەریی دەکەن، ئەگەر بێتو چەکی قەرەبوویان پێ نەدرێت.

جبوری، لای خۆیەوە داوای لە سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کرد، کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی ئەو خێزانە عەرەبانە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

لەلایەکی ترەوە، ئەندامێکی دیکەی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە کەرکوک بە ناوی ئاشوور لیندا کلدانی، ئاماژەی بەوە کرد؛ کە ئەوان وەک لیژنەی مادەی (١٤٠) هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە دواکەوتنی چەکی قەرەبووکردنەوەی خێزانە عەرەبە هاوردەکان، چونکە وەزارەتی دارایی عێراق بودجە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) تەرخان دەکات، نەک ئێمە.

وتیشی: ماوەی دوو سالە وەزارەتی دارایی عێراق بودجەی تایبەتی بۆ خێزانە عەرەبە هاوردەکان تەرخان نەکردووە، هەرکاتێک ئەو بودجەیە تەرخانکرا، ئەوا ئێمەش لای خۆمانەوە دابەشی دەکەین بەسەر خێزانە هاوردەکاندا.

ئەو ئەندامەی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) جەختی لەوە کردەوە؛ کە تاوەکو ئێستا (٣٠) قۆناغ لە خێزانە عەرەبە هاوردەکات قەرەبوو نەکراونەتەوە، لەکاتێکدا کە هەر قۆناغێک بریتییە لە (١٦٠٠) خێزانو کۆی سەرجەم ئەو خێزانانە دەکاتە (٤٨) هەزار خێزانی ئاوارە.

ئاماژەی بەوەشکرد؛ کە لە ماوەی ڕابردوودا تاوەکو ئێستا لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، (٩٤٨) ملیار دیناری وەک قەرەبووی خێزانە هاوردەکان خەرج کردووە.

# کوردو عەرەب و تورکمان دەست بە «گفتوگۆی هێمنانە» دەکەنەوە

ئارام جەمال

هەولێکی نوێ لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا لە ئارادایە بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی کێشەکانی شارەکە بۆ سەر مێزی گفتوگۆو هێنانەکایەی هەماهەنگیی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی‌و ئایینیەکانی.

لە ئێستادا ئەندامانی لیستە جیاوازەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەوە ئاشکرا دەکەن؛ کە هەولێکی نوێ لەناو ئەنجومەندا سەریهەلداوە بە ئامانجی دووبارە چالاککردنی لیژنەی هەمئاهەنگیی نێوان لیستەکانو دووبارە هێنانەوەی کێشەکانی شارەکە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ.

ماوەی زیاتر لە سالێکە، بە تایبەت لەدوای ئەنجامدانی هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، هیچ گفتوگۆو دانوستانێکی بابەتی لەنێوان پێکهاتەو لیستەکانی شارەکە ئەنجام نەدراوە، لەسەر پرسە هەلواسراوەکانی ئەو شارە، بەلام ئەوەی ئێستا بەدیدەکرێت جۆرێک لە کرانەوەی کێشەی کەرکوکە، بە تایبەت جموجولە هەرێمییەکانو سەردانی دوو بەرپرسی ئێرانی‌و تورکی لەسەر ئاستی کونسولخانە لە سەرەتای ئەم مانگەدا بۆ شاری کەرکوکو دواتریش لێدوانەکانی جیم جێفری، بالیۆزی ئەمریکا لە عێراق کە پابەندبوونی ولاتەکەی بە مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقەوە دووپاتکردەوەو بە باشترین چارەسەر بۆ کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان وەسفکرد.

لە ئاستی ناوخۆی کەرکوکیشدا هەندێ جموجول لەنێوان لیستەکانی ئەنجومەندا بەدیدەکرێتو لەم مانگەدا لیژنەی هەمئاهەنگیی نێوان لیستەکان چالاککراوەو ژمارەیەک کۆبوونەوەش ئەنجام دراوە.

کامەران کەرکوکی، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «جموجولەکانی ئەم دواییەی ناو ئەنجومەن پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە جموجولە هەرێمی‌و نێودەولەتییەکانەوە هەیەو ئێستا ئەنجومەن بڕیاری چالاککردنی لیژنەی هەمئاهەنگیی نێوان لیستەکانی داوەو لەم مانگەشدا ژمارەیەک کۆبوونەوە ئەنجام دراوە، هەموو لایەنەکانیش لەو بڕوایەدان کێشەهەلواسراوەکان بە زوویی چارەسەر بکرێت».



بۆهەمان مەبەست محەمەد خەلیل جبوری، ئەندامی گردبوونەوەی کۆماری لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەول لە ئارادایە بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان، ئێمەو لیستی برایەتی پرۆتۆکۆلێکی پێشووەختمان هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان کە لە ٢٠٠٧/١٢/٢دا لەنێوانماندا ئیمزا کراوە، هەمان ئەو پرۆتۆکۆلەشمان داوەتە نوێنەرانی کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕوامان وایە لە ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا کاری لەسەر بکرێتو کێشەی شارەکە بەرەو پێشچوون بەخۆوە ببینێت بە ئاراستەی چارەسەر».

لە بەرامبەردا ئەندامێکی کوتلەی تورکمان لە ئەنجومەنی کەرکوک لەگەل ئەوەی لەگەل چارەسەری بە پەلەی کێشەی کەرکوکدایە، بەلام پێیوایە؛ نەبوونی ئیرادەی سەربەخۆو بڕیاری یەکلاییکەرەوە لەناو لیستەکانی ئەنجومەندا، مەحالە لە ناوخۆدا کێشەکان چارەسەر بکرێن.

نەجات حسێن، ئەندامی کوتلەی تورکمان لە ئەنجومەنی کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کرانەوەی گرنگ نەک لەسەر ئاستی کەرکوک، بەلکو لەسەر ئاستی عێراق لە ئارادایە، بەلام لە ئاستی ناوخۆدا بەپێی ئەزموونی ڕابردوو کە چەندین ڕێککەوتنو دانوستان لەنێوانماندا هەبوو، بەلام بە هۆی ئەوەی لیستەکان خاوەنی بڕیاری کۆتایی نەبوونو کاتێک لەسەر بابەتێک نزیکبوونەوە ڕووی دەدا، بەلام لایەنە دەرەکییەکان تێکیان دەدا، بۆیە بڕوام وایە دەبێت بەر لە ناوخۆ کۆدەنگییەکی هەرێمیی‌و نێودەولەتی هەبێت لەسەر چارەسەری کێشەکە، ئەگەرنا بەم بێدەسەلاتییەی ئێستا لیستەکانی ناو کەرکوک ناتوانن بگەنە ئەنجامێک»، نەجات حسێن، پێشیوایە؛ کورد بەر لە هەموو کەس زیان بەخۆی دەگەیەنێت، ئەگەر لە ئێستادا داوا بکات کەرکوک بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستانو بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو مامەلەیەی کورد لە دوای پرۆسەوە بەرامبەر کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکان کردی، مامەلەیەکی هەلە بوو کوردی لە ستراتیژی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دوورخستەوە، بۆیە لە ئێستادا کەرکوک هەرێمێکی سەربەخۆ بێت، کورد کۆلەکەی سەرەکیی دەبێت لەو هەرێمەدا».

هەشت ساڵە (١٠)قەزاو (٢٢)ناحیەی کوردی بەرپرسە ئیدارییەکانیان نەگۆڕاوە 10

# سیستمی هەرێم بەرەو سەرۆکایەتی دەڕوات

## پڕۆژەی چاکسازیی یاسایی سیستمی پەرلەمانیی هەرێم دەگاتە کوێ؟



فۆتۆ: بەرزان عەلی حەمە

ڕاپۆرتی: دارا دلێر

پڕۆژەی پلانی چاکسازیی یاسایی‌و ڕێکخستنی پەیوەندیی دەسەڵاتەکانی هەرێم، بۆچوونی جیاوازیی پەرلەمانتارانی کوردستانی لێدەکەوێتەوەو زۆرینەشیان پێیانوایە؛ «کەلێنی یاسایی» لە سیستمی یاسایی‌و شێوەی حوکمڕانیی هەرێم هەیە.



**عومەر عەبدولڕەحمان: بونیادی یاسای هەرێم پێویستی بە چاکسازیی‌و گۆڕانکاریی هەیە**



**بیلال سلێمان: سیستمی سەرۆکایەتی‌و حوکمی تاکەکەسی وڵات بەرەو دیکتاتۆریی دەبات**

هەفتەی ڕابردوو، لەپێناو بناغەیەکی دەستووریی تەندروست بۆ سیستمی حوکمڕانیی، د. زانا ڕەئوف، پسپۆڕ لە یاسای دەستووریی‌و ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژەی پلانی چاکسازیی یاسایی لە سیستمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق خستە ڕوو.

پڕۆژەکە لە سەرەتاوە، بەپشتبەستن بە بڕگەو مادە دەستوورییەکانی عێراق، جەختدەکاتەوە سیستمی حوکمڕانیی لە عێراقدا نوێنەرایەتی پەرلەمانییەو بەپێی مادەی (١١٧) هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ جێگیرکراوەو مادەی (١٢٠) هەبوونی دەستوور بۆ هەرێمەکان بە مەرجی ناکۆکنەبوونی لەگەڵ حوکمە بنچینەییەکانی دەستووری وڵاتدا زامنکراوە.

پڕۆژەی پەرلەمانتارەکەی گۆڕان لە گرنگترین بەشیدا پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و داوەریی هەرێم‌و لەناویشدا پەیوەندیی هەریەک لەو دەزگایانە بە دەزگای سەرۆکایەتی هەرێمەوە تیشکی خراوەتە سەر.

هاوڕالەگەڵ بۆچوونی ئەو پەرلەمانتارانەی لەم ڕاپۆرتەدا قسەیان لەسەر ئەو تەوەرە کردووەو بەشێک لەکێشەکان دەگێڕنەوە بۆ نەبوونی دەستووری هەرێم لە ڕێکخستنی ئەرک‌و ڕۆڵ‌و پەیوەندیی دەسەڵات‌و دەزگاکان، ئامادەکاری پڕۆژەکە دەڵێت: «هەر پلانێک بۆ چاکسازیی یاسایی لە هەرێمی کوردستان‌و سیستمە پەرلەمانیەکەی، مەحاڵە بتوانێت سەرکەوتووبێت، ئەگەر سەرچاوەی ئەم پلانی چاکسازییە خۆی لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا نەبینێتەوە».

عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی یاسایی‌و پەرلەمانتاری یەکێتی وتی: «لەگەڵ ئەوەم بونیادی یاسای هەرێم پێویستی بە چاکسازیی‌و گۆڕانکاریی هەیەو پێویستدەکات پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان بە گیانی سەردەمیانە ڕێکبخرێتەوە».

ئەو پەرلەمانتارە ڕوونیکردەوە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان‌و باشکردنی شێوەی هەماهەنگیی نێوان سەرۆکایەتی هەرێم‌و دامودەگازگاکانی تری وەک پەرلەمان‌و حکومەت‌و دەسەڵاتی دادوەریی لە خزمەتی زیاتری پرۆسەی سیاسیی‌و شەفافیەتی حوکمڕانیی‌و خزمەتکردنی خەڵکە، بەتایبەت دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن، چونکە یەکێکیان یاسا دەردەکات‌و ئەویتریان جێبەجێی دەکات.

لە یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێم ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) چوارچێوەی ئیشکردنی ئەو دەسەڵاتەو سەربەخۆبوون‌و جیاکردنەوەی لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێم تێیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام پڕۆژەکە جەخت لەسەر بنەبڕکردنی هەیمەنەی حکومەت لەسەر بڕیارەکانی دادگاکان، سەربەخۆبوونی زیاتر دەکاتەوە.

لەبارەی سیستمی دادوەرییەوە، عومەر عەبدولڕەحمان، وتیشی: «ڕاستە دەسەڵاتی دادوەریمان هەیەو یاسای ئەنجومەنی قەزامان هەیەو جۆرێک لە سەربەخۆبوونی دارایی‌و ئیداریی خۆیان هەیەو لە دەسەڵاتەکانی تر جیاکراوەتەوە، بەڵام درێژکراوەی سیستمە دادوەرییەکەی عێراقەو بەڕێوەبردنی داگاکان‌و دامەزراندنی دادوەران‌و ڕێوشوێنەکانی تر، ئالیەتەکەی کۆنەو پێویستی بە گۆڕانکاریی‌و گەشەکردن هەیە».

لە بابی پەیوەندییەکانی پەرلەمان‌و حکومەت، پڕۆژەکە ئاماژەی بە خاڵێکی گرنگ کردووەو تێیدا هاتووە: «ئەو دۆخە ناتەندروستەی لەنێوان ئەو دوو دەزگایە هەیە، وایکردووە وەک دوو ئۆرگانی خزمەتکردن بە سەرکردە سیاسییەکان ببیندرێن». نموونەی ئەوەشی هێناوەتەوە سێ دەسەڵاتەکە وادەبیندرێت یەکیان گرتووەو خراونەتە دەستی سەرکردە سیاسییەکانەوە.

پەیوەست بەو حاڵەتە، بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامیی ئاماژەی بەوە کرد؛ سێ دەسەڵاتەکەی هەرێم زیاتر نوێنەرایەتی حیزبی دەکەن، وەک لە نوێنەرایەتی جەماوەریی، ئەو دۆخەش پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە تا کۆی ئەو دەسەڵاتانە بخاتە سەر سکەو ڕێڕەوی ئاسایی خۆی.

لەو چوارچێوەیەدا پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ ئاماژە بە کەلێنی یاسایی دەکات‌و ڕایدەگەیەنێت: «بوونی پڕۆژەیەک بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان کارێکی باشەو بە حوکمی ئەوەی پڕۆژەکە یاساییەک ئامادەیکردووەو خۆیشی پەرلەمانتارەو ئاگاداری کێشەکانە، پێویستە بخرێتە گفتوگۆوەو هەموو لایەنەکان دەوڵەمەندی بکەن».

لای خۆشیەوە، د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی کێشەی یاساییەکانی سیستمی پەرلەمانی هەرێم‌و پەیوەندیی دەسەڵاتەکان بەشێکی بۆ بۆشایی دەستووریی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت: «کۆمەڵێ خەلەل هەیە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەستوور، چونکە ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان‌و پەیوەندیی دامودەزگاو دامەزراوەکان شێوەی حوکمڕانیی پەرلەمانییە، یان سەرۆکایەتی‌و سیستمێکی تێکەڵاوە لە دەستووردا ڕەنگدەداتەوە».

وەرتی، بەشەکەی تری کێشەکان بۆ دۆخە سیاسییەکەی هەرێم‌و تێکەڵاویی دەسەڵاتی حیزب‌و دامەزراوەکانی ترو نەبوونی دامەزراوەیبوون‌و ڕەنگدانەوەی ئاسەواری دوو ئیدارەیی هەرێم دەگەڕێنێتەوە.

سەرەڕای بۆچوونی ئەو پەرلەمانتارانە، بەڵام جێگری فراکسیۆنی کوردستانیی هیچ کێشەیەکی یاسایی نابینێت کە بووبێتە کێشەیەکی واقیعی لەبەردەم بەڕێوەچوونی کاری دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن.

دلشاد شەهاب، جێگری فراکسیۆنی کوردستانیی‌و پەرلەمانتاری پارتی وتی: «لە واقیعدا دەسەڵاتەکانی هەرێم کێشەی یاسایی‌و جۆری پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر نییە، چونکە هەر یەک لەم دەسەڵاتانە بەپێی یاسایەک کاردەکەن کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بۆ نموونە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە پەرلەمان دەرچووە، پەرلەمانی کوردستان پەیڕەوی ناوخۆی خۆی هەیەو کاری لەسەر دەکات، کاروباری حکومەت‌و دەزگای دادوەریی بەپێی چەند یاسایەک دەڕوات بەڕێوە، کەواتە کێشەیەکی یاسایی لەو ڕووەوە نییە».

لە بەردەوامیی لێدوانەکەیدا، جێگری فراکسیۆنی کوردستانیی پڕۆژەکە بۆ بەرەوپێشبردنی سیستم‌و یاساکان‌و پەیوەندییەکان بە کارێکی ڕەوا دەزانێت، چونکە پێیوایە؛ ئەو وڵاتەی لەپێشکەوتندایە زەروریەتی نوێی بۆ دێتە کایەوە.

خاڵی هەڵوەستە لەسەرکراو شێوەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانە، پشتئەستوور بە مادەی یەکەم لە دەستووری عێراقی سیستمی حوکمڕانیی پەرلەمانییەو لەو چوارچێوەیەشدا فەلسەفەی حوکمڕانیی هەرێمەکانیش نابێت پێچەوانەی دەسەڵاتی ناوەند بێت، بەڵام هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم لەلایەن هاوڵاتییانەوە لە تەمموزی (٢٠٠٩)، شێوەی حوکمڕانیی لە پەرلەمانییەوە گواستەوە بۆ سیستمێکی تێکەڵاوی سەرۆکایەتی‌و پەرلەمانیی.

لە واقیعی سیاسیشدا دەرکەوتووە، دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم چەند بەرامبەرە لە دەسەڵاتی پەرلەمان‌و نوێنەرایەتیکردنی خەڵک، ڕێکخستنی کاری دەزگای سەرۆکایەتی هەرێمیش بەپێی یاسای ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)و چەند هەموارێکی تر کارەکانی ڕایی دەکات.

بیلال سلێمان، ئەوە دەخاتە ڕوو؛ هەرچەندە بەپێی یاسا شێوەی حوکمڕانیی هەرێم پەرلەمانییە، بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە لایەن هاوڵاتییانەوە سیستمەکە بە لای سەرۆکایەتیدا دەبات‌و وەک لە پەرلەمانیی، ئەم حاڵەتە لە کاتێکدا زیاتر پشتگیریی سیستمی پەرلەمانیی دەکرێت، چونکە تا ئێستا دۆخی سیاسیی‌و پەیوەندیی حیزبەکان لە هەرێم نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست



**دڵشاد شەهاب: دەسەڵاتەکانی هەرێم کێشەی یاساییان نییە**



**ئەحمەد وەرتی: چار ئەوەیە دەستوور جارێکی تر پێداچوونەوەی تێدا بکرێت‌و بێتەوە پەرلەمان‌و هەموو لایەنەکان لەسەری ڕێکبکەون.**

بەعەدەلات‌و بێلایانانە کێشەکان لەگەڵ لایەنەکانی تر چارەسەربکات.

وتیشی: «ئەزموونەکان دەریانخستووە سیستمی سەرۆکایەتی‌و حوکمی تاکەکەسی زیاتر وڵات بەرەو دیکتاتۆریی دەبات‌و پەرلەمانیش زیاتر دادپەروەریی تێدایە».

سەبارەت بە هەمان پرس، عومەر عەبدولڕەحمان، کە حیزبەکەی هاوپەیمانی پارتی‌و خاوەن پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە بڕوای وایە؛ بەپێی واقیع ئێستا شێوەی حوکمڕانیی تێکەڵاوە لە سەرۆکایەتی‌و پەرلەمانیی، ئەمەش بە «ئەزموونێکی نوێ ناو دەبات، کە دەرهەق بە باردوخی ناوچەکە خراپ نییە».

د.زانا ڕەئوف، لە پەیوەندیی نێوان سەرۆکایەتی هەرێم‌و ئەنجومەنی وەزیران لە پڕۆژەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە؛ «پەیوەندیی نێوان ئەم دووبەشە گرنگەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیاری بکرێت، بە مەرجێک لەگەڵ بنەمای دووانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سیستمی پەرلەمانیدا کۆک بێت».

لە بارەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانیش کە یاساناس بە دایکی یاساکان ناوی دەبەن، پاشئەوەی لە حوزەیرانی (٢٠٠٩) نوێنەرانی خولی دووەمی پەرلەمان تێیانپەڕاند، بەڵام دواتر بەهۆی نارەزایی ئۆپۆزسیۆن‌و ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی بەرفراوانی سەرۆکی هەرێم تێیدا، ئەو ڕەشنووسە وەک خۆی ماوەتەوەو نەتوانراوە کۆکبوونی دەستەجەمعی نێوان دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنی لێبکەوێتەوە.

د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی وتی: «پێویستە هەموو لایەنەکان ڕێکبکەون لەسەر دەستوور، ڕاستە خولی پێشووی پەرلەمان یاساکە پەسەند کراوە، بەڵام ئەوەی کە نەخراوەتە ڕاپرسییەوە هۆکاری سیاسییە، چار ئەوەیە دەستوور جارێکی تر پێداچوونەوەی پێدا بکرێت‌و بێتەوە پەرلەمان‌و هەموو لایەنەکان لەسەری ڕێکبەون، بەمەش زۆر کێشەی یاسایی هەرێم چارەسەر دەبێت».

لەبارەی میکانیزمی سەرکەوتنی پلانی چاکسازیی یاسایی لە سیستمی پەرلەمانیدا، جگە لە ڕەنگدانەوەی لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێم، لەپڕۆژەکەدا پێویستی دروستکردنی لیژنەی باڵای چاکسازیی یاسایی لەژێر سەرپەرشتی پەرلەمانی کوردستان‌و لە ناویشیدا پێکهێنانی چەندین لیژنەی فەرعیی بۆ پراکتیزەکردنی پڕۆژەکەو سازدانی کۆنفرانس‌و سیمینارو دەوڵەمەندکردنی خراوەتە ڕوو.

# سەرۆکایەتی هەرێم پشتیوانی لە ناردنەوەی پڕۆژەیاسای داواکارانی گشتیی دەکات بۆ پەرلەمان

شارا عەبدولڕەحمان

داواکارانی گشتیی لە کوردستان پڕۆژەیاسایەکیان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای داواکاری گشتیی ئامادە کردووەو بەنیازن پێشکەشی پەرلەمانی بکەن، سەرۆکایەتی هەرێمیش پشتگیریی لەو هەموارکردنەوەیە دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەر لە چەند مانگێک فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیاسایەکی تایبەتیان لەوبارەیەوە پێشکەشی پەرلەمان کرد، بەڵام لیستی دەسەڵات ڕێگەیان نەدا یاساکە تێپەڕێنرێت.

دوای ئەوەی کە داواکارانی گشتیی لە کوردستان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا کۆبوونەوە، داوایانکرد کە لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٧٩)ی عێراقەوە سەربەخۆییان لە ڕووی ئیداریی‌و دارایی‌و دەسەڵاتەوە بە میکانیزمێکی نوێ دیاری بکرێت، هەر بۆیە لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێم‌و لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستاندا کە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو ئەنجام درا، داواکارانی گشتیی پشتگیریی سەرۆکایەتی هەرێمیان بەدەستهێنا.

ئازاد عیزەدین، ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێم لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پڕۆژەیاساکە هی داواکاری گشتیی خۆیانەو ئێمەش پێمان باشە، دەسەڵاتی دادوەریش بۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە هەیە، بۆیە ماوەتەوە کۆبوونەوەی فراوان بکرێت‌و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت‌و بکرێتە پڕۆژەیاسایەکی تۆکمەو پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، تا لەڕێیەوە یاسای ژمارە (١٥٩)ی عێراق بە ئاراستەیەکی باشدا هەمواربکرێتەوە.

دوو ساڵ لەمەوبەر داواکارانی گشتیی پڕۆژەیاسایەکیان ئامادەکرد، کە تێیدا ماف‌و دەسەڵاتێکی زۆری بۆ داواکارانی گشتیی دەستەبەر کردبوو، بەڵام پڕۆژەکە تائێستا لەنێوان وەزارەتی دادو پەرلەمان‌و ئەنجومەنی شورادا چەندین جار هاتوچۆی پێکراوەو تائێستا نەکراوە بە یاسا.

هاوکات لە کۆتایی مانگی تەمموزی ساڵی ڕابردوودا فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژەیاسایەکی تایبەت بە داواکاری گشتیی پێشکەشی پەرلەمان کرد، بەڵام بە زۆرینەی دەنگی لیستی دەسەڵات لە پەرلەمان ڕەتکرایەوە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان‌و پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژەی بەوە کرد؛ کە بیانووەکانی لیستی دەسەڵات لەسەر پڕۆژەکەیان ڕەوا نەبووە، وتیشی: «لە ڕەتکردنەوەکەدا بیانووی ئەوەیان دەهێنایەوە، کە چەندین یاسای پەیوەندیدار دەبێت دەستکاریی بکرێت وەک: یاسای وەزارەتی دادو دەسەڵاتی دادوەریی، بەڵام هۆکارە سەرەکییەکە کە ڕەتکردنەوەی ئەو پڕۆژەیەیە، ئەوە بوو کە لیستی دەسەڵات نایانەوێت هیچ پڕۆژەیەکی گرنگ لەسەر دەستی ئۆپۆزسیۆن تێپەڕێت، جا ئەگەر بۆ مەسەلەی نیشتمانیی‌و سیستم ڕێکوپێککردنیش بێت مادام ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی کردووە ئەوان ڕەتی دەکەنەوە».

لە ئێستاشدا کە داواکارانی گشتیی بەگڕوتینەوە داوای هەموارکردنەوەی یاساکەیان دەکەن، گرنگیی‌و خەسڵەتی تێپەڕاندنی پڕۆژەیاساکەی گۆڕان زیاتر بەدیار کەوتووە، هەربۆیە کاردۆ جەختی لەوە کردەوە کە لەسەر بنەمای پڕۆژەکەی خۆیان پشتیوانیی لە هەر پڕۆژەیەک دەکەن کە بۆ بەهێزکردن‌و سەربەخۆکردنی دەزگای داواکاری گشتیی کار بکات.

## سەرۆکی کۆمەڵەی عێراقی بۆ بەرگریکردن لە مافی رۆژنامەنووسان:

# رۆژنامەنووسانی سەربەخۆی هەرێم، ئازانو پێویستە رێزیان لێبگیرێت

سازدانی: هەستیار قادر

**ئیبراهیم سەراجی، سەرۆکی کۆمەڵەی عێراقی بۆ بەرگریکردن لە مافی رۆژنامەنووسان، رەخنە لەو زنجیرە داوا یاساییانە دەگرێت کە دژ بە رۆژنامەنووسانی هەریم پێشکەشکراونو پێیوایە، «ئەو پێشێلکارییانەی دژ بە رۆژنامەنووسانی هەرێم دەکرێن، هەموو لایەکیان تۆقاندووەو یاسای رۆژنامەگەریی هەرێمیشی کردووەتە مەرەکەبی سەر کاغەز».**
**سەراجی، لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا، دەڵێت: «پێشێلکارییەکانی دژ بە ئازادیی لە هەرێم، بونیادی دیکتاتۆرییان تێدایەو دەبێت سەندیکای رۆژنامەنووسانی هەرێمیش، بەرگریی لە رۆژنامەنووسان بکات، نەک پشتیان تێبکات».**


ئیبراهیم سەڕاجی

**رۆژنامە: ماوەیەک لەمەوبەر، راپۆرتێکتان لەسەر رەوشی ئازادیی رۆژنامەنووسیو مەترسیی سەر رۆژنامەنووسان بڵاوکردەوەو تیایدا جۆرێک مەترسیی بەدی دەکرا لەسەر رۆژنامەنووسانو کاری رۆژنامەنووسی، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان، پێتوایە کە ئازادیی رادەربڕین لە رێگەی تۆقاندنو دادگاییکردنی رۆژنامەنووسانەوە لەپاشەکشێدایە؟**

* ئێمە لە کۆمەڵەی عێراقی بۆ بەرگریکردن لە مافی رۆژنامەنووسان، هەست بە نیگەرانییو دڵەڕاوکێ دەکەین لە واقیعی ئازادیی رۆژنامەوانیو رادەربڕین لە هەرێمی کوردستانو پێمانوابوو کە یاسای رۆژنامەگەریی هەرێم، پاڵپشتی ئازادیی رۆژنامەوانیو رادەربڕین دەکاتو ئەو ئازادییانە دەکاتە واقیعو مافێک کە رۆژنامەنووسان مومارەسەی بکەن لە هەرێمدا، بەڵام بەداخەوە، ئەو هەڵسوکەوتە سلبییانەی کە دژ بە رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان پیادەکران، یاسای رۆژنامەگەریی هەرێمیان سەرتاپا هەڵوەشاندەوەو بەتەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە.

**رۆژنامە: هەندێک پێیانوابوو کە ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمدا، دەبوو ببێتە نموونە بۆ شارەکانی تری عێراق، بەڵام زیادبوونی رێژەی پێشێلکاریی دژ بە رۆژنامەنووسان لە هەریمدا، ئەو تیۆرەی هەڵوەشاندووەتەوە؟ رات لەوبارەیەوە.**

* ئەزموونی هەرێمی کوردستان، پێشەنگ بووە لە بواری ئازادیی رۆژنامەنووسان، بەڵام بەداخەوە ئەو پێشێلکارییانەی لە هەرێمی کوردستان دژ بە رۆژنامەنووسان دەبینرێن، جۆرێک لە تۆقاندنو ترسی لەلای هەمووان دروستکردووەو بەوپێیەی کە ئازادیی رۆژنامەوانیو رادەربڕین لە هەرێم چووەتە بارێکی مەترسیدارەوەو پێویستە حکومەتی ناوەندیش کاربکات بۆ راگرتنی پێشێلکارییو توندوتیژیی دژ بە رۆژنامەنووسانی عێراق ئەگەر لە هەرێمی کوردستاندا بن، یان لەدەرەوەی ئەو هەرێمە، ناوچەکانی تری عێراقیش بێبەش نیین لە پێشێلکردنی مافی رۆژنامەنووسانو پیادەکردنی توندوتیژیی دژیان، بەڵام ئەزموونی کاری رۆژنامەوانیی لە هەرێمی کوردستاندا، مێژوویەکی شەرەفمەندانەی هەیەو ئەوەش وای لێکردووە کە پێشێلکاریی لەدژی بکرێتو لەدادگا شکاتیان لێبکرێتو ئەوە کەشی ئازادیی رۆژنامەوانییو رادەربڕینە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو پێویستە لەوپێناوەشدا رۆژنامەنووسان قوربانیی بدەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیانو رۆژنامە کوردییەکانیش توانییان متمانەی خوێنەران بەدەستبهێننو جەماوەریان هەبێت، چونکە خاوەنی پرۆفیشناڵییو راستگۆییەکی بەرزن.

**رۆژنامە: هاوکێشەی دەسەڵات، دادگا، رۆژنامەنووسان، لە ململانێی ئازادیی هەرێمدا، چۆن دەبینیت؟**

* لە راپۆرتی ساڵانەماندا سەبارەت بە رەوشی ئازادیی رۆژنامەنووسانی (٢٠١٠)ی عێراق، ئاماژەمان بە مەترسیی داوا یاساییەکان دا لەسەر رۆژنامەنووسانی هەرێم، کە کاریگەریی سلبیی لەسەر ئازادیی رۆژنامەنووسیی دەبێت، بەداخەوە، ئەو هەنگاوەی کە هەندێک لە سیاسییەکان پەنایان بۆ برد بۆ ئەوە بوو کە ئازادیی رۆژنامەنووسیی کپو سنووردار بکەنو بیانکەنە زوڕناژەنی دەسەڵاتو گلەییشمان لە دادگاکان کرد کە ئەگەر رۆژنامەوانیی سەربەخۆ لە ژینگەیەکی مەترسیداردا کاربکات، پێویستە یاسایەک گەڵاڵەبکرێت کە پشتی ئازادیی رۆژنامەوانیی بگرێتو دادگاش ئینسافانە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەگەریدا بکاتو دادوەرانە بڕیارەکانی دەربکاتو پێویستە سیاسییو بەرپرسەباڵاکانیش، رێگە لە ئازادیی رۆژنامەوانییو رادەربڕین نەگرنو شەفافو بێلایەنانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن وەک ئەوەی کە دەسەڵاتی چوارەمەو رۆژنامە دوژمنی بەرپرسان نییە، بەڵکو دەسەڵاتی چاودێریکردنە.

**رۆژنامە: هەندێک پێیانوایە، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە لەدژی رۆژنامەنووسانی هەرێم، بونیادی دیکتاتۆربوونیان تیایە؟**

* بێگومان، رژێمی پێشوو لەدوای کودەتاکەی، دەستی کرد بە سنووردارکردنی ئازادیی رۆژژنامەوانییو رادەربڕینو بەتاڵکردنەوەی لە ناواخنو ناوەڕۆکە مرۆڤایەتییەکەیو کردنی بە زوڕناژەنی سیاسەتە چەوتەکانی، بۆیە راگەیاندنی عێراقیو عەرەبیو تەنانەت بیانییش کاتێ خۆی باسی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیان نەکرد، چونکە سەدام زۆربەی ئەو دامەزراوە راگەیاندنانەی کڕیبوو، ئێمە نامانەوێت سەدام بە رووخسارێکی ترەوە بگەڕێتەوە، دەمانەوێت ئازادییەکی رۆژنامەوانیی وا فەراهەم ببێت کە کار بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان بکات.

بەپێچەوانەشەوە، بەردەوامیی پێشێلکاریی دژ بە رۆژنامەنووسان، سەدامێکی تر لە پێگەیەکی تری عێراق دەهێنێتە کایەوە.

**رۆژنامە: پێتوایە، سیاسەتی پەراوێزخستنو هەیمەنەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان سەربگرێت لەسایەی واقیعی بوونی رۆژنامەوانی ئازاو ئازاد لە هەرێمدا؟**

* هەموو دونیا ئاگاداری ئەو موعاناتانەن کە رۆژنامەوانیی کوردی سەربەخۆ بەدەستییانەوە دەناڵێنێت کە پەیوەندییان بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە نییە، لەگەڵ رێزماندا بۆ سەرجەم حیزبەکان، جگەلەوەش تا ئێستا دادگاکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای ژمارە (٦٥)ی ساڵی (١٩٦٩)و یاسای چاپەمەنییەکانی تر

**پێشێلکاریی دژ بە رۆژنامەنووسانی هەرێم، هەمووانی تۆقاندووە**

کاردەکەن، کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا کاریان پێدەکرا، کە هەندێک لە خاڵەکانی ئەو دوو یاسایە دژی دەستووری هەمیشەیی عێراقن.

**رۆژنامە: گلەیی لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی هەرێم دەکرێت کە رۆڵێکی ئەوتۆی نییە لە پشتگیریکردنی رۆژنامەنووسانو فەراهەمکردنی ئازادییەکاندا، کام هەنگاو هەیە سەندیکای ناوبراو دەبوایە بینایەو تا ئێستا ئەنجامی نەداوە؟**

* ئەوەی زانراوە، ئەوەیە کە ئەرکی سەرەکیی سەندیکا بەرگریکردنە لە ئەندامەکانی بەهەرشێوازێک بێتو موجامەلەی هیچ کەسێک لەسەر بەرژەوەندیی ئەندامانی نەکات، واتە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، پێویستە پشتگیریی رۆژنامەنووسان بکات لەدژی ئەو دۆسییانەی لەدژیان دەوروژێنرێن، ئەگەر ئەو رۆژنامەنووسانە ئەندام بن لەو سەندیکایە، یان نا، نەک ببێتە دەزگایەک بۆ دژایەتیکردنی رۆژنامەنووسانو پشتتێکردنیان، پێویستە سەندیکای هەرێم بەمتمانەوە پشتگیریی رۆژنامەنووسان بکاتو گرووپێک لە پارێزەران بۆ پشتگیریکردنی پێکبهێنرێتو رێگە لە پێشێلکردنی مافەکانیان بگیرێت.

**رۆژنامە: پێویستە رۆژنامەنووس بێدەنگ بێت، یان بپرسێت، کامیان کاری خۆیەتی؟**

* مافی رۆژنامەنووسو جەماوەرە کە بزاننو دەبێت رۆژنامەنووس زانیاریی بداتە هاوڵاتییان تا ئەوکاتەی کەسانێک هەبن ئەو زانیارییانە لە هاوڵاتییان بشارنەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان. رۆژنامەنووس بەچاوی خەڵک لەسەر دەسەڵات وەسفکراوە کە حەقیقەتەکانیان بۆ دەگوازێتەوەو ئەو مافەش لە دەستووردا رێزی لێگیراوە.

**رۆژنامە: لەسەر ئەو پێشێلکارییانە، لایەنە پەیوەندیدارەکانتان ئاگادار کردووەتەوە؟**

* سەرجەم رێکخراوە هەرێمیو نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە مافی رۆژنامەنووسانەوە، ئاگاداری ئەوەن کە رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان چییان بەسەردێتو ئاگاداری قەبارەی ئەو موعاناتەن کە هەیانە، کۆمەڵەکەشمان راپۆرتیان لەسەر ئەو رەوشە دەداتیو گرووپێکی کاری بەهێزمان هەیە بۆ بەرگریکردن لە رۆژنامەنووسانو دووپاتی دەکەمەوە، رۆژنامەنووسانی سەربەخۆی هەرێم، ئازانو پێویستە رێزیان لێبگیرێت.

## ـــان دەدەن

# ـــۆنۆمی لە هەرێم، مەسیحییەکان یەکدەخات



باسمە یوسف، پەرلەمانتاری مەسیحیی عێراق لە لیستی رافیدین کە سەر بە بزووتنەوەی ئاشوورییە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پشتگیریی لەهەردوو بیرۆکەی پێکهێنانی پارێزگایەک لە دەشتی نەینەواو پێدانی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییەکان لەناو هەرێمی کوردستان دەکەنو بە رۆژنامەی راگەیاند: «پاش رووداوەکەی کڵێسەی سەیدە نەجاتی بەغدا، جەلال تالەبانی، سەرۆک کۆمار پێشنیازی ئەوەی کرد، کە پارێزگایەک بۆ مەسیحییەکان لە دەشتی نەینەوا دروستبکرێت، بەڵام ئەو پێشنیازە جێگای قبووڵی لایەنە سیاسییەکان نەبوو، بۆیە لەئێستادا داوای ئەوە دەکەین کە پارێزگایەک کە سەرجەم کەمایەتییەکانی پارێزگای نەینەوا کە شەبەکو ئێزدیو مەسیحییەکان لە خۆبگرێت، پێکبهێنرێتو سەرجەم لایەنو پارتەکان کە نوێنەرایەتیی مەسیحییەکانیش دەکەن، کۆکن لەسەر ئەو دوو پێشنیازە».

مەسیحییەکان لەعێراقدا، دابەش دەبن بۆ چوار نەتەوەی (ئاشوورییو کلدانیو سریانیو ئەرمەنی)و لە رووی ئاینییەوە دابەش دەبن بۆ کاسۆلیکو ئەرسەدۆکس لەگەڵ کەمینەیەکی پرۆتستانتی، لە سەرژمێری ساڵی (١٩٤٧)دا رێژەی مەسیحییەکانی عێراق لەکۆی چوار ملیۆنو (٥٠٠) هەزار هاوڵاتیی عێراق، مەسیحییەکان بە (١٤٩)هەزار دیاریکراونو لە هەشتاکانی سەدەی رابردووشدا، رێژەکە بۆ نیزکەی یەک ملیۆن بەرزبووەتەوە، بەڵام لە ساڵانی نەوەدەوەکانی هەمان سەدەداو بەهۆی گەمارۆی ئابوورییو هەوڵی بەعەرەبکردنیان لەلایەن رژێمی سەدامەوە، رێژەکە کەمی کردووە، کە ئێستا لەنێوان (٥٠٠-٦٠٠)هەزار دەخەملێنرێت.

زۆربەی مەسیحییەکان، بەشێوەیەکی سەرەکیی لەبەغداو نەینەواو هەولێرو دهۆک دەژیینو لە کەرکوکو سلێمانیو بەسرە بەپلەی دووەم دێن.

خالس ئیشوەع، پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی ئەنجومەنی گەلی کلدانی ئاشووریی سریانی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە داوا دەکەن پارێزگایەک لە نەینەوا پێکبهێنرێت کە سەرجەم کەمایەتییەکانی ئەو پارێزگایە لەخۆبگریت، بەوپێیەی بە وتەی ناوبراو، دەستووری عێراق رێگا نادات بە پێکهێنانی پارێزگایەک لەسەر بنەمای نەتەوەییو ئاینی، بۆیە پاش راوێژیان بە پیاوە ئاینییە مەسیحییەکان، ئەو داوایەیان خستووەتەڕوو.

وتیشی: «تا ئێستا ئەو داواکارییانەمان بەڕەسمیی نەخستووەتەڕوو، بۆیە تا ئێستا هیچ لایەنێک دژایەتی نەکردووینو هیواداریشین لایەنەسیاسییەکان دژایەتیمان نەکەن».

ئەو پەرلەمانتارە مەسیحییە، ئاماژەی بەوەشدا: «پێکهێنانی ئەو پارێزگایە، بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشو خزمەتگوزارییە، چونکە ئەو ناوچەیە بێبەشکراوە لە خزمەتگوزاریی».

ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەپێی بڕگەی (٣٥)ی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، ماف بە مەسیحیو توکمانەکان دراوە کە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، هەرێمی ئۆتۆنۆمییان هەبێتو لەوبارەیەشەوە، خالس ئیشوەع وتی: «پاش پەسەندکردنی ئەو رەشنووسە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، ئەو داواکارییە دەخەینەڕوو».

لە رووی سیاسییەوە، دوو بەرەی سەرەکیی لەناو مەسیحییەکاندا هەن، بەرەی یەکەم بە سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی ئاشووری، کە یۆنادم کەننا سەرۆکایەتی دەکاتو ئەو بەرەیە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا سێ کورسی لە هەولێرو کەرکوکو بەغدا بەدەستهێنا لە کۆی پێنج کورسی کۆتای مەسیحییەکانو بەرەی دووەمیش، پێکدیت لە ئەنجومەنی گەلی ئاشووری کلدانی سریانیو دوو کورسییەکەی تری بەدەستهێناوەو نوێنەرانی ئەو لیستە لەهەریەک لە پارێزگای دهۆکو نەینەوان.

هاوکات، تاریق حەرب، پسپۆڕی یاسای عێراقیی، رایگەیاند: دەستوورو یاسای عێراق، تەنیا چۆنێتیی دروستبوونی ناحیەو شارۆچکەکانی رێکخستووەو ئاماژەی نەکردووە بە چۆنێتیی دروستکردنی پارێزگاکانو بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران دەنگ لەسەر دروستکردنی هەر پارێزگاو یاسایەکی تایبەت لەوبارەیەوە بداتو تیایدا مەرجەکانی دروستکردنی ئەو پارێزگایە دیاری بکات وەکو مەرجی ئەنجامدانی راپرسی رووبەرو دانیشتووانیو ژمارەی شارۆچکەکان».

ڕاپەڕینی گەلی تونس دژ بە سەرۆکی دیکتاتۆر 12

# هەشت ساڵە (١٠)قەزاو (٢٢)ناحیەی کوردی بەرپرسە ئیدارییەکانیان نەگۆڕاوە

ڕاپۆرتی: هەستیار قادر

**هەشت ساڵە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان لەعێراقدا ئەنجام نەدراوەو دانیشتووانی کوردی (١٠) قەزاو (٢٢)ناحیەی دەرەوەی هەرێم، لەو پرۆسەی ئالوگۆڕە بێبەشن‌و بەرپرسانی ئەو ناوچانەش ئاماژە بە لایەنە سلبییەکانی ئەنجامنەدانی ئەو هەڵبژاردنە دەکەن لەسەر ئەدای یەکە ئیدارییەکان.**


هاوڵاتییان دەیانەوێت بەرپرسە ئیدارییەکانیان بگۆڕن

## هەڵبژاردنێکی دواکەوتوو

لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، بە بڕیاری (٧١)ی پۆڵ برێمەری حاکمی مەدەنیی ئەوکاتەی ئەمریکا لە عێراق، ئەندامان‌و سەرۆکی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی عێراق بە تەزکیە دیاریکران‌و میکانیزمی دیاریکردنیشیان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بوو، بەشێوەیەک کە لە هەندێک ناوچە بە هەمئاهەنگیی هێزەکانی ئەمریکاو عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانە دیاریدەکران‌و لە هەندێک ناوچەی تریش بە تەوافوقی حیزبیی، ئەندامان‌و سەرۆکی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان دیاریدەکران، بەشێوەیەک کە ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا (٢٠)ئەندام‌و ئەندامانی ئەنجومەنی ناحیەش (١٠)ئەندام بوون، لەو ساتەوە تا ئێستاش هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی ئەندامانی نوێی ئەو ئەنجومەنانە ئەنجام نەدراوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەپێی یاسای ژمارە (٣٦)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی عێراق، دەبوو هەڵبژاردنی ئەو دوو ئەنجومەنە لەساڵی (٢٠٠٩)دا ئەنجدام بدرایە، بەوپێیەی لە مادەی شەشی یاساکەدا هاتووە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، وەک قۆناغی یەکەم ئەنجام دەدرێت‌و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانیش وەک قۆناغی دووەم، دەبێت لەماوەی شەش مانگ لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامبدرێت‌و بەوپێیەش کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە (٢٠٠٩/١/٣١) ئەنجامدرا، دەبوو لانیکەم تا مانگی تەممووزی هەمان ساڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان ئەنجامبدرایە، بەڵام زیاد لە ساڵێک بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕ بووە، هەڵبژاردنەکە ئەنجام نەدراوە.

## کەرکوک: بێبەشبوون لە هەڵبژاردن

لەگەڵ ئەوەی پارێزگای کەرکوک وەک سەرجەم پارێزگاکانی تری دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەهۆی کێشە سیاسییەکانەوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای لەساڵی (٢٠٠٩)دا تیا ئەنجامنەدرا، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانیشدا بۆ جاری دووەم، هاوڵاتییانی ئەو پارێزگایە لەو پرۆسە دیموکراسییە بێبەشکران. پارێزگای کەرکوک لە (٤) قەزای (کەرکوک‌و دوبزو داقوق‌و حەویجە)و (١٠) ناحیە پێکدێت، کە بەڕێژەی جیاجیا کوردیان تیایە.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەوبارەیەوە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە ئەندامان‌و سەرۆکی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان، لەکاتی خۆیدا لەسەر بنەمای تەوافوقی حیزبیی دانراون‌و بە ئیختیاری خەڵک دانەنراون‌و ڕەنگە هیچیان لەجێی خۆیاندا نەبووبن، وتیشی: «دەبوو ئەو هەڵبژاردنە بکرایەو نەکردنی کاریگەریی سلبی هەیەو کەموکورتییەکی یاسایی پەرلەمانی عێراقە».

## دیالە: دواهەناسەی کورد

پارێزگای دیالە کە لە (٥)قەزاو (١٧) ناحیە پێکدێت، بەهەمان شێوەی پارێزگا هاوسنوورەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێژەیەکی بەرچاوی کوردی تیایەو لە کۆی ئەو یەکە ئیدارییانە، قەزای خانەقین‌و پێنج ناحیەش کە بریتین لە؛ جەلەولا، سەعدیە، قەرەتەپە، جەبارەو مەندەلی کوردیان تیادایەو لەپاڵ کۆچی خێزانە کوردەکان لەو ناوچانە، ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکان هێندەی تر کاریگەرییە سلبییەکانی سەر بژێویی ژیانییانی قورستر کردووە کە نەتوانراوە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەرپرسی یەکە ئیدارییەکان سزابدەن.

زیاد ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، پێیوایە: ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان، بەرپرس‌و ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانەی لاوازو بێزارکردووەو کاریگەریی لەسەر ئەدایان بەجێهێشتووە، وتیشی: «دەبوو لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، پەرلەمانی عێراق هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکانیشی یەکلایی بکردایەوە، بەڵام دەستووری عێراقیش وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت‌و حیزب‌و کوتەلەکان بەئارەزووی خۆیان‌و بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان جێبەجێی دەکەن».

## موسڵ: پارچە گەورەکە

سەربارەی کێشە سیاسییەکانی نێوان هەردوو لیستی حەدبای فەرمانڕەواو برایەتیی نەینەوای کوردی، کە کاریگەریی لەسەر ئەدای ئیداریی لەو ناوچانە کردووە، لە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی موسڵدا، بەتایبەت ئەو ناوچانەی دەکەونە هێڵی جێناکۆکەکانەوە، زۆرترین ڕێژەی کوردی لەچاو قەزاو ناحیەکانی تردا تیایە، بەوپێیەی ژمارەی پەرلەمانتارە کوردەکان لە ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ بە هەردوو کۆتای مەسیحی‌و شەبەکەوە، (١٠)پەرلەمانتار بوو کە هاوتای ژمارەی کورسییەکانی پارێزگای دهۆکە. پارێزگاری موسڵ لە (٣١) یەکەی ئیداریی قەزاو ناحیە پێکهاتووە کە (چوار قەزای شێخان‌و سنجارو حەمدانیەو مەخمور)و (٨)ناحیەی ئەو پارێزگایە کوردیان تیایە.

یەکێک لە کێشەکانی تری ئەم ناوچەیە، ئەوەیە کە هەندێک ناحیەی وەک زوممار، هێشتا ئەنجومەنی نییەو کاریگەریی سلبیی زۆری هەبووە لەسەر ئەدای ئیداریی ناوچەکە.

دەرمان خەتاری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە ئەنجامنەدانی ئەو هەڵبژاردنە، واقیعی خزمەتگوزاریی لە ناوچە کوردنشینەکان تووشی قەیران کردووە، ئەمە جگەلەوەی کە بە وتەی ناوبراو، کێشە لە خودی یاساکانی (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان‌و یاسای (٣٦) هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانە هەیە، کە میکانیزمی هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکانی تیا باس نەکراوەو بەگرنگیشی دەزانێت، یاساکە هەموار بکرێتەوەو دەشڵێت: «کێشەیەکی تری یاسای ژمارە(٢١)، ئەوەیە کە دەسەڵات‌و ئیمتیازاتی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان وەک یەکە، ئەمەش کێشەی لەسەر دروست دەبێت».

## سەڵاحەدین: شەڕی مانەوە

لە سنووری پارێزگای سەلاحەدیندا، (٨) قەزاو (٩)ناحیە هەن‌و یەکێکە لەو پارێزگایانەی دەرەوەی هەرێم کە کەمترین ڕێژەی کوردی تیایە لە چاو ناوچەکێشەلەسەرەکانی تردا، بەوپێیەی تەنیا لە قەزای دووز زۆرینەی کوردەو ڕێژەیەکی کەمیش لە قەزای تکریت‌و ناحیەکانی تردا هەیە، پێشتر قەزای دووز چوار ناحیەی لەسەر بوو، کە ئەوانیش قادرکەرەم‌و نەوجورو سلێمان بەگو ئامرلی بوون، بەڵام بەر لە (٢٠٠٣) قادرکەرەم لکێنراوەتەوە بە قەزای چەمچەماڵەوەو نەیجوریش سیفەتی ناحیەبوونی لێوەرگیراوەتەوەو کراوەتەوە بە گوند.

شەلال عەبدول، قایمقامی دووز پێیوایە: ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان لەو سنوورەدا، سستیی لە کاروبارەکاندادروستکردووەوبێزارییەکی‌لەلای خەڵک دروستکرووە، کە چەندین ساڵە هەمان ئەو ڕووخسارانە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکاندان‌و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «شتێک دروست نەبووە کە گۆڕانکاریی دروستبکات‌و ئازادیی‌و دیموکراسیش لەو پرسەدا بەرچاو ناکەوێت کە هەشت ساڵە ئەو کەسانە لە دەسەڵاتدا ماونەتەوە».

## پەرلەمان تاوتوێی دەکات

زۆربەی ڕەخنەکان سەبارەت بە پرسی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی عێراق، ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرا، بەوپێیەی وەک دەسەڵاتی یاسادانان، دەبوو ساڵێک لەمەوبەر ئەو پرسەی یەکلایی بکردایەوەو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی ئەنجامبدایە، هاوکات، پەرلەمانتارانیش ئۆباڵی ئەو کێشەیە دەخەنە ئەستۆی قەیرانی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، کە کارەکانی پەرلەمانی دواخستووە.

لەوبارەیەوە ئەحمەد مەساری، ئەندامی ئیئتیلافی عێراقییە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی دواخستووەو دواکەتنی پرۆسەی دەستنیشانکردنی وەزارەتە ئەمنییەکانیش، هێندەی تر ئەو پرسە دوادەخات.

هاوکات دوێنێ لە دانیشتنێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، پرسی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی عێراق تاوتوێ کراو زۆرینەی پەرلەمانتاران جەختیان لەسەر گرنگی ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە کردەوە، لەوبارەیەشەوە جەواد بۆڵانی، پەرلەمانتار، ئاشکرایکرد؛ کە ئەنجامنەدانی ئەو هەڵبژاردنە توانای گەشەکردنی سیستمی سیاسیی عێراقی بێهێز کردووە.

لەلایەکی تریشەوە د.لەتیف مستەفا، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، جەختی لەسەر گرنگی چاودێری کردنی کاری ئەنجومەنی قەزاکانی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی عێراق کردەوە، داواشی کرد کە موفاتەحەی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ خستنەڕووی هۆکاری ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان لەو هەرێمەدا.

# پسپۆڕانی یاسایی‌و سیاسیی: دیاریکردنی سێ جێگر بۆ سەرۆک کۆمار، زیادەڕۆیی‌و بێبەهایە

کاروان عومەر

دوو پسپۆڕی سیاسیی‌و یاسایی، دیاریکردنی سێ جێگر بۆ سەرۆک کۆمار، بە زیادەڕۆیی‌و بێبەها دەزانن‌و ئەندامێکی عێراقییەش دەڵێت: «زیادکردنی جێگرەکان، بۆ ڕازیکردنە».

پاش ئەوەی سەرچاوەکانی هەواڵ، دانانی سێ جێگریان بۆ سەرۆک کۆمار بڵاوکردەوە، ئەو هەنگاوە بووە جێگەی ڕەخنەی هەندێک لەلایەنە سیاسییەکان‌و پسپۆڕانی یاسایی‌و سیاسیی.

فەتاح شێخ، سەرکردەی ئیئتیلافی عێراقییە، لەوبارەیەوە ئاماژەی بەوەدا، کە حکومەتی نوێی عێراق حکومەتی ڕازیکردنی لایەنەکانە، چونکە «لەم حکومەتەدا، ژمارەیەک پۆست دروستکراون کە بۆ ڕازیکردنی لایەنەکانن، نەک بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتییان»و بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەستنیشانکردنی سێ جێگر بۆ سەرۆک کۆماریش، بۆ هەمان مەبەست بووە».

ئەمە لەکاتێکدایە کە لەپاڵ دووبارە کاندیدکردنەوەی هەریەک لە تاریق هاشمی‌و عادل عەبدلمەهدی بۆ جێگرتنەوەی سەرۆک کۆمار، کێشە لەسەر پۆستی سێیەمە، بەوپێیەی هاوپەیمانی نیشتمانیی، خوزەیر خوزاعی لە دەوڵەتی یاسای بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتووەو تاڵەبانی ڕەتیکردووەتەوە تا بدرێتە پاڵێوراوێکی تورکمانەکان، بەڵام ئیمان حەمید زغەیر، ئەندامی ئیئتیلافی هاوپەیمانی نیشتمانیی لە ئەنجومەنی نوێنەران، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە دەنگیانداوە بۆ دەستنیشانکردنی سێ جێگر بۆ سەرۆک کۆمارو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تا ئێستا ئاگادار نەکراوینەتەوە کە سەرۆک کۆمار، خزەیر خوزاعی کاندیدمانی بۆ پۆستی جیگری سێیەمی ڕەتکردووەتەوەو ئەو پرسە ڕێککەوتنی سیاسیی لە سەر کراوە».

هاوکات، پسپۆڕێکی یاسایی، دیارکردنی ئەو ڕێژە زۆرەی جێگر بۆ سەرۆک کۆمار، بە «بێبەها» وەسفدەکات.

تاریق حەرب، پسپۆڕی یاسایی، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەستنیشانکردنی سێ جێگر بۆ سەرۆک کۆمار، هیچ بەهایەکی نییەو تەنانەت سەرۆک کۆماریش لە عێراقدا فەخرییەو دەسەڵاتەکانی ڕەمزین‌و هیچ دەسەڵاتیکی گرنگی نییە.

حەرب بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەر سێ جێگرەکەی سەرۆک کۆمار، هیچ دەسەڵاتیکی دیاریکراویان نییەو دەسەڵاتەکانیان سەرۆک کۆمار دەستنیشانی دەکات».

پسپۆڕێکی سیاسیش، دیاریکردنی ئەو سێ جێگرە بە زیادەڕۆیی لە قەڵەم دەدات، د.سەعد حەدیسی، لێکۆڵەرەوەی سیاسیی، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە دەستنیشانکردنی ئەو سێ جێگرە، زیادەڕۆیی تیاکراوە، وتیشی: «سەرۆک کۆمار، پێویستی بە تەنیا یەک جێگر هەیە کە کارەکانی ئەنجامبدات لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆک کۆمار، یان نەخۆشبوونی، یان مردنی».

# مانگی تەمموز، دواهەوڵی خۆیـ...

# پارێزگایەک لە عێراق‌و ئۆتـ...

ڕاپۆرتی : کاروان عومەر

مەسیحییەکانی عێراق، جەخت لەسەر پێکهێنانی پارێزگایەک لە عێراق‌و ئۆتۆنۆمی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەنەوەو پسپۆڕێکی یاساییش دەڵێت: «دەستوورو یاسا عێراقییەکان، ئاماژەیان بە پێکهێنانی پارێزگایەکی لەوشێوەیە نەکردووەو دەبێت پەرلەمان ئەو پرسە یەکلایی بکاتەوە».

دوابەدوای هێرشە جیاجیاکان بۆ سەر مەسیحییەکان لە بەغداو شارەکانی تری عێراق‌و هەڵاتنی هەندێکیان بۆ هەرێمی کوردستان‌و وڵاتانی دراوسێ، سەرکردە سیاسییە مەسیحییەکان لە عێراقدا، بانگەشەی بەدیلی هەڵاتنیان کرد لە عێراقدا بۆ گرەنتیکردنی ژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئاینییان‌و لەوبارەیەشەوەو لە کۆنگرەیەکدا کە سەرەتای ئەم مانگە لە بەغدای پایتەخت سازدراو زۆربەی لایەنە مەسیحییەکانی عێراقی تیا بەشداربوون، دروشم‌و داواکاریی پارێزگایەک لەموسڵداو ئۆتۆنۆمییەک لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بەرزکردەوەو بڕیارە لە مانگی نیسانی داهاتووشدا، کۆنگرەیەکی بەرفراوان بۆ تۆخکردنەوەی ئەو پرسە لە بەغدا سازبدەن.



# ی دیکتاتۆر

# بەستت کام بنەماڵەیە

### فیلەکە لە ژوورەکەدایە

١١- ژمارەیەک لە ئابووریناسانی تونس وادەبینن کە: کێشەیەک لە بەرزبوونەوەی گەندەڵیدا نییە (چونکە ئەوەی هەیە، ئەوە راستییەکانە)، بەڵام بێگومان بڵاوبوونەوەی گەندەڵیو ئەوەی سەبارەت بەو گرێبەستە نهێنییانە دەوترێت کە لە تاریکیدا ئەنجام دەدرێن، کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر ئابووریی. زۆرێک لە سەرچاوەکانمان ترسی خۆیان دەربڕیوە لە وەبەرهێنان لە وڵاتدا، نەوەک خانەوادە لێیان زەوت بکات.

لە کاتێکدا پرسیار لە ( عولیە بلتەیب) کرا لەوەی، کێشەکە لە چیدایە؟ وتی: باشترین سیناریۆ ئەوەیە، وەبەرهێنێک سەرکەوتوو بێتو بەشێک لە بنەماڵە بکاتە هاوبەشی خۆی. دووپاتیشی کردەوە، هەر ئەمە هۆکاری بنەڕەتی وەبەرهێنانی ناوخۆیە، بۆیە دەبینرێت لەگەڵ ئەوەی کارێکی نایاساییە، پەنابردنە بەر بانکە دەرەکییەکان لە زیادبووندایە.

هەوڵەکانی وەزارەتی داراییش لەم دواییانەدا بۆ هاندانی سەرمایەی هەڵاتوو و گەڕاندنەوەی بۆ ناو وڵات لە ڕێگەی لێخۆشبوونیان، سوودێکی نەبووە. ( بلتەیب) وتیشی، لە هەوڵی گرێدانی دامەزراوەکەیدایە لەگەڵ بازاڕی موریتانی یان مالتایداو ئاماژەی بەوەشدا کە لەوێ لەو جۆرە کارە بێزراوانە نییە. دیسانیشەوە زۆرێک لە ئابووریناسانو بازرگانان سەرنجیان داوە کە کڕینی زەویوزارو خانووبەرە نیشانەی بێمتمانەییە بە ئابوورییو هەوڵدانێکە بۆ پاراستنی سەرمایەکانیان.

١٢- تا ئێستا، وەبەرهێنە بێگانەکان پاشەکشەیان نەکردووەو بەپێی سەرچاوەکانی پیاوانی کاریش، سەرمایەی بێگانە کاری تێنەکراوەو بە ڕیتمێکی نەگۆڕ بەردەوامە.

وەبەرهێنە بیانییەکان گلەییان لە هەڕەشەو گوڕەشە نییە بەو شێوازەی وەبەرهێنی ناوخۆ بەرەوڕووی دەبنەوە، ڕەنگە هۆکاری ئەوەش پەنابردنیان بێت بۆ باڵیۆزخانەو حکومەتەکانی خۆیان. نوێنەری (بریتیش گاز) دووپاتیدەکردەوە کە ئەوان ڕووبەڕووی هیچ کارێکی نائاسایی نەبوونەتەوە. لەهەمانکاتدا ******* ڕایگەیاند: کە (بلحەسەن ئەلتەرابلسی) چەند ساڵێک لەمەوبەر هەڕەشەی لە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی کردبوو کە بەرهەمهێنان دەکات: تایبەت بۆ ناردنەدەرەوە کە سەر بە دیوانی (ئۆفشۆرە- بەرهەم تایبەت بە ناردنەدەرەوە)، بەڵام پاش ئەوەی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا هاتە ناوەوە، ئەلترابلسی ئاگادارکرایەوە کە لە دەزگاکانی دیوان نزیک نەکەوێتەوە.

سەرباری قسەو باسیش سەبارەت بە بەرزبوونەوەی ئاستی وەبەرهێنانی ناوخۆ، بەڵام حکومەت لە هەوڵی ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکیدایە بۆ ناوخۆ بەمەبەستی خستنەگەڕیان لەبواری بەرهەمهێناندا بۆ دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە بەڵگەو شایەتەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە وەبەرهێنە بێگانەکانیش ڕووبەڕووی گوشار دەبنەوە بە مەبەستی هاوبەشیکردنیان. ڕەنگە زەقترین نموونەش لەم ڕووەوە، کۆمپانیای (مەکدۆناڵدز) بێت، کە سەرکەوتوو نەبوو بێتە تونسەوە. کاتێک ئەو کۆمپانیایە ئامادەبوو ئیمتیازێکی هەمەلایەنە، بداتە تونس، پاش ماوەیەک گرێبەستەکە هەڵوەشێنرایەوە کاتێک کە ماکدۆناڵدز ئامادەی ئەوەنەبوو لەگەڵ بنەماڵەدا بکەوێتە گەمەکردنەوە.

### سەرنج

١٣- سەرباری ئەوەی گەندەڵی سەراپای وڵاتی گرتووەتەوە، بەڵام دەستدرێژییەکانی بنەماڵە زیاتر ڕقی تونسییەکان ئەستوورتر دەکات. ئەوەی ئاگرەکەش زیاتر دەگەشێنێتەوە، دەرکەوتنی ئەو سامانە بێسنورەیە لەبەرامبەر ئەو بێکارییە زۆرەی پەرەیسەندووە. خۆپیشاندانی کانەکانی ناوچەی (قەفسە) بارۆمێترێکی ئاشکرایە سەبارەت بەو قینەی لە خوارەوە پەنگی خواردووەتەوە، لەکاتێکدا ئەم حکومەتە شەرعیەتی خۆی دەبەستێتەوە بەو گەشەیەی ئابووریی بەخۆیەوە دەیبینێت، زۆرینەی تونسییەکان لەو باوەڕەدان، ئەوانەی لە لوتکەدا دانیشتوون، زۆرینەی خێرو قازانجەکان بۆخۆیان دەبەن.

١٤- گەندەڵیی کێشەیەکی هاوبەشە لەنێوان سیاسەتو ئابووریداو نەبوونی شەفافییەتو لێپرسینەوە، تایبەتمەندیی ڕژێمەکەی تونسە کە ژینگەی وەبەرهێنان لەناودەباتو هانی کەلتووری گەندەڵی دەدات.

سەرباری هەموو ئەو وتارانەی سەبارەت بە موعجیزەی ئابووریی تونس دەدرێتو ئەو ئامارە پۆزەتیڤانەی دەخرێنەڕوو، خۆدزینەوەی سەرمایەی ناوخۆ لە وەبەرهێنان زیاتر ڕاستیی لەبارەی بارودۆخەکەوە دەخەنەڕوو.

گەندەڵیی (فیلێکە لەناو ژوورەکەدا)و ئەوەش ئەو کێشەیەیە کە هەمووان لێی ئاگادارن، بەڵام کەس باس لەوە ناکات کە لێی بە ئاگایە.



# شۆڕشی یاسەمینیی دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە دەترسێنێت

شاڵاو فەتاح

**«سەفەرەکەم دایە، لۆمە سوودی نییە، بببوورە گەر پێچەوانەی قسەکانی خۆم کردبێت، لۆمەی زەمان بکە، بێ گەڕانەوە دەڕۆم». ئەمە دوا وتەی محەمەد بوعەزیزی بوو پێش مردنی، ئەو لەسەر فەیسبووکەکەی ئەم ڕستانەی نووسی بە عەرەبییەک، کە زۆرجار ماناکەی دیارنییەو دواتر ژیانێکی پڕمەینەتی جێهێشت.**

بەڵام بوعەزیزی هەروا ژیانی جێنەهێشت، بەڵکو بە گڕی جەستەی خۆی، خۆی توانی گڕی شۆڕش لە وڵات بەربدات. محەمەد لە خێزانێکدا بوو (٨) براو خوشکی هەبوو، دوای چەندین ساڵ خوێندنو بەدەستهێنانی بڕوانامە، نەک هەر دانەدەمەزرا، بگرە نەیاندەهێشت سەوزەش بفرۆشێت. کاتێک عەرەبانەکەی پێش خۆی دا بۆ سەوزە فرۆشتن، پۆلیس هەرزوو گەیشتنە سەری. محەمەدیش هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی لە گۆڕەپانی جەماوەری شاری سیدی بوزێدو لە ڕۆژی (١٧)ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ ئاگر لە جەستەی خۆی بەربدات. دواتریش بەهۆی برینەکانەوە گیانی لەدەستدا. بۆ جیهانی دەرەوە، بوعزیزی دەرخەری ئەو ناعەدالەتییە بوو لە تونسدا دەگوزەرا، بەڵام بۆ تونسییەکان گەیشتنی زوڵم بوو بە تروٚپکی خۆیو دەستپێکی شۆڕش بوو. ئەو شۆڕشەی کۆتایی بە حوکمی (٢٤) ساڵەی زەین عابدین هێنا. بوو بە ڕەمزی شەهیدو شۆڕش.

### خۆپیشاندان تا هەڵاتنی سەرۆک

زەین عابدین بن عەلی سەرۆکی (٧٤) ساڵە دوای ئەوەی نەیتوانی بە هێزی چەوسێنەری ئاسایش خۆپیشاندەران بوەستێنێت. ڕۆژی (٢٤)ی مانگی پێشوو خۆپیشاندەرێک بەهۆی تەقەوە کوژرا. دوای چوار ڕۆژیش، خۆپیشاندان گەیشتە پایتەخت. ڕۆژی (٨و ٩)ی ئەم مانگە خراپترین ڕۆژەکان بوونو ڕاپۆرت لەسەر کوژرانی چەندین کەس درا. سێ ڕۆژ دوای ئەوە وەزیری ناوخۆ دەستی لەکار کێشایەوە. (١٣)ی مانگ سەرۆک پەیمانی دا ساڵی ٢٠١٤ واز لە سەرۆکایەتی بێنێت. دواترو لە (١٤)ی مانگدا حکومەتو پەرلەمانی هەڵوەشاندەوەو خۆشی وازی لە سەرۆکایەتی هێنا. بەڵام ئەمە جەماوەری کپنەکردەوەو خۆپیشاندەران بە ئاشکرا داوای چوونەدەرەوەی سەرۆکیان دەکرد. دواجار لەژێر فشاری زۆری جەماوەردا سەرۆک بەرەو دەرەوە هەڵات، بەڵام فەرەنسا پێشوازی لێنەکرد، ئەوەبوو شانشینی سعودیە وەک زۆرێک لە ڕژێمە شمولیەکانی تر، پێشوازی لێکرد بەهۆی بوونی «دۆخێکی جیاواز»ەوە لە تونس.

کەناڵی ئاسمانیی جەزیرە بە پەخشکردنی بەردەوامی پێکدادانی نێوان جەماوەرو هێزە ئەمنییەکانی تونس بووە هۆی بەردەوامیپێدانی خۆپیشاندانو دروستکردنی را لە دەرەوەو ناوخۆی تونسدا. زۆرێک لە میدیا جیهانییەکان دەنووسن شۆڕشەکە بەبێ جەزیرە ناتەواودەبوو. هەرچەندە هەوڵ هەبوو بۆ بانگکردنی کەناڵە میدیاییەکان، بەڵام تویتەرو فەیسبووکو کەناڵە چالاکەکان توانییان تەواوی ڕووداوەکان وەک خۆی بگوێزنەوە.

### یاسەمینو پەیامەکانی

ئەم شۆڕشە پەیامێک بوو بۆ دوو لایەن. بۆ سەرکردە عەرەبییەکانو بۆ ئەوەی تێیان بگەیەنێت کە چیتر خەڵکی حوکمی زۆردارانەی ئەوانیان پێقبووڵ ناکرێت. لەمڕووەوە یەکەمجارە شۆڕشێکی جەماوەریی سەرکەوتنی لەوجۆرە بەدەستدێنێتو دوورنییە ببێتە هۆی تەنینەوەی خۆپیشاندنی جەماوەریی لە وڵاتانی دیکەی عەرەبییدا. لایەنی دووەم وڵاتانی خۆرئاوا بوو، کە زەین عابدین یەکێک بوو لەو سەرۆکانەی لەلایەن خۆرئاواوە پشتگیری لێدەکراو تونسیان بە «مێرگی ئارامو سەرکەوتنی ئابووریی» ناوزەد دەکرد، تەنیا لەبەرئەوەی دەیانتوانی بازرگانی خۆیان بە ئارامیی لە تونسدا بکەن، لەکاتێکدا هەمووان دەیانزانی بن عەلی عەلمانییەکی سوڵتەویو ئۆتۆریتارەو ڕیکۆردی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا زۆر خراپە. بێ ئەوەی ئاگایان لەوە بێت کە هاوڵاتییانی ئاسایی تونس بەدەست ئەو دۆخەوە ئازار دەچێژن. بەم شۆڕشەش هاوڵاتییانی تونس ئەو پەیامەیان دا بە خۆرئاوا، کە هەرچەندە دیکتاتۆرەکان لەلایەن خۆرئاواوە پشتگیری بکرێن، بەڵام چارەنووسیان لەوانە باشترنابێت کە پشتگیری ناکرێن.

ئەم شۆڕشە پەیامێک بوو بۆ دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە، ئەوەی کە ئەوان چیدیکە لەبەردەم تووڕەیی جەماوەردا پارێزراو نین. تەنانەت گەر لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو هێزە هەرێمییەکانیشەوە پشتگیری بکرێن. ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە تەواوی جیهانی عەرەبو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی خستە بەردەم دوو ڕێگا: یان ئازادیی سەردەکەوێت، یاخود دیکتاتۆرییەتی ڕەها دەگەڕێتەوە. تەواوی حکومەتەکانی ئەم ناوچەیەش هەمان مۆدێلی تونسیان هەیە، واتە لەڕووی ئابوورییەوە دەرگیری سیستمی خۆرئاواییو ئابووریی ئازاد هەیە، بەڵام مافی مرۆڤ پارێزراو نییەو حوکمی یاسا بوونی نییە. ڕاستییەکەی دۆخی تونس لەڕووی دیموکراسیو ئابوورییەوە لە زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکە باشتربوو. بۆ نموونە داهاتی تاکەکەس لە هی میسر زیاتربوو، ئەمە جگە لەوەی لە پلەبەندی دەوڵەتە ئازادیخوازەکاندا پێگەی تونس زۆر لە هی میسر بەرزتربوو. ئەمە لەکاتێکدا میسر بە یەکێک لە باشترین ولاتەکانی ناوچەکە دادەنرێتو زۆرجاریش وەک هێزێکی ناوچەییو مۆدێلێک بۆ کۆپیکردن چاوی لێکراوە.

شارەزایان پێیانوایە کاریگەریی شۆڕشی یاسەمینی تونس بە یاسای «یاریی دۆمینە» کاریگەریی دادەنێت، واتە یەک لە دوای یەک دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە هەرەس دەهێننو خەڵکی شۆڕشیان لەدژ دەکەن. ئەم یاسایەش بە یەکێک لە کارپگەرترین یاساکانی بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی دادەنرێتو ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی پێشوو بەپێی ئەو یاسایە بوو. دووەم دۆمینە کە چاوەڕوانی کەوتنی لێدەکرێت، حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسرە. ناوبراو دیکتاتۆرێکی دیکەیە کە ماوەیەکی زۆرە بە نەخۆشی حوکمی وڵاتەکەی دەکاتو دۆستی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا زۆرە. بەڵام تەواوی میسرییەکان لە ئێستادا بۆ ئاڵای تونس دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بیکەنە وێنەی سەر بلۆگو فەیسبووکەکەیانو یەکتر هانبدەن بۆ شۆڕش. ئیبراهیم عیسا، نووسەری ماڵپەری دەستوور لەمبارەیەوە دەڵێت: «موبارەکیش وەک بنعەلی هیچ شتێکی پێشکەش بە خەڵک نەکردووە، جگە لە ستەم». بەڵام کاریگەریی شۆڕشەکەی تونس لەوەش زیاترەو خۆپیشاندەرانی ئەردەن بەئاشکرا هاواردەکەن، «تونس وانەیەکی فێرکردین». پسپۆڕێکیش لە دەزگای کارینیگی ئەمریکی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێیوایە لە «مەغریبو جەزائیرەوە بۆ میسرو ئەردەن، تەواوی ناوچەکە بەدەست بێکارییو گەندەڵییەوە دەناڵێنێت». ئەو پسپۆڕە دووبارەبوونەوەی شۆڕشی تونسی لە ناوچەکە بەدوور نەزانی.

### نادیاریی داهاتووی تونس

لە ئێستادا سەرکردە عەرەبییەکان ترسی ناجێگیربوونی ولاتانی خۆیان هەیە. ئەمەش بێ هۆ نییەو هەر لە ئێستاوە پریشکی خۆپیشاندان گەیشتووەتە جەزائیرو مەغریبو ئەردەن، خۆپیشاندەران هاتوونەتە سەر شەقامەکان. بەڵام ئەوەی نادیارە داهاتووی تونسە. لە ئێستادا نە خۆپیشاندان بەتەواوەتی کپبووەتەوەو نە قەدەغەکردنی هاتوچۆش لەسەر هاوڵاتییان لاچووە. هێزە ئەمنییەکانی سەر بە دیکتاتۆری پێشوو بێت یاخود هاوڵاتییان، تاڵانییەکی زۆر دەستپێکراوەو زەرەری زۆری لە وڵات داوە. ترسی زۆر هەیە ئۆتۆکراتێکی دیکە حوکم بگرێتە دەستو بە دەستێکی ئاسنینەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکات. بەهێزی سوپاش ئەم ترسەی زیاترکردووەو کاندیدێکی سوپا دوورنییە ترسەکە بکاتە واقیع.

لەئێستادا محەمەد غەنووشی بەشێوەیەکی کاتیی سەرۆکایەتی تونس دەکات. غەنووشی پێشتر سەرۆک وەزیران بووە لە سەردەمی بن عەلیدا، تەکنۆکراتو ئابووریناسەو زۆرێک لە ڕەخنەگران بە پیاوی ئەلقەلەگوێی سەرۆکی پێشووی ناوزەد دەکەن. کەس دڵنیا نییە لەوەی ئەم ڕژێمە کاتییە مل بۆ داواکارییەکانی جەماوەر دەدات لە خولقاندنی سیستمێکی دیموکراتی ڕاستەقینەدا یان نا. بەڵام هێشتاش نرخی سیمبولی شۆڕشی یاسەمین لە جیهانی عەرەبیدا وەک سیمبولی نارەزایی جەماوەر بەرامبەر حوکمی زۆرداران دەمێنێتەوەو بە دەستپێکی بێدەنگنەبوون لەلایەن جەماوەرەوە دادەنرێت، چونکە یەکەمجارە بەبێ بوونی هێزێکی دەرەکی، یان هێزێکی ناوخۆ، بەتەنیا جەماوەر بتوانێت سەرۆک لە وڵات وەدەرنێت لە جیهانی عەرەبیدا.

بن عەلیش لە کۆشکێکی تایبەتە لە شاری جددەی سعودیەو وەک زۆرێک لە دیکتاتۆرەکانی پێش خۆی ژیان بەسەر دەبات. بوعەزیزیش بە ڕۆحی خۆی، نەک تەنیا چارەنووسی گەلێکی بەرەو ڕزگاری برد، بگرە کارئاسانیی بۆ بەشێکی گەورە لە جیهانی ئەمڕۆ کرد کە ڕاپەڕن لە دژی زوڵمو ستەم. تونسییەکان ئەو دوو دێڕەی کۆتایی سروودی نیشتمانی خۆیان سەلماند، کە لەلایەن شاعیری گەورەی ئەو وڵاتە ئەبولقاسم شابییان نووسراوەو دەڵێت: «گەر ڕۆژێک گەل ژیانی ویست...قەدەر ناچارە وەڵامبداتەوە...تاریکی ناچارە چۆڵی بکات... کۆتوبەند ناچارە بشکێت.

### هاوڵاتییانی کوردستان: ڕاپەڕینەکە زەنگی ئاگادارکردنەوەیە

ئەم ڕاپەڕینە دەنگدانەوەیەکی ئێجگار گەورەی هەبوو. بەڕادەیەک هەندێک لە هاوڵاتییانی کوردستان بە ئاشکرا خۆشحاڵیی خۆیان بەبۆنەی نەمانی دیکتاتۆرییەت لەو وڵاتە پیشاندەدا، ئەمەش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەر ئینتەرنێت ڕەنگیدابووەوە. وێنەی ئاڵای تونسو نەخشەو شەهیدی ئەو وڵاتە، محەمەد بوعزیزی لەسەر پرۆفایلی هاوڵاتییانی جەزائیر تا تورکیا دانرابوو، لەنێویاندا هەرێمی کوردستانیش. هاوکاری عەلی (٢٣) ساڵ، پێیوابوو بەرەنجامی لەو شێوەیە «شتێکی ئاساییە»، ئەمەش بەهۆی ئەو زوڵمو ستەمە زۆرەی لە هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە کراوە. هاوکار پێیوابوو، ئەو هێزانەی لەم ناوچەیە کار بۆ ئازادییو مەدەنی بکەن «دەبێت گرنگی بەو ڕووداوە بدەن»، چونکە بەڕای ئەو ڕووداوەکە کاریگەریی پۆزەتیڤی دەبێت.



هاوکار پێیوابوو؛ ڕووداوەکە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە بۆ هەموو دیکتاتۆرو ستەمکارەکانی ناوچەکە. پەیامی ئاگادارکردنەوە لەلایەن زۆرێک لە پسپۆڕو ئاژانسە جیهانییەکانیشەوە پشتگیریی لێدەکرێتو پێیانوایە ئەم ڕاپەڕینە بەهایەکی سیمبولی ئێجگار گەورەی هەیە لە ئاگادارکردنەوەی گەلانی ناوچەکە بۆ ڕاپەڕین.

بەڵێن عوسمانی ڕۆژنامەنووسیش پێیوابوو؛ ڕاپەڕینەکە «کاریگەریی لەسەر شەقامی کوردی هەیە»و زەنگێکی ئاگادارکردنەوەشە بۆ تەواوی دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە. بەڵێن پێیوابوو ئیدی لەمەودوا «خەڵک بە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەڵێن وریای خۆتان بنو پەند لەو ڕووداوەی تونس وەربگرن». ئەمە جگە لەوەی ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە ڕاپەڕینەکەی تونس ئەوەی دەرخست کە ئیرادەی خەڵک لەسەروو ئیرادەی دەسەڵاتەوەیەو گەر گەل ئیرادەی بەشداری سیاسیی هەبێت ئەوا سیاسییەکان چیدی ناتوانن یاریی بە چارەنووسی بکەن.

عەفان کوردستانی، خوێندکاری زانکۆی ئەمریکیش خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو ڕاپەڕینە دەربڕی. عەفان پێیوابوو؛ ڕاپەڕینەکە جگە لە هەستی خۆشیی، «باوەڕو گڕوتینێکی نوێی بەخشیوە بۆ داواکردنی مافەکانمانو هەست بە زیندووبوونەوەی هێزی میللەت دەکەم».

# راپەڕینی گەلی تونس دژ بە سەرۆک

## بەڵگەنامەکانی سایتی ویکیلیکس سەبارەت بە بنەماڵەی سەرۆکی دیکتاتۆر زەین ئەلعابدین

# لە تونس کاتێک دەڵێیت بنەماڵە، ئەوە بەسە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت بزانێت م

و: خالیدی حاجی ئەحمەد- ئارام سەعید

**لەکاتێکدا لە وڵاتی تونس خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوون، سایتی ویکیلیکس بەردەوام بەڵگەنامە نهێنییەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکای بڵاو دەکردەوە کە بریتی بوون لە زانیاریی زۆر لەسەر گەندەڵییەکانی زەین ئەلعابدین بن عەلی سەرۆکی تونس و بنەماڵەکەی، ئەمەش دەقی هەندێک لە بەڵگەنامەکانە:**

**لە لۆمۆندی فەرەنسییەوە: ٢٠١١/١/١٧**

**بابەت/ گەندەڵیی لە تونس، ئەوەی موڵکی تۆیە، هی منە**

**لەلایەن- باڵیوز رۆبەرت .ف گۆدێک- باڵیۆزی ئەمریکا لە تونس**

**٢٠٠٨/٦/٢٣**

١. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتیو پەیوەندییو سەرچاوەکانی باڵیۆزخانە، گەندەڵی لە تونسدا رۆژ بە رۆژ بەرەو زیاتر دەڕوات، ئەویش بە پارەی نەقد (نەختینە) بێت، خزمەتگوزاریی، زەویو زار، موڵکایەتی، یان تەنانەت بەلەمەکەشت، بنەماڵەی زەین ئەلعابدین دەستی بەسەردا دەگرنو بە هەر ئامرازێک بێت، ئەوەی بیانەوێت دەیبەن.

لە رووی ئابووریشەوە، جگە لە چیرۆکە ئاڵۆزەکانی بنەماڵەی بن عەلی، لە راپۆرتێکدا سەبارەت بە تونسییەکان باس لە کەمبوونەوەی گەندەڵی دەکرێت بەهۆی کاریگەریی پۆلیسو ژمارەیەک لە وەزارەتەکان.

وەبەرهێنە ناوخۆییەکان، زۆر دەترسن لە دەستدرێژی بنەماڵە لە وەبەرهێناناو خۆیان دوور دەگرن لە چوونە ناو وەبەرهێنانی نوێوە. ئەمەش وایکردووە کە رێژەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی نزم بێت لە ئەنجامیشدا بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاریی لە تونس. ئەم هەواڵانەی لەسەر گەندەڵی بڵاودەکرێنەوە، کاریگەرییان زۆری لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵاوسانو بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاریی هەیەو بووەتە مایەی ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی تونسی، ئەوەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییەی باشووری خۆرئاوای تونس. ئەمانەی لەسەرەوە ناویان هێنراوە، خراپترین لادەرنو دەیانەوێت لەسەر حوکم بمێننەوەو پێمان وایە، ئەم رژێمە قابیلی چاکسازیی نییە.

**کۆتایی ئاسۆ**

٢. بە پشتبەستن بە ئاماژەکانی رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتیی ساڵی ٢٠٠٧، بۆچوونەکان لەسەر گەندەڵیی لە تونس بەرەو خراپتر دەڕوات. پلەی تونس لە ریزبەندی (٤٣) لە ساڵی ٢٠٠٥ گەڕایەوە بۆ (٦١) لە ساڵی ٢٠٠٧دا لەدوای ١٧٩ دەوڵەتەوەیە هەرچەندە کارێکی زۆر قورسە بە تەواوەتی ژمارەکان دەستنیشان بکرێ لەسەر گەندەڵیو رێژەکەی بزانرێت، بەڵام هەموو سەرچاوەکانمان دڵنیامان دەکەنەوە کە وەزعەکە بەرەو خراپتر دەڕوات. کاتێک پرسیارمان لە XXXXXXXXX کرد دەربارەی ئەوەی گەندەڵی لە بەرزبوونەوەدایە، یان کەمبوونەوە، یان وەک خۆیەتی، بە رەشبینییەوە وتی: «بێگومان لە زیادبووندایە» پێی راگەیاندین، گەندەڵی نابێت زیاد بکات، بەڵام تاوانباران بۆ دەرفەتی زیاترو زیاتر دەگەڕێنو بە گاڵتەوە لەسەر هەڵاوسان وتی: تەنانەت ئاستی بەرتیلخۆریش بەرزبووەتەوە، ئەمنێک لەسەر شەقام لە دەوریەی هاتوچۆدا راتدەگرێتو سزاکە خۆی (٢٠) دینار بوو ئێستا بووە بە (٤٠) بۆ (٥٠) دینار. هەموو شتێک لە ناو بنەماڵەدایە.

٣. زۆرکات بنەماڵەی فراوانی سەرۆک زەین ئەلعابدین، بە لانەی گەندەڵی ناو دەبرێن، زۆر کات بە شێوە مافیا ناودەبرێن، **لە تونس کاتێک دەڵێیت بنەماڵە، ئەوە بەسە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت بزانێت مەبەستت کام بنەماڵەیەو** لەوە دەچێت نیوەی بازرگانەکانی تونس لە رێگەی ژنخوازییەوە بە بنەماڵەی بن عەلییەوە بەسترابێتنەوە کە هەمووشیان سوودمەندبوون لەو خزمایەتییەیان.

لەیلا تەرابلسی، هاوسەری بن عەلیو خێزانە فراوانەکەی لەلایەن تونسییەکانەوە، مایەی رقو



بێزارییە، زۆر لەسەر گەندەڵییەکانیان قسە دەکرێتو نوکتەو قسەی زۆر هەیە لەسەر پەروەردەی خراپی ئەو خێزانەو چاوچنۆکی وهەلسوکەوتی ناشرینی دەوڵەمەندی نوێ کە بە «تازە پیاکەوتوو» ناودەبرێن.

هەرچەندە بەشێک لەو پڕوپاگەندانە دەگەڕێنەوە بۆ دەوڵەمەندبوونی خێرای خێزانی تەرابلسی، بەکارهێنانی دەسەڵاتیانە بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانیان بەڵام خەلکی تونس زۆر رقی لێیان دەبێتەوە. بە تایبەتی برای لەیلا، بەلحەسەن تەرابلسی، دەسەڵاتێکی گەورەی لەناو بنەماڵەکەدا هەیەو بەوەش ناسراوە کە تێوەگلاوە بە پلانی گەندەڵی، کە ئەنجومەنی ئیدارەی بانکی تونسی لەرزاند لە دەستگرتن بەسەرماڵو موڵکی خەلکو زۆرکاریکردن.

ئەگەر ئەم شتانەی رابردوو بخەینە لاوە، ئەوا **وەبەرهێنانەکانی بەلحەسەن تەرابلسی زۆر فراوانە، کۆمپانیای فرۆکەوانی، چەندین هۆتێل، دوو رادیۆی تایبەتی، کارگەی بەستنی ئوتومبێل، دامەزراوەی وەبەرهێنانی زەویو زار، تۆری دابەشکردنی فۆرد، لیستێک کە کۆتایی نایەت ..... هتد.**

ئەمە یەکێکە لە (١٠) خوشکو براکانی لەیلا، کە هەریەکەشیان کوڕو کچی خۆیان هەیە. لەناو ئەو خێزانە فراوانەدا، مونسفی برایو عیمادی برازای لە کاریگەرترین پیاوانی ئابوورین.

٤. زۆر کات بن عەلی وا نیشانی تونسییەکان دەدات کە گوایە ئەو بووەتە قوربانیی بنەماڵەکەی تەرابلسیو گوایە ئەو ئاگاداری ئەو لادانو هەلسوکەوتانەیان نییە. ئەندامێکی هاوکاری باڵای حکومەتو ئەندام لە XXXXXXXX لە دانیشتنێکدا بە باڵیۆزی راگەیاند: کێشەکە بن عەلی نییە، بەڵکو بنەماڵەی تەرابلسییە کە سنوورەکانیان تێپەڕاندووەو یاساکانیان شکاندووە.

بەڵام ئەوەش راست نییە کە گوایە بن عەلی ئاگاداری ئەو شتانە نەبێت، بە تایبەتی مەسەلەی گەشەسەندنی زۆریی گەندەڵی، ناکرێت سەرۆک ئاگاداری نەبێت. ئەمەش بە دابەشبوونی جوگرافیی بنەماڵەکەیدا تەواو دەردەکەوێت کە ناوچەی کار لەنێوان بنەماڵەی تەرابلسیو بنەماڵەی بن عەلیدا دابەشکراوە، بۆ نموونە بنەماڵەی بن عەلی لە ناوچەی ناوەڕاستی دەشتاوییو بنەماڵەی تەرابلسی لە دەوروبەری تونسی گەورەیە، هەربۆیە پشکی گەورەی لە پرۆپاگەندەکان بەردەکەوێت.

هەروەها بنەماڵەی بن عەلی، لەگەڵ منداڵەکانی یەکەم ژنیو زاواکانی، لە زۆر چیرۆکی تری گەندەڵی تێوەگلاون. بن عەلی، حەوت خوشکو برای هەیە، کە یەکێک لەوانە مونسیف لە فەرەنسا بە تۆمەتی قاچاخچێتی تلیاک حوکمی (١٠) ساڵ زیندانی لەسەر بوو کە خۆی ئامادە نەبوو. لە ژنی یەکەمی ناعیمە کەیفی (٣) کچی هەیە (غۆنە، درساف، سیرین)، کە ئەوانیش شوویان بە سێ کەس کردووە (سەلیم زەروق، سەلیم شیبوب، مەروان ئەلمەبروک) کە باری ئابووریشیان لە ئاستێکی بەرزەو بازرگانی کاریگەرن.

**ئەو زەوییە هی تۆیە، ئەوە هی منە:**

٥. لەکاتێکدا نرخی عەقارات روو لە گەشە بووو نرخی زەویو زار زیادی دەکرد، بۆیە ئەگەر خاوەنی زەوییەک بویتایە لە شوێنێکی باش، یان دەبووە نیعمەت، یان نیقمەت کە لێیان داگیر دەکردیت. لە ساڵی ٢٠٠٧دا، لەیلا بن عەلی زەوییەکی گرنگی لە قرتاچ بەبێ بەرامبەر لە حکومەت وەرگرت بۆ دروستکردنی قوتابخانەی قرتاجی نێودەوڵەتی، قوتابخانەکە (١،٨) یەک ملیۆنو هەشتسەد هەزار دیناری تونسی، واتە یەک ملیۆنو پێنج سەد هەزار دۆلاری لەلایەن حکومەتەوە بۆ تەرخانکرا بۆ بیناکردنی قوتابخانەکە، لەسەر رێگاکە نیشانەی رێگاوبانی تایبەت بۆ ئاسانکاریی هاتوچۆی قوتابخانەکە دانرا، بەڵام پاش چەند هەفتەیەک، راگەیەنرا کە شوێنی قوتابخانەی قەرتاجی نێودەوڵەتی لەلایەن لەیلا بن عەلییەوە فرۆشرا بە وەبەرهێنێکی بەلجیکی، پاشان باڵیۆزخانەی بەلجیکاش هیچ لێدوانێکی بە دڵنیایی، یان نەفی نەدا لەسەر ئەو هەواڵە. لەمبارەیەوە XXXXXXXX بۆی تەئکیدکردینەوە کە قوتابخانەکە بە نرخێکی بەرز فرۆشراوە، بەڵام دەستنیشانی نەکرد، ئاماژەی بەوە کرد کە پرۆژەیەکی لەوشێوەیە قازانجی سافی هەیە، خانمی بن عەلی زەوییەکەو ژێرخانی ئابووریو پاداشتی گەورەی بەبێ ئەوەی هیچ بدات، وەرگرت.

٦. دروستکردنی کۆشکێکی گەورە لەبەرامبەر شوێنی حەوانەوەی باڵیۆز لە ساڵی رابردوودا: زۆر لە سەرچاوەکان پێیانوتین، ئەو کۆشکە لەسەر موڵکی سەخەر ئەلماتری دەکرێت کە زاوای سەرۆک بن عەلییەو خاوەنی رادیۆی زەیتونەیە. خاوەنی ئەسلی موڵکەکە پێشتر لەلایەن وەزارەتی یەکەمەوە زەوییەکەی داگیرکراوە بۆ ئیدارەی ئاو، پاشان درایە ماتری بۆ ئەوەی بۆ کاری تایبەتی خۆی بەکاری بهێنێت.

خاوەنی قاوەخانەیەکیش، چیرۆکێکی لەو شێوەیەی بۆ کارمەندێکی باڵیۆزخانە گێڕایەوە، کە چۆن بەلحەسەن تەرابلسی قاوەخانەکەی لێ داگیرکردووە، کە ئەویش لە شوێنێکی زۆر باشدا بووە. وتی، تەرابلسی پێی راگەیاندووە، کە دەتوانێت ئەوە بکات کە داوای دەکات، «ئەگەر ٥٠ دینار بەشی بەرتیلی پۆلیس نەکات، ئەوا یەک تەلەفونی تەرابلسی بەسە بۆ چارەسەرکردنو دەرکردنی».

٦. لە ساڵی ٢٠٠٦دا ماعازو عیماد تارابلسی هەردوو کوڕی برای ژنەکەی بن عەلی، بەلەمی برینۆ رۆجەری بازرگانی گەورەی فەرەنسییان دزیوە، کە سەرۆکی «لازارد پاریس» بوو، ئەم هەواڵە لە رۆژنامەکانی فەرەنسادا بە فراوانی باسکرا، دواتر ئەو بەلەمە بینرا بە بۆیاخکراویی لە بەندەری سیدی بو سەعد دۆزرایەوەو زانییان لەبەر بەهێزیی پەیوەندییەکانی برینۆ، دەبێتە تێکدانی پەیوەندیی هەردوو وڵات، ناچار بەلەمەکەیان گەڕاندەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨دا، مەسەلەی دزینی بەلەمەکە سەریهەڵدایەوە، بەهۆی راپۆرتێکی پۆلیسی نێودەوڵەتی، کە داوای هەردوو تاوانباری، کوڕانی تەرابلسی لە بەردەم دادگای تونسی کرد، کە هەوڵێک بوو بۆ رازیکردنی دادگای نێودەوڵەتی، بە گوێرەی راپۆرتەکان ئەنجامی ئەو مەسەلەیەش دیار نییە.

**پارەکانتم نیشان بدە**

٧. کەرتی دارایی تونسی بووەتە قوربانیی چەند بانگەشەیەکی جدیی لەسەر گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دارایی. بازرگانەکانی تونس، بەگاڵتەوە دەڵێن، گرنگترین پەیوەندیت ئەوەیە کە لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکەکەت دروستی دەکەیت، چونکە پەیوەندیی باشت لەگەڵیدا کاردانەوەی باشی دەبێت لەسەر ئەو پلانانەی کار کە بۆ پارە وەرگرتن دادەنرێت. پاشماوەی ئەو مامەڵە بانکییانەی پەیوەندیی بە بنەمای پەیوەندییە شەخسییەکانەوە هەیە، رێژەی قەرزە بێسوودەکانە کە دەگاتە رێژەی (١٩٪)، کە هەر بە بەرزی دەمێنێتەوەو کە لە ساڵی ٢٠٠١دا (٢٥٪) کەمتر بوو.

چەند سەرچاوەیەک بە ئاشکرا پێیان وتین، زۆربەی ئەو قەرزانە، بازرگانە دەوڵەمەندەکان بەدەستی دەهێنن لە رێگەی ئەو پەیوەندییە شەخسییانەی هەیانە بە رژێمەکەوە بۆ خۆدزینەوەو رزگاربوون.

دەستنەرمکردن لە چاودێریکردنی کەرتی بانکەکان، ئامانجێکی نموونەییە بۆ بەکارهێنان (ئیستغلال)، ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆر چیرۆکی پلانەکانی «بنەماڵەی حاکم» لە گۆڕانکاریی ئەم دواییەی بانکی تونس دەرکەوت، بەوەی کە هاوسەری وەزیری دەرەوەی تونس، بووە سەرۆکی ئەنجومەنی ئیدارەو بەلحەسەن بووە ئەندام کە دوا نموونەیە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە.

بەگوێرەی نوێنەری کرێدی ئەگریکۆڵ (Credit Agricole) مەروان مەبروک کە دوا زاوای بن عەلییە، راستەوخۆ (١٧٪)ی پشکەکانی بانکی باشووری پێشووی پێدراوە بەرلەوەی بدرێتە کەرتی تایبەت، کە ئێستا بانکی بازرگانییە، ئەم رێژەی (١٧٪)یەش مافی ئەوە دەدات کە سەرپەرشتی بکاتو خاوەنی زۆرینە دەبێت، لەکاتێکدا تەنیا (٣٥٪)ی بانکەکە درایە کەرتی تایبەت. نوێنەری کریدیت ئەگریکۆل، دەڵێت، مەبروک ئەو پارەیەی لە بانکە بێگانەکان دەستکەوتووە لەگەڵ پاداشتێک لە تەندەرێکی ئیسپانی مەغریبی (سانتاندەر- بازرگانی) کە لە کۆتاییدا درا بە مەبروک. لەمبارەیەوە XXXXXXX دەڵێت، ئەو کاتەی کە هێشتا لەو بانکە مابوو، هەمیشە ئەو بەشداربووانەی کە لە حیسابەکانیان دەترسان، تەلەفونیان دەکردو دەیانوت کە بەلحەسەن داوای پارەیان لێدەکات، بەڵام پێی نەوتین کە ئەو لە وەڵامدا ئامۆژگاری دەکردن کە پارەکە بدەن، یان نا.

**بڵاوبوونەوەی دیاردەیەک**

٨ - لە کاتێکدا داستانەکانی گەندەڵی لە ئاستی بەرزدا بە ئاشکرا زیاتر لە جارێک دووبارە دەبنەوە، تونسییەکان دەڵێن، لە ژیانی رۆژانەدا رووبەڕووی ئاستێکی نزمتر لە گەندەڵی دەبنەوە، کە زیاتر دووبارە دەبێتەوە. گوناهی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەخێرایی، دەکرێت چاوی لێبپۆشرێت. پرۆسەی دەرهێنانی پاسپۆرت، دەکرێت خێرا بکرێتو رۆتینەکان دەکرێت تێبپەڕێنرێن، هەموو شتێک نرخێکی هەیەو لەوباوەڕەدان کە بەخشینی برێک پارە بە سندووقی دەوڵەتی بۆ گەشەپێدان، یاخود کۆمەڵەی (بەسمە)ی کەمئەندامان- کۆمەڵەی لەیلا بن عەلی- یارمەتیدەرن بۆ کارئاسانکردن.

حەیات لەوانی (ناوی خواستراوە)، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانەو پەیوەندییەکی بەرفراوانی هەیە، رووبەڕووی فشارێکی زۆر بووەتەوە لەلایەن حکومەتەوە، پاش ئەوەی ئامادە نەبوو یارمەتی دارایی پێشکەش بە یانەیەکی تۆپی پێ بکات کە لەلایەن تەرابلسییەوە پشتگیریی دەکرێت. ******* دەڵێت: ئەندامەکانی (دیوانە_ دەزگایەکە تایبەت بە بەرهەمهێنان بۆ ناردنەدەرەوە) هەمووجارێک داوای (١٠) هەزار دیناری لێدەکەن تا بەرهەمەکانی بخاتە ناو لیستی ئەو دەزگایەوە، ئاشکراش نییە ئەوە کارە دەکات، یان نا.

٩. خزمخزمێنە رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دەرفەتی خوێندنو کارکردن. ناسینی خەڵکی گونجاو گرنگە بۆ ئەوەی بتوانیت لەباشترین کۆلێژ وەربگیرێیت، یان بۆرسێکی خوێندنی دەرەوە وەربگریت. یەکێک لەوانەی ماوەیەکی زۆرە بەڕێوەبەری هاوکاری نێودەوڵەتی دەناسێت، بەڕێوەبەرەکە پێی راگەیاندووە، کە دەتوانێت بورسێکی خوێندن بداتە کوڕەکەی لە مەغریب. ئەگەر خەڵکی گونجاویش نەناسیت، ئەوا پارە باشترین ئامرازە. زۆر چیرۆکی لەو بابەتە لای تونسییەکان هەیە کە پارەیان داوە بە پیاوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا تا منداڵەکانیان لە باشترین خوێندنگەکان بخوێنن.

سەبارەت بە پۆستە حکومییەکانیش – کە گرنگە لە تونس- ئەویش لە رێگەی پەیوەندیی شەخسییەکانەوە دەکرێت. دەوترێت دایکی لەیلا بن عەلی (حاجێزن نانا) ناسراوە بەوەی رۆڵی هەیە لە دانانی خەڵک لە خوێندنی باڵاو دامەزراندن لە حکومەتدا، ئەم ئاسانکارییانەش بە بەرامبەر پارە دەکات.

لەو سکاڵایانەش کە لەسەر کانێک هەیە لە قەفسە، ئەوەیە کە کارکردن لە کۆمپانیای کانزای قەفسە بە پەیوەندیی شەخسیو بەرتیل دەکرێت.

١٠. گومانی تیا نییە کە **چیرۆکەکانی گەندەڵی ناو بنەماڵە، ئازارێکی زۆری تونسییەکان دەدات** بەڵام پڕوپاگەندەکان سەبارەت بە دەستبەسەراگرتنی دارایی وڵات، دڵەڕاوکێیەکی هەمیشەیی دەخولقێنێت، بەتایبەت لە کاتێکدا کە یاسا دەستی بەسەر لێپرسراواندا ناڕوات. ئەندامێکی ئۆپۆزسیۆنی تونس، گلەیی لەوە هەیە کە تونس چیتر وڵاتێکی پۆلیسی نییە، بەڵکو بووەتە دەوڵەتێک کە مافیا حوکمی دەکات، بێئەوەی خۆی ئاشکرا بکات، وتیشی: تەنانەت راپۆرتەکانی پۆلیسیش بەرزدەکرێنەوە بۆ بنەماڵەو ئەم رژێمە ناکرێت چاکسازیی تێدا بکرێتو تا ئەمانە لەسەر حوکم بن، دەست لە دەسەڵات بەرنەدەن.

کچی بەڕێوەبەرێکی پێشوو، ئاماژەی بەوەدا: بلحەسەن ئەلتەرابلسی، بە توڕەییەوە خۆی کردووە بە ئۆفیسەکەی باوکیداو یەکێک لە کارمەندە پیرەکانی داوە بەزەویدا، دوای ئەوەی داوای لێکردووەو مل بدات بەو یاسایەی کە بە پێویستی دەزانێت، دڵنیایی بۆ مەلها تایبەتییەکانی جێبەجێ بکات. باوکیشی نامەیەکی ئاراستەی سەرۆک بن عەلی کردووە، بەڵام نامەکە هیچ وەڵامێکی نەبوو و لە بەرامبەریشدا باوکی خانەنشین کرا.

حکومەتی تونس، بەو سانسۆرە توندەی خستوویەتیە سەر میدیاکان، توانیویەتی چیرۆکەکانی گەندەڵیی ناو بنەماڵە بشارێتەوە. ئەو گەندەڵییانە هێڵێکی سوور پێک دەهێنن بۆ میدیاکان. ئەگەرچی زیندانیکردنی ئەکتەری کۆمیدیی (ئەلهادی ولەد بابوڵا) راستەوخۆ بەسترایەوە بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە، بەڵام کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ، ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو دەستگیرکردنە لەپای پیشاندانی کۆمیدیایەکی (٣٠) خولەکیی دێت، کە تێیدا گاڵتەجاڕیی کردبوو بە سەرۆکو زاواکانی. هەروەک رێکخراوە نێودەوڵەتییە سەربەخۆکانیش، بارودۆخی خراپی رۆژنامەوان (سەلیم بوخزەیر) دەخەنەڕوو کە دەستبەسەرکراوە بەو تۆمەتەی گوایە، پێناسەی باری کەسێتی نیشان نەداوە، لە کاتێکدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە تۆمەتەکان پەیوەندییەکی زۆریان هەیە بەو وتارانەی کە رەخنەی لە دەسەڵات دەگرتو گەندەڵییەکانی ئاشکرا دەکرد. گەندەڵیی، ئەو بابەتەیە کە بەدەنگێکی نزم لەگەڵ ئاوڕدانەوەیەکدا بۆدواوە، باس دەکرێت.



# بێكاریی، زیاد دەكات

بەدواداچوونی: لاڤە بەشارەت

**لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، بێكاریی لە هەرێمی كوردستاندا بە ڕێژەی (١٠٪ بۆ ١٦٪) زیادیكردووە، ئەو بێكارییەش هەژارییەكی بەرچاوی لێكەوتووەتەوە، بە ڕادەیەك كە (٤١,٧٣٪)ی دانیشتووانی كوردستان باری ئابوورییان خراپ بووەو ڕێژەی هەژارییەكەیان هەڵكشاوە، لە بەرامبەریشدا حكومەتی هەرێم «هیچ» چارەسەرێكی بۆ ئەو دیاردەیە نییە.**



بە دەستكارییەوە لە (الشرق الاوسط) وەرگیراوە

وەك پسپۆڕان ئاماژەی پێدەدەن، ئەو هێزە مرۆییەی لە هەر كۆمەڵگەیەكدا توانای كاركردنی هەیە، تەمەنیان لەنێوان (١٥-٦٠) سالیدایە، لەو ڕوانگەیەشەوە دەردەكەوێت توێژی بێكاریی ڕاستەقینەی كۆمەڵگەی كوردیو قوربانیی سەرەكی ئەو دەردە كوشندەیە، گەنجانن. ئەگەرچی لە زانستی ئابووریدا هێزی بەرهەمهێن بریتییە لە توێژی گەنجان، بەڵام وەك لە هەرێمی كوردستاندا تێبینی دەكرێت، هێزی بەرهەمهێن تا ئەندازەیەكی زۆر پوكاوەتەوە.

مامۆستایەكی زانكۆی سلێمانی؛ زۆربوونی ڕێژەی دانیشتووانو نەبوونی كەرتی تایبەتو بازرگانیو پیشەسازیی، بە هۆكاری سەرەكی بێكاریی ناوزەند دەكات.

جەمیل عەلی؛ مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی ئابووریی زانكۆی سلێمانی، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـاند: تا ڕێـژەی دانیشتووان زیاد بكات، ڕێژەی بێكاریی ڕوو لە هەڵكشان دەكات، چونكە ئەوانەی توانای كاركردنیان هەیە، تەمەنیان لەنێوان (١٥-٦٠) ساڵدایە، كە دەتوانن هەموو كارێك بكەن، بـەڵام زۆربـەی كاتیش كاریان دەستناكەوێت.

سەبارەت بە هۆكاری ئەو بێكارییە زۆرەی ئێستا هەیە، ئەو مامۆستایەی زانكۆ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زۆر بوونی ژمارەی دانیشتووانو نەبوونی كەرتی تایبەتو یەككگرتوو هەمەچەشن كە بتوانێت بەشێك لە بێكاران بگرێتەخۆی، وەك كەرتی خزمەتگوزارییو بواری بازرگانییو پیشەسازیی، هەروەها كۆچی ناوخۆیی وڵاتەكەمانە كە گوندنشینان كۆچ دەكـەن بۆ شـارەكـان، وا دەكات بواری چالاكییە كشتوكاڵییەكان ڕوو لە كەمبوون بكاتو ژمارەیەكی زۆری دانیشتووانیش لە شارەكان كۆببنەوە، كە لە هۆكارە سەرەكییەكانی بێكارین».

ئەگەر چی كوردستان خۆی بەدەست دەردی بێكارییەوە دەناڵێنێت، بەڵام بەپێی ئامارێكی وەزارەتـی كارو كاروباری كۆمەڵایەتیی حكومەتی هەرێمی كوردستان، تائێستا زیاتر لە (١٥٤٦) كرێكاری بیانی لە ڕێگای (٢٠) كۆمپانیای تایبەتەوەو بە ڕەسمیی هاتوونەتە ناو هەرێمی كوردستانەوە.

بۆیە مامۆستاكەی زانكۆی سلێمانی زۆریـی ژمـارەی كـرێـكـاری بیانیو هـاوردەكـردنـیـان بۆ نـاو هـەرێـم، بە هۆكارێكی تری بێكاریی دەداتە قەڵەم.

لە بەرامبەر مەترسیی بێكاریدا كە ڕووی لە هەرێمی كوردستان كردووە، تائێستا حكومەتی هەرێم هەنگاوی جدیی نەناوە بۆ چارەسەركردن.

كـاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایـیو ئـابـووریـی لـە پەرلەمانی كوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە كوردستاندا قەیرانی گەورەی بێكاریی هەیە لە نەبوونی بەرنامەو پەیڕەوی ژیانو بژێویی كۆمەڵ، كە پەیوەندیی بە پێشكەوتنی كۆمەڵگەكەمانەوە هەیە، لەبەرئەوە بێكاریی كێشەیەكی گەورەیەو پێویستە حكومەت كاری بۆ بكات لە داڕشتنی بودجەو بەرنامەڕێژیی بكات، بۆ ئـەوەی ژێرخانی ئابووریی بەهێز بكات.

سەبارەت بە هەوڵەكانی ئەوان وەك پەرلەمانو فشارخستنە سەر حكومەت بـۆ چـارەسـەكـردنـی ئـەو دیـاردەیـە، ئەندامەكەی پەرلەمانی كوردستان ڕایگەیاند: «ئێمە لە پەرلەماندا لە كاتی داڕشتنی بودجەدا، گفتوگۆی ئەوەمان كـردووە كە چارەسەرێكی گونجاو بۆ بێكاریی بدۆزرێتەوە، بەڵام حكومەت ئەم پلانەی نییە.

هاوڕا لەگەڵ ئەو ئەندام پەرلەمانەدا، جەمیل عـەلـی-ش پێیوایە: تائێستا دەسـەڵاتـی كـوردیـی نەیتوانیوە چارەسەرێكی گونجاو بۆ بێكاریی بدۆزێتەوە، «چونكە دەسەڵاتدارانی كورد ئەوەندەی بە كێبڕكێو بەدەستهێنانی پلەو پایەوە خەریكن، ئەوەندە بە تەنگ چارەسەركردنی كێشەی خەڵكەوە نین، چونكە ئێمە حكومەتێكمان نییە بە ناوی حكومەتی خزمەتكردنی خەڵك».

## بەڕێوەبەرێتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی:

# ساڵی ڕابردوو (١٠)ملیار بۆ نیشتەجێبوون تەرخانكراوە

ڕاپۆرتی: لاڤە

**بەڕێوەبەرێتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلیمانی، ڕۆژی پێنجشەممە (١/١٣) لەكۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا، كاروچالاكییەكانی سالی ڕابردووی خستەڕوو، كە تیایدا ئاشكرایان كرد، كە لەو سالەدا (١٠)ملیار دینار بۆ پرۆژەكانی نیشتەجێبوون تەرخانكراوە**


فرمان غەریب

فرمان غەریب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی، لە كۆنگرە ڕۆژنامەوانییەكەدا، ڕایگەیاند: «بڕی تێچووی ئـەو پـرۆژانـەی كە لەساڵی (٢٠١٠)دا مۆڵەتیان وەرگرتووە، ملیارێكو (٦١٦)ملیۆنو (٨٢١)هەزار دۆلارە، كە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠٠٩)دا، (٥٠٠) ملیون دۆلار زیادیكردووە».

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سـلـێـمـانـی، لـەبـارەی كـێـشـەی نیشتەجێبوونەوە، ئاماژەی بەوەكرد: «دەستەی وەبەرهێنان دامەزراوەیەكی تایبەت نییە بەچارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێبوون، بەڵكو دەستەی وەبەرهێنان مامەڵە لەگەڵ وەبەرهێنەران دەكاتو وەبەرهێنەریش ئامانجی بەدەستهێنانی قازانجەو هەوڵنادات داواكاریی خەڵكی كەمدەرامەت پڕبكاتەوەو زەرەر لەخۆی بدات».

بەپێی ئامارەكانی بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی كە لەو كۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا خرانەڕوو، كۆی ئەو بـڕە پـارەیـەی كە لە ساڵی (٢٠١٠)دا دراوە بەهاوڵاتییان لە ڕێگەی سندووقی نیشتەجێبوونەوە، (١٣٨)ملیار دینارە كە وەكو پاڵپشتییەك بۆ كڕینی یەكەی نیشتەجێبوون دراوە بە هاوڵاتییان.

فرمان غەریب سەعید، ئاماژەی بـەوەش كـرد، كە ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان لەساڵی (٢٠١٠)دا، لەژێر ڕۆشنایی سندووقی نیشتەجێبوون، بڕی (١٠)ملیار دیناری بۆ كۆمەڵێك پڕۆژەی نیشتەجێبوون تەرخانكردووە، كە بەم شێوەیەبووە:

پـرۆژەی كـورد سیتی كە یەكێكە لە پـرۆژەكـانـی كۆمپانیای نالیا، بۆ دابەشكردنی ئـاو و كـارەبـاو بنكەی تەندروستیو قوتابخانەكەی، لەلایەن حكومەتەوە ملیارێكو (٦٢٨)ملیۆنو (٤٥٩)هـەزار دیناری بۆ تەرخانكراوە.

پڕۆژەی ڕۆژسیتی یەكێكە لە پڕۆژەكانی كۆمپانیای ڕۆژ، بۆ ئاو و كارەباو بنكەی تەندروستیو قوتابخانەكەی، لەلایەن حكومەتەوە ملیارێكو (٦٦٨)ملیۆنو (٤٤٣)هـەزار دیناری بۆ تەرخانكراوە.

پڕۆژەی گۆیژەسیتی، لەلایەن حكومەتەوە (٢)ملیارو (٢٢١)ملیۆنو (٦٠١)هەزار دینار بۆ خزمەتگوزارییەكانی تەرخانكراوە.

پڕۆژەی گرین سیتی، لەلایەن حكومەتەوە ملیارێكو (٦٠٥)ملیۆنو (٤٦٣)هەزار دینار بۆ خزمەتگوزارییەكانی تەرخانكراوە.

هـەروەهـا پـرۆژەكـانـی ڕووناكیی كۆمپانیای ڕوونـاكـیـی كـە لـە شـارو شـارۆچـكـەكـان جـێـبـەجـێـدەكـرێـن، لەدەربەندیخان،(١٤٩)ملیۆن دیناروڵەكفری (٥٢٠)ملیۆن دینار بۆ خزمەتگوزارییەكانی تەرخانكراوە، پڕۆژەی دیلان سیتی كە یەكێكە لەپڕۆژەكانی كۆمپانیای هەستیار، لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە (١٧٠) ملیۆن دینار بۆ خزمەتگوزارییەكانی تەرخانكراوە، پـرۆژەی دیبەسیتی كە یەكێكە لە پڕۆژەكانی كۆمپانیای بەڕێز، لەلایەن حكومەتەوە (١٦)ملیۆنو (٣٢٦) هـەزار دینار بۆ خزمەتگوزارییەكانی تەرخانكراوە، پڕۆژەی لوبنان سیتی كە یەكێكە لە پڕۆژەكانی كۆمپانیای بەڕێز، لەلایەن حكومەتەوە (٢٧)ملیۆنو (٦٤١) هـەزار دینار بۆ خزمەتگوزارییەكانی تەرخانكراوە.

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی، لەبەرنامەیدایە لەساڵی (٢٠١١) شدا، ئەم پڕۆژانە لەپارێزگای سلێمانی جێبەجێ بكات:

پـــرۆژەی یــەكــەم: نـاوچـەی پیشەسازیی عـەربـەت، (٣٢٠٠)دۆنـم زەویی بۆ تەرخانكراوەو كێشەی زەوی تیا چـارەسـەركـراوەو لـەگـەڵ چەند كۆمپانیایەكی ئێرانیو میسریدا ڕێككەوتن كراوە بۆ ئەوەی پرۆژەی پیشەسازیی گەورەی تیادا ئەنجام بدرێت.

پــرۆژەی دووەم: لـەبـەرنـامـەی وەبەرهێنانی سلێمانیدایە، پـرۆژەی ناوچەی ئازاد لەساڵی (٢٠١٠)دا لەنزیك فرۆكەخانەی سلێمانیو لەسەر ڕووبەڕی (٢٢٠٠)دۆنم زەوی كە بۆی تەرخانكراوە، جێبەجێبكرێت.

پرۆژەی سێیەم: دەستكردنەوەیە بە پرۆژە نیشتەجێكان لە پارێزگای سلێمانی، كە ئەویش بەندە بە بڕی پارەی تەرخانكراو لە بودجەی ساڵی(٢٠١١) بۆ سندووقی نیشتەجێبوون، لەگەڵ ڕووبەری زەویی تەرخانكراو بۆ پرۆژەكانی نیشتەجێبوون لەلایەن شارەوانییە تایبەتمەندەكانەوە.

پـرۆژەی چـوارەم: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی وەبـەرهـێـنـانـی سلێمانی، لەساڵی (٢٠١١)دا، هانی بەرهەمە خۆماڵییەكان دەدات، وەك هاندانی كارگە وەبەرهێنەرەكان.

پـرۆژەی پێنجەم: جێبەجێكردنی چەند پرۆژەیەكی گەشتیارییە، بەتایبەتی لەسەیرانگای دوكان لەساڵی (٢٠١١)دا.

پـرۆژەی شەشەم: پاركی مەولانا لـەلایـەن بـەڕێـوەبـەرێـتـیـی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانییەوە بە یەكێك لەپرۆژە گرنگەكان دادەنرێتو لەساڵی (٢٠١١)دا جێبەجێدەكرێت، كە دەكەوێتە سەر شەقامی شەست مەترییو (٧٥٪)ی سەوزاییو (٢٥٪)ی تەرخان دەكرێت بۆ بواری بازرگانیی.

# لە وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوەدا، (٣٧٠) فەرمانبەر بێكارن!

نازم دڵبەند*

من لـەوەوە دەستپێناكەم كە تا چەند (وەزارەتـی مافی مرۆڤ) لە كوردستان كاریگەریی خۆی هەبووە لە خستنەڕووی پێشێلكارییەكان، چونكە ڕەنگە نەیتوانیبێت وەكـو (ئـەمـنستی ئەنتەرناشناڵ)و (هیومان ڕایس ووچ)و هەندێك دامەزراوەی بواری تر كە لەم بوارەدا كار دەكەن، ئەركەكان بە جێبهێنێت، بەڵام ئەوە دەڵێم، بەر لە دامەزراندنی ئەم وەزارەتە، لەگەڵ یەكگرتنەوەی هەندێك لە وەزارەتەكانی هەردوو حكومەتو ڕاگەیاندنی حكومەتی یەكگرتوو لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٥/٧)و دەستبەكاربوونی وەزیرو كادیرەكانی ئەم وەزارەتە لە حوزەیرانی هەمان ساڵ، بیركردنەوەكان بەرەو بنیادنانی ڕەوشێك بە ناوی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە كوردستان كاری لەسەر كرابێتو لە چوارساڵی بوونیشی تا سنوورێك توانیبێتی هەر هیچ نەكات، مافی مرۆڤ بە خەڵك ئاشنا بكاتو توانیبێتی لە ڕووی هەندێك كارئاسانیی بۆ ڕەوشی زیندانییەكان بەتایبەت، كارێكی وا بكات كە خەڵكانێك هەبوون ماوەیەكی ئێجگار زۆر لە زیندان بـوونو دادگایی نەكرابوون، بەزوویی بیانگەیەنێتە چارەنووسی یاسایی خۆیانو مانگانە دووجار لە میانی بەڕێوەبەرێتییەكانی هەموو بەندیخانەكانی شارو شارۆچكەكان بەسەر بكاتەوەو لە نزیكەوە لەگەڵ لایەنی كارگێڕییو زیندانییان قسە بكاتو گەورەترین هەڕەشەی زیندانییان كە (ئەشكەنجەدان) بوو بنبڕ بكات، یان هەر نەبووبێت، زۆر كەمی بكاتەوە...

بێجگە لە دانانی پرۆژەیەكی تۆكمە بە ناوی (بۆردی ڕاوێژكاری) كە هەموو لایەنەپەیوەندیدارەكانی تێدا بەشدار بوون، بۆ كاركردن لەسەر پێشێلكارییەكان كە ڕۆژانە دەهاتنەكایەوە، ئینجا بەشداریكردنیشی لە كێشەی توندوتیژیی دژی ژنانو دروستكردنی پەیوەندییەكی چاك لەگەڵ ڕێكخراوە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەكانی بواری مافی مرۆڤو سەرۆكایەتیكردنی وەفدی عێراقی لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی مافەكانی مرۆڤ لە (جنێڤ)و وروژاندنی (بە جینۆسایدكردنی كورد) وەكو تاوانێكی جیهانییو لە كاتی خۆشیدا لە میدیاكان زۆری لەسەر نووسرا، ڕۆڵی ئەوەی تێدا هەبوو.

هەر لە میانی تەمەنی ئەم وەزارەتە هەڵوەشاوەیەدا، توانرا زیاتر (٣٠)كتێبو نامیلكە چاپبكرێن كە هەر هەمووی ڕەنگدانەوەی ڕەوشەكانی مافی مرۆڤی لە هەموو بوارەكاندا دەخستەڕوو، سەرباری دەركردنی (١١)ژمارە گۆڤاری (مرۆڤ)، كە ژمارەیەك نووسەرو ڕووناكبیری بواری ڕێكخراوە مەدەنییەكانو بواری مافی مرۆڤ وتاریان تێدا نووسیوە. هەر بۆ هەقیقەتی هەندێك لەم قسانەشمان، سێ مانگ جارێك ڕاپۆرتێكی تێروتەسەل لەسەر پێشێلكارییو ڕەوشی مافەكانی مرۆڤ لە كوردستان ئامادە دەكراو بڵاودەكرایەوەو هەمووشی لە (وێب سایت)ی وەزارەت پەخشدەكراو دابەشی سەر میدیاكان دەكرا.

ڕاستیشە كە ئەم وەزارەتــە سەر بە حكومەتی شەراكەتی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەكە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیی كۆتایی بە هەندێك بەندیخانەی سەر بە حیزب بهێنێتو بەندیخانەكانی حكومەت بەڕەسمیی بناسێت.

بەڵام لە هەمووی عەجایبتر، تا نووسینی ئەم وتارەم (٢٠١١/١/١١)، ساڵێكو دوو مانگو سێ ڕۆژ دوای ئەوەی بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣٦٧١) لـە(٢٠٠٩/١١/٣) ئەم وەزارەتـە هەڵوەشایەوەو بەپێی فەرمانی ژمارە (١٧٥٥) لە (٢٠٠٩/١١/١١) د. شوان محەمەد عەزیز، وەزیری پێشوو بڕیاری دەست لەكار هەڵگرتنی دراو حاكم ڕەئـوف ڕەشید، وەزیـری داد بووە سەرپەرشتیاری وەزارەت، (٣٧٠) فەرمانبەری ئەم وەزارەتە بە هەموو بەڕێوەبەرێتییەكانی، سەرەڕای ئیمزاكردنی یاسایەكیش بۆی بە ناوی (یاسای دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ) لە هەرێمی كوردستان كە لە ژمـارە(١١٤)ی ڕۆژی ( ٢٠١٠/٨/٢)ی وەقائعی كوردستان بڵاوكراوەتەوە، بەیانیان تا كۆتایی دەوامكردن لەسەر كورسییەكانیان بەبێ هیچ كارێكو بەبێ ئەوەی هیچ چالاكییەكیان هەبێت، ڕۆژ دەگوزەرێننو وەكو هەموو فەرمانبەرێكیش سـەری مانگان، مووچەی خۆیان وەردەگرنو هەموو یاسایەكیش كە فەرمانبەران بگرێتەوە، ئەوانیش دەگرێتەوەو بە دڵنیایشەوە ڕەنگە جۆرێك لە بێزارییەكی قووڵ بەسەر هەر هەموویاندا هاتبێت.

پرسیارەكە لێرەدایە، ئایا ئەمە عەجایب نییە كە دوای یەك ساڵو دوومانگو سێ ڕۆژ، پەرلەمانی كوردستان كە بەپێی مادەی (دووەمی) یاساكە، ئەم دەستەیە سەر بە ئەوانە، نەتوانێت بەپێی ئەم یاسا ئیمزاكراوە (سەرۆكایەتیی ئەم دەستەیە دابمەزرێنێتو ڕێچكەی كارەكانی خۆی پێبگرێت...؟؟؟ كە تەنیا مووچەی فەرمانبەرانی ناو دیوانی ئەم وەزارەتە بۆ مانگێك دەگاتە (٦٠)ملیۆنو (٩٢٥)هەزارو (٤٠٠)دینار، ئەمە بێجگە لە مووچەی (١٠) بەڕێوەبەرێتیی دیكەی شارو شارۆچكەكانی ئەم وەزارەتە. ئەی ئەمە بەشێك نییە لە پێشێلكارییەكان...؟

* وتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوە

نارەزایی خوێندکاران دژ بە سیستمی نوێی خوێندن بەردەوامە 16

راڤەی بودجە

## دیسان لەبارەی داهاتی نەوتەوە

# داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ٣٠ نییە ١٨ ملیۆن دینارە



عەلی حەمەساڵح

بەهۆی نا شەفافبوونی دۆسیەی نەوتەوە لە هەرێمی کوردستان، یەکێک لە کارە گرنگەکانی ڕۆژنامەنووسی ئەم هەرێمە، کارکردنەو کارکردن دەبێت بۆ ئاشکراکردنی بەشێک لە دۆسیە نهێنییەکانی نەوت، بۆیە هەوڵی ئاشکراکردن، یان هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دۆسیەی نەوتو گەیشتن بە ئەنجامێک وەک دەستکەوتێکی گرنگ ناودەبەم بۆ ڕۆژنامەنووسو هاوکات، دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە بەهۆی ئاڵۆزیی دۆسیەکەو نەدانی زانیارییەوە، ڕەنگە ڕۆژنامەنووس بکەوێتە هەڵەوە، بەڵام شاردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە نەوتو داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەت، بە بیانوو نازانم بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس زانیاریی هەڵە بداتە خوێنەرو حکومەت بەکاری خراپ تۆمەتبار بکات.

لە وتارێکی پێشووتردا، قسەم لەسەر داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان کردبوو، ئەم وتارەی من، بووە هۆی ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەڵامێکم بداتەوەو وەڵامەکەشیان بۆ من، هێندەی ئەوەی ئاشکراکردنی هەندێک زانیاریی گرنگ بوو کە بەشێکی وتارەکەی منی پشتڕاست دەکردەوە، کەمتر ڕەتکردنەوەی زانیارییەکان بوو.

### لەو وتارەی پێشووتردا، قسەم لەسەر دوو لایەن کردووە

یەکەم: داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، زۆر کەمەو جێگای باوەڕ نییەو ئەوەم خستووەتەڕوو، کە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا تەنیا (٣٠)ملیۆن دیناری داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خراوەتە ناو داهاتی کوردستانەوە، بەڵام وەزارەتی ئەوقاف (٧)ملیارو (٧٤٩)ملیۆن دیناری خستووەتە ناو داهاتی کوردستان، واتە داهاتی وەزارەتی ئەوقاف (٢٥٨)ئەوەندەی داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەو وتوومە، چ مەنتقێکی ئابووریی ڕێگا بەمە دەدات؟!

خاڵێکی دیکە کە من قسەم لەسەر کردووە، زۆریی خەرجییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە بە بەراورد بە داهاتەکەیو ئەمەشم بەپێچەوانەی ئەو بنەما ئابوورییانە ناوبردووە کە باس لە هۆکارو گرنگییەکانی دروستبوونی ئەو وەزارەتە دەکەن کە دەبێت ئەم وەزارەتە داهاتەکەی هۆکاری گەشەسەندنی کەرتی ئابووریی بێت لە کوردستاندا، نەک ئەوەی خەرجییەکانی لە داهاتەکەی زۆرتر بێتو نموونەی ئەوەم هێناوەتەوە کە ئەگەر بەراوردێک لەنێوان داهاتو خەرجییەکانی ئەم وەزارەتدا بکەین، دەبینین.. داهاتی ساڵی (٢٠١٠)ی ئەم وەزارەتە بە (٨٩٠)ملیۆن دینار خەملێنراوە، بەڵام (٩٩)ملیارو (٨٧٠) ملیۆن دینار خەرجیی بەکاربردنییەتیو (٦)ملیارو (٩٥٨)ملیۆن لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەکانی تەرخانکراوە، بەمەش خەرجییەکانی (١٢٠)ئەوەندەی داهاتەکەیەتی.

وەک ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، نیگەران بوون بە خستنەڕووی ئەم زانیارییانە، لە (٢٠١١/١/١١) بە ناوی وەزارەتەوە وەڵامی منیان داوەتەوەو گوایە زانیارییەکانم نادروستنو داوای بەڵگەنامە دەکەن لەسەر ئەو زانیارییانە، فەرموون با ئەم جارەیان بە بەڵگەی زیاترەوە قسە بکەین..

سەبارەت بەوەی کە من وتبووم، داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، (٣٠) ملیۆن دینار بووە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، ئەم زانیارییانەم لە وردەکارییەکانی ئەو فایلەدا دەرهێناوە کە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک داهاتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٠٩)، دیاریی کردووە، کە بڕەکەی (٣٧٥) ملیارو (١٢٩)ملیۆن دینارەو ئەم ژمارەیەش وەک داهاتی کوردستان بە حکومەتی ناوەندی عێراق وتراوە، بەڵام بەداوای لێبوردنەوە لە خوێنەرانو وەزارەت، من هەڵەیەکم کردووە کە وتبووم داهاتی ئەم وەزارەتە (٣٠)ملیۆن دینار بوو لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، ڕاستییەکەی زۆر کەمتر بووە لەو بڕە پارەیەو داهاتەکەی لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، تەنیا (١٨)ملیۆن دینار بووە، ئەگەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەوەش نیگەران بووە کە داهاتی ئەوانم بەراوردکردووە بە داهاتی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی، ئەوا ئێستا داهاتەکەیان بە داهاتی وەزارەتی کارەبا بەراورد دەکەم، داهاتی وەزارەتی کارەبا لە ساڵی(٢٠٠٩)دا، (١٠٠)ملیارو (٢٥)ملیۆن دینار بووە، ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراورد بکرێت بە داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئەوا داهاتی وەزارەتی کارەبا، (٥٥٦,٩) ئەوەندەی داهاتی وەزارەتی نەوتە (لە نووسنی ئایندەدا، داهاتی سەرجەم وەزارەتەکانو داهاتی گشتیی حکومەتی هەرێم بەدرشتی دەخەمەڕوو).

من وتبووم، داهاتی نەوتی خاو لە ساڵی(٢٠٠٩)دا، بە (٧)ملیۆنو (٥٧٦) ملیۆن دینار دانراوە، ئەوانیش دەڵێن، بەڵگە، فەرموون بەڵگە.. بەپێی نووسراوی ژمارە (٨٢٢٩/٤/٥) کە وەزیری دارایی لە (٢٠١٠/٥/٢٦)دا ناردوویەتی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، داهاتی هەرێمی کوردستانی بۆ ساڵی(٢٠٠٩) زۆر بە وردیی تێدا دیاریکراوەو لە بڕگەیەکدا داهاتی نەوتی خاو (**ایرادات تصدیر النفط الخام**) بە (٧)ملیۆنو (٥٧٦)ملیۆن دینار دانراوە، ئەگەر نووسراوی فەرمیی وەزیری دارایی بۆ سەرۆکی حکومەت بەڵگە نەبێت، دەبێت چی بەڵگە بێت؟!

### ڕوونکردنەوەی ئەوانو پرسیاری من

کە داهاتی وەزارەتەکەیانی بۆ ساڵی(٢٠٠٩) بە (١)ملیارو (٢٥٤)ملیۆنو (٨٦٢)هەزارو (٣٠٠)دینار داناوە، ئەم پارەیەی کە ئەوان دەیڵێن، هەوڵمان داوە زۆرترین داهات بۆ وەزارەتی دارایی دابین بکەین، بینای قوتابخانەیەکیشی پێدروست ناکرێت، بەپێی ئەم ژمارەیەش کە خۆیان داویانە، خەرجیی وەزارەتەکەیان لە ساڵی (٢٠١٠)دا (٨٠) ئەوەندەی داهاتی وەزارەتەکەیانە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، منیش هەروام وتووە کە خۆیان دەیڵێنو وتوومە، نابێت خەرجییان لە داهاتیان زیاتر بێت.

لەو پارەیەی کە ئەوان خستوویانەتەڕوو وەک وەڵامێک بۆ ئێمە، نە داهاتی نەوتی خاو دیارەو نە داهاتی نەوتی ڕەشو نە داهاتی پێکهاتە نەوتییەکان، لە کاتێکدا د.عەلی حسێن بەلۆ، ڕاوێژکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، دەڵێت: «ئەوەی دەڕواتە دەرەوە، نەوتی ڕەشەو پێکهاتە نەوتییەکانی وەک بەنزین لە بازاڕەکانی کوردستاندا دەفرۆشین»، ئەگەر لە بازاڕەکانی کوردستاندا دەیفرۆشن داهاتەکەی کوا؟

د.عەلی، زانیاریی زیاتر دەداتو دەڵێت: «سێ پاڵاوگەی سەرەکیی پاڵاوتنی نەوت هەن لە کوردستاندا، کە توانای پاڵاوتنی (٦٥)هەزار بەرمیل نەوتیان هەیە»، ئەمە جگە لەو هەموو پاڵاوگە بێمۆڵەتەی نەوت کە هەیە لە کوردستاندا، ئەی داهاتی ئەو نەوتە کوا کە دەپاڵێورێت؟

ڕۆژانە ئەو هەموو تانکەرە نەوتە دەبینین کە دەڕۆنە دەرەوەی کوردستان، گریمان ئەوە هەمووی نەوتی ڕەشەو بە نرخێکی زۆر هەرزانیش دەفرۆشرێت، ئەی داهاتی ئەو نەوتە ڕەشە کوا؟ بە ڕەچاوکردنی ئەوەش کە ئێمە دەزانین، دەبێت بەشێکی ئەو داهاتە بدرێتە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتو بەشێکیشی بدرێتە پاڵاوگەکان، بەڵام ئەی هیچی نەمایەوە؟ بۆچی حکومەتی هەرێم بۆ خۆشی نەوت دەردەهێنێت؟!

با بڵێین، ڕاستە، ئەمە نەوتی ڕەشە کە دەچێتە دەرەوە، ئەی پێکهاتەکانی دیکەی کوا، خۆ حکومەت نەوتەکە بەڕەشی لەژێر خاک دەرناهێنێت، هەرچەندە ئێمە دەزانین، بەشێکی ئەو پێکهاتە گازوایلەو بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دەچێت، ئەی ئەوی دیکەی کوا؟

ئێستا ژمارە حیسابێک هەیەو داهاتی نەوتی تێدایە، بۆ دەبێت نەزانین ئەو داهاتە چەندە؟ بەتەمان تا کەی نەخرێتە خزمەتی هاوڵاتییانی کوردستانەوە.

استمارة تقديرات الايرادات الموحدة لحكومة اقليم كوردستان لسنة 2010

وزارة الموارد الطبيعية — بالملايين

| تصنيف الايرادات لسنة 2010 المتوافق عليه GFC — البيان | القسم | الترميز الجديد لهيكل حسابات سنة 2010 | الفعلي 2008 | بيانات 2009 — مخطط | بيانات 2009 — فعلي لغاية 6/30 | بيانات 2009 — متوقع | تقديرات سنة 2010 — المقترح من قبل الدائرة | تقديرات سنة 2010 — مقترح وزارة المالية | تقديرات سنة 2010 — المتفق عليه (النهائي) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| الضرائب | 1 | 01 | | 18 | | | 30 | 30 | |
| المساهمات الاجتماعية | 1 | 02 | | | | | | | |
| المنح | 1 | 03 | | | | | | | |
| الايرادات الاخرى بضمنها مبيعات النفط | 1 | 04 | | | | | 860 | 860 | |
| بيع الموجودات غير المالية | 1 | 31 | | | | | | | |
| المجموع الكلي | | | 0 | 18 | 0 | 0 | 890 | 890 | 0 |

### وەڵامی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

تەنیا لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕی (١)ملیارو (٢٥٤)ملیۆنو (٨٦٢)هەزارو (٣٠٠)دیناری خستووەتە سەر داهاتی گشتییەوە، لە ژمارە (٦١٤)ی ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/٢٨)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەوە هەواڵێکی بێبنەماو دوور لەڕاستی بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بەوەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەماوەی ساڵی (٢٠٠٩)دا، تەنیا (٣٠)ملیۆن دیناری خستووەتە سەر داهاتی کوردستانەوە، هاوکات داهاتی وەزارەتی ئەوقاف بە (٢٥٠)ئەوەندەی وەزارەتمان مەزندە کراوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین، لەو ڕۆژنامەیە بپرسین، لەسەر چ بنەمایەک ئەم ژمارەیەی بڵاوکردووەتەوە؟ یاخود دەپرسین، ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت، چ لۆجیکێکو بیرکردنەوەیەکی زانستییانە ڕێگا بەوە دەدات کە ئەم ژمارەیە ڕاست بێت؟؟!! ئەمە بێجگە لەوەی ڕۆژێک لەڕۆژان، ئەو ڕۆژنامەنووسە بە دەقیقەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە سەردانی وەزارەتی نەکردووەو پرسیاری لەو بارەیەوە نەکردووە.

ئێمە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابووین کە زۆرترین داهات بۆ وەزارەتی دارایی هەرێم لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بێت، بەڵگەی ڕاستیی قسەکانیشمانو ناڕاستیی هەواڵەکەش، ئەوەیە کە تەنیا لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، لە بەرواری (٢٠٠٩/١/١ تا ٢٠٠٩/١٢/٣١) وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بڕی یەک ملیارو دووسەدوپەنجاوچوار ملیۆنو هەشتسەدو شەستو دوو هەزارو سێسەد دیناری خستووەتە سەر داهاتی گشتییەوە، بێجگە لە داهاتەکانی تر کە وەزارەت هەیبووەو بەم شێوەیەی خوارەوە: ١-ڕسوماتی زەوییە کشتوکاڵییەکان (٣,٣٧٥,٠٠٠)دینار. ٢-وێنەی پولی دارایی (٧٠٨,٨٢٤,٩٠٠)دینار. ٣-کرێی پشکنین (١,٣٥٠,٠٠٠)دینار. ٤-وەبەرهێنانی نرخ (٣٧٢,٥٦٤,٠٠٠)دینار. ٥-سزاکان (١٧٣,٠٠٠,٠٠٠)دینار. ٦-دەستکەوتی جۆراوجۆر (٦٩,٣٥٠)دینارو کۆی گشتیی (١,٢٥٤,٨٦٢,٣٠٠)دینار، ئەمانەی سەرەوە تەنیا داهاتی ڕسوماتن بۆ یەک ساڵ، بێجگە لە هیچ داهاتێکی تری وەزارەت.

بۆیە بە پێویستی دەزانین، ئەوە بڵێین، ئامانج لە وروژاندنو بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە ناڕاستانە، لە شێواندنی دەستکەوتەکانی وەزارەت بەولاوە هیچ شتێکی دیکە نییە. جیاوازیی ئەو (٣٠)ملیۆنەی کاکی ڕۆژنامەنووس باسی کردووە لە ساڵی ڕابردوودا، وەک ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ئاماژەی پێکردووە، لەگەڵ ئەو یەک ملیارەی داهاتی وەزارەتیش بۆ هەمان ساڵ، بۆ خوێنەر جێدەهێڵین.!!

**ڕاگەیاندنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان**
**٢٠١١/١/١١**

# حکومەت سامانێکی ئابووریی نیشتمانیی لەبیر دەکات

ئا: ڕۆژنامە

زیاد لە سەدەیەکە پەترۆڵ تاکە سامانی ئابووریی سەرەکیی کۆمەڵێک لە وڵاتانی جیهانە، بە تایبەتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، هەروەها سەرچاوەی سەرەکیی وزەی وڵاتانی پیشەسازیشە، پەترۆڵ لە کاتێکدا کە بووە بە مایەی خێرو خۆشگوزەرانی بۆ ئەو وڵاتانە، بەڵام هیچ زەمانەتێکی بەردەوامبوونی نییە، کۆتایهاتنیشی کارەساتێکی وزەییو ئابووریی جیهانیی بەدواوەیە.

ئێستا هەموو هەوڵەکانی وڵاتانی پیشەسازیی بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکە، هەرچەندە پرۆسەی دەرهێنانو هەناردەکردنی پەترۆڵ لە کوردستان، ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە ئەو کارە لە بازنەیەکی زۆر تەسکو تایبەتو شاراوەدا کاری بۆ دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆبەستنەوەی دەسەڵاتی کوردیی بەم سامانەوەو پشتگوێخستنی سامانەکانی تر بە هەر مەبەستێکبێت «هەڵەیەکی گەورەیە»، جا ئەگەر ژیرانە بیر لە داهاتووی کوردستان بکرێتەوە، دەبێت دەرهێنانو فرۆشتنی نەوت دوا ئەگەری سیاسەتی حکومەتی کوردیی بێت.

بە بۆچوونی هەموو شارەزاکانی بواری ئابووریی، لە داهاتوودا ئاو ئەلتەرناتیڤی سەرەکیی پەترۆڵ دەبێت، کوردستانیش یەکێکە لەو ناوچانەی کە ئەو ئەگەرە دەیگرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر کارەساتی وشکەساڵیی باڵ نەکێشێت بەسەر ناوچەکەدا، جا ئەگەر بەپێی ئەو بۆچوونانەی ئەمڕۆ بێت، ئاو لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە بواری گەشەسەندنی کشتوکاڵییو ئابووریدا نابێت، بە تایبەت کە بەنداوەکانی کوردستان لەسەر ئەو ئاستە پێویستە نین بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵیی، ئەمە لە لایەکەوە، هەروەها نەبوونی پرۆژەی ئاودێریی ستراتیژیش لە لایەکی ترەوە، لە هەمان کاتدا لە ئەگەری کێشەی وشکەساڵیدا ئێمە ناتوانین هیچ پەرەپێدانێک بە سێکتەری گەشتوگوزاریش بدەین.

کەواتە ئێستاو لە داهاتووشدا دەبێت کوردستان پشت بە سامانی بەرد ببەستێت، وەک یەکێک لە فاکتەرەکان، بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئەم وڵاتەو وەگەڕخستنیشی بەرپرسیارێتیی ئەم حکومەتەیە.

بەرد لە وڵاتێکی وەک ئیتالیا بووە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئابووریی ئەو وڵاتە، لێرەدا نامانەوێت بچینە ناو لایەنە تەکنیکییەکانی ئەم باسەوە، تەنیا بە کورتی، بەرد تاکە کەرەستە بووە کە یەکەم مرۆڤی سەر زەمیین لە پێداویستییەکانیدا بەکاریهێناوە، وەک: چەقۆو کەوچکو قاپو ئاگرکردنەوەو... هتد.

ئێستا لە دونیای گلۆبالدا واجارێکیتر مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەرەستە سروشتییەو بە سەدان جۆر گۆڕانکاریی تێدا دەکاتو بە دەیان جۆر بەرهەمی تازەی لێ دروست دەکات، پاودەری بەرد بۆ دروستکردنی کاغەز بەکاردێت، پاودەری بەرد لەژێر پلەیەکی زۆر بەرزی گەرمییداو بەهۆی پالەپەستۆی هەواوە جۆرێک لە ئیسفەنج دروست دەکرێت بۆ کاری بیناسازیی، ئێستا لە ئەوروپادا هیچ بینایەک بەبێ ئەو کەرەستە تازەیە دروست ناکرێت، چونکە بەرنگاربوونەوەی گەرماو سەرمای (٩٠٪)ە.

ئەمە جگە لەوەی کە بەرد سەرچاوەی هەموو جۆرەکانی چیمەنتۆو گەچو کاشییو... هتد، ئەمڕۆ نرخی یەک مەتر دووجا لە بەردی مەڕمەڕ لە نێوان (١٠-٥٠) دۆلارە، بەپێی کواڵێتیو جێگەو شێوازو بەکارهێنانی دەیان جۆر لە مەڕمەڕ بە شێوەی پیشەسازیی بەرهەم دەهێنرێت.

بەردی سروشتیی باشترین کەرەستەی بیناسازییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاکتەرەکانی دژە ژینگە، تا ڕادەیەکی زۆر نە سەرماو نە گەرما کاری تێ ناکاتو درێژترین تەمەنی بەردەوامبوونی هەیە، جگە لەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی کیمیاویشی بەسەردا نایەتو تیادا ڕوونادات، لەبەر ئەوە بۆ ژینگە زەرەرمەند نییە.

دەبێت حکومەتی هەرێم پەنا بۆ پسپۆڕو شارەزاکانی ئەو بوارە ببات، بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی بەرفراوان لەسەر ئاستی کوردستان دەستپێبکرێت بۆ دەستنیشانکردنی کانزاکانو کۆکردنەوەی داتاو زانیاریی تەواو لەسەر هەموو جۆرەکانی بەرد، بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا دەست بە بەهەرمهێنان بکرێت لای کەمیی!!! بۆ پێویستییەکانی بیناسازیی، هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی وڵات.

## چەندین ملیار دیناریان بۆ سەرفکراوە

# کارکردن لە چەند پڕۆژەیەکی کۆیەدا دەوەستێت

**راپۆرتی: ئاری سابیر**

چەند پڕۆژەیەکی گرنگی قەزای کۆیە کە دەیان ملیار دیناریان تێدا سەرفکراوە، کارکردن تیایاندا وەستاوەو گرووپێکی مەدەنیی کۆیەش داوای لێپێچینەوە لە لایەنی کەمتەرخەم دەکەن.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، قەزای کۆیە بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام بەهۆی «بێبەرنامەیی‌و نەبوونی پلان لە چۆنێتیی خەرجکردنی ئەو بودجەیەو ئەنجامدانی پڕۆژەکان»، کارکردن لە چەند پڕۆژەیەکی گرنگ لە قەزاکە وەستاوەو هاوکات، گرووپی (دەنگ) کە گرووپێکی مەدەنیی قەزای کۆیەیە، یاداشتێکیان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان‌و پەرلەمانی کوردستان کردووەو داوا دەکەن، لێکۆڵینەوە لەو لایەنانە بکرێت کە کەمتەرخەم بوون لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا.

کاروان شەفیق، وتەبێژی گرووپی (دەنگ)، ئاماژە بە ژمارەو رێژەی بودجەکانیان دەکات کە لەساڵی (٢٠٠٣)وە تا ساڵی(٢٠١٠) زیاتر لەسەد ملیار دیناری لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ تەرخانکراوە، کە ئەمەش بە وتەی کاروان شەفیق: «بودجەیەکی زۆرەو دەتوانرا زۆربەی کێشەکانی قەزاکەی پێ چارەسەر بکرایە»و بە رۆژنامەشی راگەیاند: «تا ئێستاش سەرجەم گەڕەکەکانی کۆیە پێویستیان بەپڕۆژەی خزمەتگوزاریی هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە چەند پڕۆژەیەکی گرنگ لەکۆیە پارەیەکی زۆریان بۆ تەرخانکراوەو کارکردن تیایاندا وەستاوە، ئەمەش زیانێکی زۆری بەخەڵکی کۆیە گەیاندووەو پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکرێت».

بەشێک لەو پڕۆژانەی کە کارکردن تیایاندا وەستاوە، بریتین لە پڕۆژەی دروستکردنی بینای سەنتەری خوێندکارانی زانکۆی کۆیە کە دراوە بەکۆمپانیا (ئەسەل)و بڕی دووملیارو (٩٧٥)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو لە (٢٠٠٥/٤/٨)دا دەست کراوە بەکارکردن تێدا، کە دەبوو پڕۆژەکە لەماوەی (٤٠٠) رۆژدا تەواوبکرایە، کە (٢٠٠٦/٥/١٨)ی دەکرد، بەڵام زیاتر لە (٤)ساڵ لە وادەی خۆی تێپەڕیوەو تا ئێستا تەواو نەبووە.

هێمن عومەر، خوێندکارێکی قۆناغی چوارەمی زانکۆی کۆیە، وتی: «سەرەڕای خراپیی شوێنی دروستکردنی بیناکە، لەوکاتەوەی کارکردن لەو پڕۆژەیە دەستی پێکردووە، چەند خولێک خوێندکار لەزانکۆ خوێندنیان تەواو کردووە بێ ئەوەی پێبخەنە سەنتەرەکەوە».

هێمن، وتیشی: «سەرجەم بیناکانی کۆلێجەکان بەبێ قاوەخانە و سەنتەری ئەنتەرنێتی باشن، ئەمەش کێشەی گەورەیە بۆ خوێندکاران».

لەوبارەیەوە، د.خدر مەعسوم، سەرۆکی زانکۆی کۆیە، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو پڕۆژەیە لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانیی کۆیەوە بودجەی بۆ تەرخانکراوەو سەرپەرشتی دەکرێت، هیچ پەیوەندییەکی بە زانکۆی کۆیەوە نییە بڕیاربوو دوای تەواوبوونی بدرێت بە ئێمە، ئەوان هۆکاری دواکەوتنەکەی دەزانن».

وتیشی: «ئێمە وەک زانکۆ بەدواداچوونمان بۆ کردووەو هەوڵی تەواومان داوە تاکو پڕۆژەکە تەواو بکرێت بتوانین بیکەینە سەنتەرێک خزمەتی خوێندکاران بکەین».

سەبارەت بەدواکەوتنی پڕۆژەکە، سامان ئیسماعیل، لێپرسراوی بەشی پڕۆژەکان لە شارەوانی کۆیە رایگەیاند: «ئەو کۆمپانیایەی کە سەرپەرشتی پڕۆژەکەی دەکرد کێشەی دارایی هەبوو توانای جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەورەی نەبوو، بۆیە وەک پێویست کارەکانی جێبەجێ نەدەکرد، ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنی پڕۆژەکە تەنیا (٦٠٪)ی پڕۆژەکە تەواوبووە وەرگرتنەوەی پڕۆژەش لە کۆمپانیا کاتێکی زۆری دەوێت، چەندین جاریش راپۆرتی خۆمان بۆ سەرەوە بەرزکردووەتەوە، کە ئەو کۆمپانیایە کارەکانی بەباشی راناپەڕێنێت‌و کەمتەرخەمە».

یەکێکی تر لەو پڕۆژە وەستاوانەی کۆیە، پڕۆژەی مەلەوانگەو هۆڵی داخراوی تاهیر تۆفیقە، کە بڕی (٢٠٢)ملیۆن دینار تێدا خەرجکراوەو لە (٢٠٠٣/٢/٦)وە لەلایەن شارەوانیی کۆیەوە بەشێوەی جێبەجێکردنی راستەوخۆ کاری تێداکراوەو بۆماوەیەک کارکردن تیایدا وەستاوەو دواتر دراوە بە کەرتی تایبەت‌و دووبارە کارکردن تیایدا وەستاوە.

پڕۆژەی یاریگاو مەلەوانگەی هەرمۆتەش کە بڕی (٢٢٥)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، یەکێکە لە پڕۆژە وەستاوەکانی تری کۆیەو لە(٢٠٠٥/٥/٦) ەوە لەلایەن کۆمپانیای بەرێزەوە دەست بە دروستکردنی کراوەو دواتر شکستی هێناوە.

یە کێکی تریش لە پڕۆژەکان، دروستکردنی گەراجی گشتیی هێڵەکانی دەرەوەی کۆیەیە کە (٩١٣)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو لەلایەن شارەوانیی کۆیەوە دراوە بەکۆمپانیای سۆران‌و لە (٢٠٠٣/٩/٢٧)وە دەست کراوە بە کارکردن تیایدا، سەرەڕای دواکەوتنی پڕۆژەکە، لەساڵی (٢٠٠٩) بەشێک لە گەراجەکە رووخاو کەموکووڕییەکی زۆری تێدایە.

هاوکات، وتەبێژی گرووپی (دەنگ)، وتیشی: «سەرجەم بودجەی ئەو پڕۆژانەو ناوی لایەنی سەرپەرشتیارمان لەلایەو لەچەند رۆژی داهاتوودا، لەیاداشتێکدا ئاراستەی پەرلەمان‌و فراکسیۆنەکان‌و لیژنەی نەزاهەو ئەنجومەنی وەزیران‌و دیوانی چاودێریی دارایی دەکەین‌و داوا دەکەین، لێکۆڵینەوە لەچۆنێتیی خەرجکردنی ئەو بودجە زۆرەو لایەنە پەیوندیدارەکان بکرێت».

لەنێو پڕۆژە راوەستاوەکانی تری قەزای کۆیەدا، پڕۆژەی رێگای شەست مەتریی بازنەیی ئەو قەزایە بەدی دەکرێت، کە لە (٢٠٠٣/١٢/٢٧) وە بەشێوەی جێبەجێکردنی راستەوخۆ لەلایەن شارەوانیی کۆیەوە دەست کراوە بەکارکردن تێیداو بڕی دوو ملیارو چوارسەدو چل‌و یەک ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو دوای ماوەیەک کارکردن تیایدا، پڕۆژەکە وەستاوەو هاوکات، پڕۆژەی تونێڵی هەیبەت سوڵتانیش کە لەساڵی (٢٠٠٥)دا بڕی (١٣)ملیۆن دۆلاری لەلایەن ئیدارەی پێشووی سلێمانییەوە بۆ تەرخانکرا، درا بە کۆمپانیایەکی چینی‌و دوای ماوەیەک کارکردن تیایداو خەرجکردنی پێنجسەد هەزار دۆلار، پڕۆژەکە وەستا.





کۆیە، وێنەی یەکێک لە پڕۆژە تەواونەکراوەکان

فۆتۆ: ئاری

## بنەسڵاوە داوای خزمەتگوزاریی دەکات

**بەدواداچوونی: دیار باڵەیی**

ژمارەیەک لە دانیشتووانی قەزای بنەسڵاوە ناڕازین لە کەمتەرخەمییەکانی حکومەت سەبارەت بە قیرتاونەکردنی شەقامەکانیان‌و پاکنەکردنەوەی خۆڵ‌و خاشاکی کۆڵانەکانیان.

فاخیر ئەبوبکر سدیق، هاوڵاتییەکی دانیشتووی قەزای بنەسڵاوەیە دەڵێت: «لەسەر حیسابی خۆمان خاشاک فڕێدەدەین، برایەکم گەڵابەی هەیەو پاشماوەی ئێمەو جیرانەکانمان فڕێدەدات».

ئەگەرچی قەزای بنەسڵاوە لەزۆر رووەوە پێویستی بە خزمەتگوزاریی هەیە، بەڵام گەڕەکەکانی چوارچراو چوارهەزاری‌و بلۆکی یەک‌و بلۆکی بیست‌و سێ، بەهۆی خراپیی کۆڵانەکانیان‌و قیرتاونەکردنیانەوە، ئاستی خزمەتگوزاریی تیایاندا زۆر لە خوارەوەیە.

لە بەرامبەردا رەفعەت عەبدە؛ سەرۆکی شارەوانیی بنەسڵاوە جەختی لە بەشێکی ئەو گرفتانەی هاوڵاتییان کردەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند «ئەوەی کێشەمان هەبێ لێی، بلۆکی (٢٤و ٢٧و ٢٣)ی گەڕەکی چوارچرایە، لەم رۆژانەی رابردوودا لەو گەڕەکانەبووم تا ئێوارە، زێرابێک گیرابوو چاکمان کرد».

سەرۆکی شارەوانیی بنەسڵاوە، وتیشی: «لە گەڕەکی بزازو چوارچرا لە بلۆکی (٢٤)و (٢٧)و (٢٣) ئەم سێ کۆڵانانە قیرتاو نەکراون‌و خزمەتگوزاریی بۆ نەچووە، بەڵام لە بەرنامەی (٢٠١١) کەشفمان بۆ کردوون، نازانم چیمان بۆ دەکەن.

فەهیم رەفعەت قادر، خانمێکی دانیشتووی قەزای بنەسڵاوەیە دەڵێت: «ئەم کۆڵانانە لە زۆر خزمەتگوزاریی بێبەشەن، ئێمە وەک ژنان سەردانی شارەوانی‌و قایمقاممان کرد، وتیان دێین سەردانتان دەکەین، بەڵام بەداخەوە نەهاتن‌و سەردانیان نەکردین».

ئەو خانمە، وتیشی: «لە ٢٠١٠/١١/١٥وە تائێستا دوو جار ئۆتۆمبێلەکانی خۆڵ کۆکردنەوەی شارەوانی نەهاتوونەتە کۆڵانەکانی گەڕەکی چوارچرا».

## لە سلێمانی، لە دوو لاوە زانیاریی شەخسی لە خەڵک کۆدەکرێتەوە

**راپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر**

نووسینگەکانی دەرهێنانی کارتی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان، کرانەوەو لەهەمانکاتیشدا کار بە کۆدی زانیاریی ئاسایش دەکرێت.

عەمید تاڵب عەبدوڵڵا ئەمین، بەڕێوەبەری نووسینگەی زانیاریی سلێمانی، لەماوەی رابردوودا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، دەستبەکاربوونی بەڕێوەبەرێتییەکەی راگەیاند، کە سەر بە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رەگەزنامەی بەغدایەو بەهەمانشێوەش فەرمانگەیەکی هاوشێوە لە سەرەتای مانگی رابردوودا، لە شاری هەولێر بە رەسمیی کرایەوە.

بەپێی وتەی عەمید تاڵب، ئەرکیان «دەرهێنانی کارتی زانیارییە بۆ هاوڵاتییان، کە تەنیا سەرۆکی خێزان دەگرێتەوە»و بە دەرهێنانی ئەو کارتە نوێیە، سەرۆک خێزان پێویستی بە پشتگیریی موختار نامێنێت‌و زانیاریی تەواوی سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسە تێدا دەبێت‌و بۆ کاروباری فەرمانگەکان بەکاردەهێنرێت.

عەمید تاڵیب، ئاماژەی بەوەشدا: بەبێ بوونی ئەو کارتە، هاوڵاتییان ناتوانن کاروبارەکانیان لەفەرمانگە حکومییەکاندا، بەڕێ بکەن.

نووسینگەی زانیاریی سلێمانی، بە پاڵپشتی یاسای ژمارە (٩٥)ی ساڵی (١٩٧٨)ی عێراقی کاردەکات‌و تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، (٧٩) نووسینگەی دەبێت.

پێکهێنانی ئەم بەڕێوەبەرێتییە، لەکاتکێدایە کە تا ئێستاش لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، کۆدی ئاسایش بۆ هاوڵاتییان کاری پێدەکرێت‌و بەڕێوەبەری نووسینگەی زانیاریی سلێمانی، جەختی لەوە کردەوە کە «لەهەمانکاتدا کۆدی ئاسایش، هەر بەردەوام دەبێت هاوڵاتی دەریبهێنێت‌و ئەو کۆدە بۆ لایەنی ئەمنییە، بەڵام بۆ دەرهێنانی کارتی زانیاریی، کۆدی ئاسایش بەکارنایەت».

بەرپرسانی ئاسایشیش، جەخت لەسەر شەرعیبوونی ئەو کۆدە دەکەنەوە کە لەلایەن ئەوانەوە بۆ هاوڵاتییان دەردەهێنرێت.

حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێم، بە رۆژنامەی راگەیاند: «کۆدی ئاسایش، لەسەرتاسەری هەرێمدا کاری پێدەکرێت کە بریتییە لە، کۆکردنەوەی زانیاریی‌و مەرجە هەموو کەس ئەو کۆدەی هەبێت».

لایەنگرانی «لیستی کارمەندانی تەندروستی» ژمارەیەک پێشێلکاریی ئەنجام دەدەن 18

### حیزب بەرۆکی زانکۆ بەرنادات

# جەلال تاڵەبانی: نابێت ڕێکخستنی حیزبیی دەست لە زانکۆو پەیمانگا وەربدات

# یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ: بوونی نوێنەرایەتیی لە زانکۆدا، شەرعییە

ئەکرەم تۆفیق

خوێندکاران، پێیانوایە زانکۆ لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە قۆرخکراوەو مامۆستایەکیش رای وایە، پێویستە خوێندکاران داوای شەرعییەتی خۆیان بکەن لە هەڵبژاردنە خوێندکارییەکانداو پرس بە ڕێکخراوەکان نەکەن.

حەمید محەمەد، خوێندکاری بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە: هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، هەموو پنتەکانی کۆمەڵگایان پاوانکردووە، زانکۆش بێبەش نەکراوە لە دەستێوەردانی حیزبیی‌و هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە قۆرخکراوە، وتیشی: «نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کاروباری خوێندکارانی لەزانکۆی سلێمانی بۆخۆی قۆرخکردووەو هەموو کاروچالاکییەکانی زانکۆ لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لەوانە، لیژنەی پێشوازیی لەخوێندکارانی قۆناغی یەکەم‌و ئاهەنگەکانی یەکترناسینی خوێندکارو چەندین بۆنەی تر کە بۆمەبەستی حیزبیی خۆیان بەکاریان دەهێنن».

ئەو خوێندکارە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: چەندینجار لەلایەن بەرپرسانەوە بەڵێنی وەدەرنانی دەستی حیزبیی دراوە لە زانکۆ، بەڵام هیچکام لەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکراون‌و تا ئێستا دەستی حیزب بەئاشکرا لەزانکۆی سلێمانیدا دیارەو لەهەندێک لەکۆلێژەکان ژووری تایبەتیان بۆ دابینکراوە.

بەردەوامیی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوە حیزبییەکان لەکاتێکدایە، کە جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (٢٠٠٨/١٢/١٨) پرۆژەبڕیارێکی بڵاوکردەوە، کە بڕگەیەکی لەبارەی قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حیزبیی بوو لە زانکۆکاندا، بەڵام تا ئێستاش نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی یەکێتی، لەناو حەرەمی زانکۆی سلێمانیدا بوونی هەیە کە ئەمەش بەلای بەرپرسێکی زانکۆوە، کارێکی «شەرعیی‌و ئاساییە».

د.ئاراس فەریق، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بۆ کاروباری خوێندکاران، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بوونی ئەو نوێنەرایەتییە، شتێکی شەرعییەو ئەوان بەهەڵبژاردن دانراون لەزانکۆداو بوونیشیان پێویستەو زیادنین، چونکە لە ڕێگەی ئەوانەوە خوێندکاران دەتوانن کێشەو گرفتەکانیان بە ئێمە بگەیەنن‌و تەنسیقمان لەگەڵ یەک هەیەو ئاگاداری ئیش‌و کاری یەکترین».

لە پرۆژەکەی تاڵەبانیدا هاتووە: «نابێت ڕێکخستنەکانی حیزبیی، دەست لەکاروباری زانکۆو مەعهەدەکان وەربدەن، یان شەرت‌و داوایان بەسەردا بسەپێنن، یان دەستوەردەن لەدانانی مامۆستاکان‌و سەرۆکی بەشەکان، یان شەرت‌و شروت دانان بۆ تاقیکردنەوەکان‌و چالاکییەکانی زانکۆو مەعهەدەکان، وا باش‌و پەسەندە کە بارەگای ڕێکخستنی حیزبیی لەدەرەوەی بینایەی زانکۆو مەعهەدەکان بێت».

شاهۆ سالح، کە خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسییە لە زانکۆی سلێمانی، ڕەخنە لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان دەگرێت‌و پێیوایە: هیچکام لەو ڕێکخراوانە ڕۆڵی خۆیان نابینن‌و تەنیا لەپێناو مەرامێکی سیاسییدا دروستکراون، دەڵێت: «کۆمەڵەی خوێندکاران کە ڕێکخراوێکی حیزبییەو بەردەوام لەهەوڵی چەسپاندنی پێگەی حیزبەکەیەتی لەبوارەکانی خوێندن بەگشتیی‌و لە زانکۆ بەتایبەتی».




ئەمە لەکاتێکدایە کە بە وتەی سامان سدیق، لێپرسراوی لقی زانکۆی سلێمانی کۆمەڵەی خوێندکاران، هەر (١٣) ڕێکخراوەکە کە لەساڵی (٢٠٠٣)دا هەڵبژاردنی خوێندکارییان لە زانکۆدا ئەنجامداوە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە هەر ڕێکخراوێک براوەبوو، نوێنەرایەتیی ئەو شوێنە دەکات تا هەڵبژاردن دەکرێتەوە، وتیشی: «ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە ملی ئێمەدا نییە، چەندینجار داوای هەڵبژاردنمان کردووەو یاداشتێکمان داوە بە پەرلەمان‌و تا ئێستاش کە نەکراوە، لە پەرلەمانەوە نەکراوە».

مامۆستایەکی زانکۆش پێیوایە، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خوێندکاریی، پەیوەندیی بە پەرلەمانەوە نییەو پێویستە خوێندکاران داوای شەرعییەتی خۆیان بکەن.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە هەڵبژاردنی خوێندکاران هیچ پەیوەندییەکی نە بە پەرلەمان‌و نە هیچ شوێنێکەوە نییەو دەبێت ئەوان واز لە خوێندکاران بهێنن تا خۆیان لەناوخۆیاندا لە ڕێگەی گرووپ‌و بەش‌و کۆلێژەکانەوە نوێنەر هەڵبژێرن‌و نوێنەرایەتییان بکات، نەک لە دەرەوەی زانکۆ نوێنەریان بۆ دیاریی بکرێت، وتیشی: «پێویستە خوێندکاران داوای شەرعییەتی خۆیان بکەن، بۆئەوەی خۆیان هەڵبژاردن بکەن بەبێ ئەوەی هیچ پرسێک بە ڕێکخراوەکان بکەن»، ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئاماژەی بەوەش دا: حیزبەکان یەک جار هەڵبژاردن دەکەن‌و دواتر درێژی دەکەنەوە، لەبەرئەوەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانیش سەر بە حیزبەکانن، بەو میتۆدە ڕازی بوون‌و پەیڕەوی دەکەن، بۆیە وەکوخۆی ماوەتەوە.

بوونی بارەگای ڕێکخراوی حیزبیی لە ئێستادا لە زانکۆی سلێمانیدا، لەکاتێکدایە کە لە چەند ساڵی ڕابردووداو لەسەردەمی خوالێخۆشبوو د.کەمال خۆشناو، سەرۆکی ئەوکاتەی زانکۆی سلێمانی، بوونی بارەگای ڕێکخراوی حیزبیی قەدەغەکردو لە زانکۆ کردنیە دەرەوە.

# ناڕەزایی خوێندکاران دژ بە سیستمی نوێی خوێندن بەردەوامە

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا
ئاکام ئەبوبەکر

لەماوەی هەفتەیەکدا چوار خۆپیشاندان لەلایەن خوێندکارانی ئامادەییەوە دژ بە چەند بڕگەیەکی سیستمێکی نوێی پەروەردە ئەنجام دراوەو هاوکات بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە سیستمە نوێیەکە لە بەرژەوەندیی خوێندکاراندایەو هەروەک هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیستمەکەدا ڕەتدەکەنەوە.

لە ڕۆژانی (١٣-١٥-١٦-١٧)ی ئەم مانگەدا لە شارەکانی سلێمانی‌و سۆران، خوێندکارانی ئامادەیی ڕژانە سەر شەقامەکان، بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی چەند بڕیارێکی سیستمی نوێی پەروەردە، کە تایبەتن بە سیستمی کۆرسات‌و شێوازی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم.

نوێنەرێکی خوێندکارە خۆپیشاندەرەکانی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ماوەی دوو ساڵە ئەم کێشانە بەردەوامن‌و بەبێ ئەوەی پرس‌و ڕا بە خوێندکاران بکرێت، چاکسازیی لە سیستمی پەروەردەدا دەکەن، بەڵام تائێستا کەموکورتییەکان چاک نەکراون، بۆیە داوادەکەین گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە وەرگرتنمانەوە هەیە لە زانکۆو پەیمانگاکان، چونکە بەپێی سیستمەکە دەبێت تاقیکردنەوەی گشتیی بکرێت‌و نمرەی هەر سێ قۆناغی (١٠، ١١، ١٢) حسابی بۆ دەکرێت».

سیستمی نوێی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگیرکراو جێگەی سیستمە کۆنەکەی گرتەوە، دوای چوار ساڵ لە کارکردن بەو سیستمە، تائێستا سیستمە نوێیەکە بە تەواویی پەیڕەوناکرێت‌و ئەو بڕیارو ڕاسپاردانەش کە جێبەجێکراون بەهۆی نەگونجان لەگەڵ ژینگەی خوێندن‌و نەبوونی دیراسەکردنەوە، ڕووبەڕووی کێشە بووەتەوە، تا گەیشتووەتە ڕادەیەک بەشێک لەو بڕیارانە ڕەتکراونەتەوەو ڕاگیراون.



ڕۆژی ١/١٥، لایەنێکی خۆپیشاندانی خوێندکاران لە سلێمانی فۆتۆ: ئاکام

بۆ نموونە ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە چۆنێتی دابەشکردنی ڕێژەی نمرەی قۆناغی ئامادەیی لە پۆلەکانی (١٠، ١١، ١٢) لە کۆتایی ساڵی خوێندنی پاردا، گەورەترین ناڕەزایی‌و ڕێپێوان‌و خۆپیشاندانی خوێندکارانی لێکەوتەوە، لە هاوینی ڕابردوودا بە مەبەستی نەهێشتنی کەموکورتییەکانی سیستمەکە وەزارەتی پەروەردە دەستیکرد بە پێداچوونەوە تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە سیستمەکە هەمواربکرێت.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٢٢٧) لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢١ ڕەزامەندیی دەربڕی بە هەموارکردنی سیستمی تاقیکردنەوەکانی هەردوو قۆناغی بنەڕەتی‌و ئامادەیی، کە ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) کاری پێدەکرێت، هەروەها بە نووسراوی ژمارە (٤٨٨٨)ی ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٨ بەڕێوەبەرێتی ئەزموونەکان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، گەرمیان)ی لە هەموارکردنی سیستمەکە ئاگادارکردووەتەوە.

بەپێی خاڵی (١) لە بەندی (٤٨)، «تاقیکردنەوەی هەموارکراو هەر سێ قۆناغی (١٠، ١١، ١٢)ی ئامادەیی دەبێتە شەش وەرزی خوێندنی سەربەخۆ»، هەروەها بەپێی خاڵی (٥) لە هەمان بەند «ئەنجامی تێکڕای هەر شەش وەرزەکە بە بڕوانامەیەک دەدرێتە ئەو خوێندکارانەی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی تەواودەکەن».

هەروەک بەپێی خاڵی (١) لە بەندی (٤٩) کە تایبەتە بە تاقیکردنەوە گشتییەکان، ئەوە خراوەتەڕوو «دەرچووانی قۆناغی ئامادەیی (زانستیی، وێژەیی) درێژە بە خوێندن دەدەن لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنگەیی قۆناغی ئامادەیی، کە لەلایەن خوێندنگەوە دەدرێت، ڕێژەی (٣٠٪)ی نمرەکان بۆ ئەو بڕوانامەیە هەژماردەکرێت». هەروەها لە خاڵی (٢) هەمان بەندا هاتووە «ڕێژەی (٧٠٪) لەسەر تاقیکردنەوەی گشتیی دەبێت».

لە خاڵی دواتردا باس لەوە کراوە «کۆی تێکڕای هەردوو ڕێژەی بڕوانامەی خوێندنگەیی‌و تاقیکردنەوەی گشتیی وەک ئەنجامێک بۆ وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان کێبڕکێی لەسەر دەکرێت».

سیستمی تاقیکردنەوەی هەموارکراو لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا پۆلی دەیەمی ئامادەیی، لە ئەمساڵی خوێندن کاری پێدەکرێت.

بە وتەی بەرپرسانی پەروەردەش، سیستمەکە لە بەرژەوەندیی خوێندکاراندایەو خۆپیشاندانەکان ناڕەوان.

کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کارکردن بەم سیستمە نوێیە لە بەرژەوەندیی خوێندکاراندایەو خۆپیشاندانەکانیان ناڕەوایە».

هەروەک بە وتەی جەبار حەمە ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، «ئەم سیستمە هەموارکراوەو تەنیا وەزارەتی پەروەردەو پەرلەمان دەتوانن ئەم سیستمە چاک بکەن‌و هەمواری بکەنەوە».

هاوکات، بە مەبەستی ڕەوینەوەی ناڕەزاییەکانی خوێندکاران‌و ڕوونکردنەوەی گۆڕانکارییەکان، ڕۆژی (١/١٦) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باپیر بەکر، بەڕێوەبەری گشتیی ئەزموونەکان لە وەزارەتی پەروەردە ئەوەی خستەڕوو، بەپێی سیستمەکە ئەمساڵ تەنیا پۆلی (١٠)ی ئامادەیی دەگرێتەوەو بۆ ساڵانی دواتر پۆلەکانی (١١)و (١٢) دەگرێتەوەو بە هەر سێ ساڵەکە قوتابی ڕێژەی (٣٠٪) کۆی نمرەکان کۆدەکاتەوە.

وتیشی: «لە ڕوانگەی سیستمی نوێی خوێندن، ئامانجی بنچینەیی خوێندنی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییەو هەموو هەوڵ‌و کۆششێکمان لە بەرژەوەندیی قوتابی‌و خوێندکاران‌و بۆ سەرخستنی ئەزموونی پەروەردەییە لە هەرێمی کوردستاندا».

بەپێی بڕیارە نوێیەکان، هەر شەش کۆرسی قۆناغی ئامادەیی بەیەکەوە کۆدەکرێنەوە، بۆ ئەوەی ببێتە ڕێژەی (٣٠٪) کۆی گشتیی نمرەکان‌و بەوپێیە بڕوانامەیەکی تایبەتی دەدرێت بە قوتابی کە بۆ دامەزراندن، یان درێژەپێدانی خوێندن لە دەرەوەی وڵات سوودی لێوەردەگیرێت، هەروەها ئەوانەی دەیانەوێت لە زانکۆ حکومیی‌و ئەهلییەکانی هەرێمی کوردستان درێژە بە خوێندن بدەن، بەشداریی لە ئەزموونی گشتیی وەزاری دەکەن کە ڕێژەی (٧٠٪)ی نمرەکان لەخۆدەگرێت.

ئیسماعیل بەرزنجی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەموارکردنی سیستمەکە هەر لەخۆوە نەبووەو دوای لێکۆڵینەوە کراوەو دواتریش پەرلەمان قبووڵی کردووەو لە بەرژەوەندیی خوێندکاران‌و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییاندایە، بۆیە ناکرێت خوێندکاران هەر شتێکیان بە دڵ نەبوو، ناڕەزایی دەرببڕن».

# (٢٠) هەزار کارمەند، (٢٣٤) نوێنەر هەڵدەبژێرن

**ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

تەنیا دوو ڕۆژ لە بەردەم کارمەندانی تەندروستیدا ماوە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان لەو لیستانەی کە کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکەن، لیستە بەشداربووەکانیش بە هیواوە دەڕواننە ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر سەندیکادا دێت.

بڕیارە ڕۆژی (١/٢٠) هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی کوردستان بەڕێوەبچێت، کە بە شێوازی لیستی داخراو دەبێتو (٢٠) هەزار کارمەندی تەندروستی مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکەدا دەبێت، بازنەکانی هەڵبژاردن لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆکو کەرکوکو هەر بازنەیەکیش ژمارەیەک وێستگەی دەستنیشانکراوی هەیەو لە تێکڕای هەڵبژاردنەکەشدا (٢٣٤) ئەندام بەشداریی کۆنگرەی سەندیکاکە دەکەن.

جەبار محەمەد ڕەحیم، نەقیبی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیو ئەندام لە لیستی کارمەندانی تەندروستی (یەکێتیو پارتی) بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەدوای کۆکردنەوەی کارمەندانی تەندروستی لەژێر چەتری یەک ڕێکخراودا، ئەمڕۆ کارمەندانی تەندروستی لە ئەنجامی ئیشکردنی خۆیانو کاروباری ڕێکخراوەکەیانەوە توانیویانە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ لەناو کایە کۆمەڵایەتییەکانیاندا دیاریی بکەن، هەر ئەوەشە وایکردووە کە ئەمڕۆ ئازادانە بە چەند لیستێک بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، ئەمەش دەلالەت لە هۆشیاریی ئەم توێژە دەکات کە خاوەنی چەندین هزری جیاوازن، جگە لە کاری پیشەیی خۆیان.

گرنگیی ئەم هەڵبژاردنەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی؛ کە دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە سەندیکایەکی تۆکمەو بەهێز دروست بکرێت کە زیاتر داکۆکیی لە مافەکانی کارمەندانی تەندروستی بکاتو کارمەندانی تەندروستی لە ڕێگەی سەندیکاکەیانەوە بتوانن ئایندەیان هەبێت لەناو یەکە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

هەر بۆیە هەڵبژاردنەکەی بۆ کارمەندانی تەندروستی ڕوونکردەوە، کە بریتییە لە ئەوەی کە کارمەندانی تەندروستی بە شێوازێکی حەماسی بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بچنو بەشدارییەکی کارابکەن لە پرۆسەکەدا،وتیشی: «هیوادارین کە هەڵبژاردنەکە ناوزڕاندنو ناوناتۆرە لەنێو کارمەنداندا دروست نەکات، چونکە هەر کارمەندانی تەندروستین دەبنە نمایندەی کارمەندان بە گشتیی».

لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی کارمەندانی تەندروستی ڕەخنەی ئەوە لە سەندیکای کارمەندان دەگرن، کە لە پێشتردا نەیتوانیوە هەڵبژاردنێکی سەرتاسەریی ئازاد بەڕێوەبەرن.

محەمەد پشدەری، سەرۆکی لیستی کارمەندانی تەندروستی سەربەخۆ، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە؛ کە (٧) ساڵە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بنەما یاساییەکانی خۆی لەدەستداوە، «چونکە ئەم سەندیکایە لە (٢٠٠٠)دا هەڵبژێردراوە بۆ (٢٠٠٣)و لەو کاتەوە تائێستا نوێنەرایەتی کارمەندانی تەندروستی لەدەستداوە».

گرنگیی هەڵبژاردنەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی، کە لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردن زۆرن، وتیشی: «بەڵام ئەوەی جێگەی داخی ئێمەیە لەناو لیستەکاندا زۆرینەیان لیستی حیزبین، ئەوەندەی ئێمە تێڕوانینمان بۆ گۆڕینی ئەم سەندیکایە هەیە، جێگۆڕکێی حیزبەکانە، نەک سەندیکا».

داواشی لە کارمەندانی تەندروستی کرد؛ کە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرنو دەنگ بدەن بەو کاندیدەی کە دەتوانێت گۆڕانکاریی لە سەندیکاکەدا بکات.

دوورخستنەوەی دەستی حیزب لە حکومەت یەکێکی ترە لەو پەیامانەی کە لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی کارمەندانی تەندروستی کاری بۆ دەکەنو پێیانوایە؛ کە لە ڕابردوودا دەستێوەردانی حیزبیی سەندیکاکەیانی تووشی ئیفلیجی کردووە.

شوان مەعروف؛ وتەبێژی لیستی تەندروستکارانی کۆمەڵی ئیسلامیی لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی وت: «دوورخستنەوەی دەستی حیزبیی لە سەندیکادا، پێویستە کاری سەرەکیی نوێنەرانی ڕاستەقینەی کارمەندانی تەندروستی بێت».

ئەو کارمەندەی تەندروستی پێشیوایە؛ کە بژێویی کارمەندان لە ئاستێکدا نییە کە بتوانن بەو مووچەیەی هەیانە سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانیان دابین بکەن، هەر بۆیە کاری ئەوانە وەک لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردن کار بۆ چاکردنی ئەو لایەنە بکەن، وتیشی: «کارمەندانی تەندروستی مووچەیان کەمە، بۆیە دەبینرێت زۆربەیان لە کلینکەکانی ئێواراندا کار دەکەن بۆ دابینکردنی بژێوییان، لە کاتێکدا پێویستە ئەو کاتەی هەیانە بۆ پشوودان تەرخانی بکەن تا بتوانن لە نەخۆشخانەکاندا سوودی زیاتر بگەیەنن».

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، بە بڕوای لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردن ماوەی چەند ساڵێکە تووشی چەقبەستوویی بووە، بۆیە بە بڕوای نەسرەدین عومەر، وتەبێژی لیستی تەندروستکارانی یەکگرتووی ئیسلامیی، پێویستە نوێنەرانی کارمەندانی تەندروستی کار بکەن بۆ نەهێشتنی ئەو چەقبەستووییە، وتیشی: «ئومێدەوارین خەڵکو دەنگی تازەو ڕەنگی تازە بێنە پێشەوە تا بە هەموومان داکۆکیی لە کارمەندانی تەندروستی بکەینو ئەو ستەمەی کە ئێستا لە کارمەندانی تەندروستی دەکرێت، ڕێگە بە بەردەوامبوونی نەدرێت، خاڵی گرنگیش لێرەدا، کە ئێستا کارمەندی تەندروستی کەسایەتییان نەهێڵراوەو وای لێکراوە کە کارمەند بەردەوام مەمنوونی دەسەڵات بێت، بۆیە دەمانەوێت کە سەندیکایەکی سەربەخۆو ئازادو دوور لە دەستێوەردانی حیزبیی پێکبهێنین».

هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە کە وتەبێژی لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم داوا دەکەن، کە کارمەندانی تەندروستی بەشداریی کارا بکەن لە هەڵبژاردندا.

ئەکرەم مەحمود، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی وت: «ئامانجمانە لە ڕێگەی بەشداریکردنی کارمەندانی تەندروستی لەم هەڵبژاردنەدا چیتر سەندیکا، سەندیکای حیزب نەبێتو ببێتە سەندیکای سەرجەم تەندروستکاران بە هەموو دەنگو ڕەنگە جیاوازەکانەوە، هەر بۆیە داواکارین کە کارمەندان بە گرووتینەوە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن، تا بە هەموومان بتوانین گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سەندیکاکەدا بکەین».




## سەرۆکی لیژنەی هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی:

# هەوڵدەدەین لە هەموو وێستگەیەکدا چاودێری هەڵبژاردن هەبێت

**ڕاپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا**

سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی کوردستان پێیوایە، هەڵبژاردنو کۆنگرەی داهاتووی سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی دەبێتە دەروازەیەک بۆ یەکخستنی ماڵی کارمەندانی تەندروستیو ڕزگاربوونیان لە دوو ڕێکخراوی تەندروستی.

وا بڕیارە (١/٢٠) هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی بە بەشداری (٢٠) هەزار کارمەندی تەندروستی لە چوار بازنەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک) ئەنجام بدرێت، پرۆسەکە بە شێوازی لیستی داخراو فرەبازنەیی بەڕێوەدەچێت، لە بازنەی سلێمانی (٧) لیستو لە بازنەی هەولێر (٥) لیستو لە دهۆک (٥)و لە کەرکوک (٣) لیست کێبڕکێی (٢٣٠) کورسی کۆنگرە دەکەن، بۆ هەر (١٠٠) کارمەندێکی تەندروستی (١) نوێنەری دەبێتە ئەندامی کۆنگرە، جگە لەوە بەپێی پەیڕەوو پرۆگرام (٣٤) کارمەندی تەندروستی کە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزییو ئەنجومەنی باڵای سەندیکان بەبێ هەڵبژاردن دەبنە ئەندامی کۆنگرە.


هادی فەریق

هادی فەریق، سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو کارمەندانەی کە دەتوانن دەنگ بدەن، پێویستە ئەندامی سەندیکا بنو پێناسی سەندیکای هەبێتو ناوی لە ئامارو لیستی دەنگدەراندا هەبێت، ئێمە لە لیژنەی باڵا مانگێک پێش ئێستا میکانیزمەکانی هەڵبژاردنمان داوە بە هەموو لیستەکانو پێمان ڕاگەیاندوون، سەرنجو تێبینی خۆیان لەسەر میکانیزمەکان بنووسن، جگە لەوە لە سەرجەم بازنەکاندا بانگهێشتی (١٠-١٥) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیمان کردووە بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، تا ئێستا چەند ڕێکخراوێک ئامادەییان دەربڕیوە بۆ چاودێریکردن، ئێمە هەوڵدەدەین تەنانەت لە هەموو وێستگەیەکدا چاودێری هەڵبژاردن هەبێت، بۆئەوەی پرۆسەکە بە شەفافانە بەڕێوەبچێت».

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی پیشەیی لە ساڵی (١٩٩٢) وە دامەزراوەو هەرچەند لە ساڵی (٢٠٠٠)دا سەندیکای کارمەندانی تەندروستی (ئیدارەی سلێمانی) کۆنگرەی بەست، بەڵام تائێستا کۆنگرەی سەرتاسەریی نەبەستراوەو تا ئێستاش بە دوو پەیڕەوو پرۆگرام کاردەکرێت، لە ساڵی (٢٠٠٨)دا هەردوو سەندیکای کارمەندانی تەندروستی (یەکێتی)و خاوەن پیشە تەندروستییەکان (پارتی) یەکیان گرتەوەو بەڵێن درا لە ماوەی شەش مانگدا کۆنگرە ببەسترێت، بەڵام دوای دوو ساڵ کۆنگرە دەبەسترێت، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت هەڵبژاردنو کۆنگرە ببێتە دەروازەیەک بۆ گۆڕانکاریی لەنێو ڕێکخراوەکەدا.

سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن ئاماژە بەوە دەکات، «ئەم هەڵبژاردنە وێستگەیەکی زۆر گرنگە بۆ کارمەندانی تەندروستیو لە هەمانکاتدا گرنگە بۆ تێپەڕاندنی دوو ئاراستەی کارکردنو یەکخستنی ماڵی کارمەندانی تەندروستیو یەکخستنی پەیڕەوو پرۆگرامی سەندیکا، هەروەک ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە دەروازەیەک بۆ کۆکردنەوەی کارمەندانی تەندروستی لەنێو یەک ڕێکخراوداو دەربازبوونە لەو هۆکارو لەمپەرە سیاسییانەی کە تائێستا ڕێگربوون لە بەستنی کۆنگرە، ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ڕێکخراوەیی کارمەندانی تەندروستیدا، بۆیە پێویستە هەموومان پێکەوە کاربکەین بۆ نوێکردنەوەی ڕێکخراوەکەو دارشتنەوەی هەیکەلو پەیڕەوو پرۆگرامی ڕێکخراوەکە».

# پاراستنی پیشە پێش ئینتیمای حیزبیی



**د. محەمەد ئەمین عەلی عومەر ***

بەشبەحاڵی خۆم، دابەشبوونی کارمەندانی تەندروستیی لەم کاتەدا بەسەر چەند لیستێکی سیاسیی جیاوازدا، سەرەڕای بوونی لیستی دەسەڵات، بە کارێکی ئازاو بوێرو تەندروست دەزانمو ئەمەش بە هەنگاوێک دەزانم بۆ هەوڵدان بەرەو دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای تەندروستیی کوردستانو بەپیشەییکردنو پرۆفیشناڵکردنی ئەم پیشە پیرۆزەو دەرهێنانی لە چنگی ئەو دوو حیزبە سیاسییەی کە سیاسەت دەکەن لەپێناو سیاسەتو گەیشتن بە ئارەزووەکانیان لە دەسەڵاتو سامانو خزمایەتی.

بوونی ئەو چەند لیستە بە ناوی ئۆپۆزسیۆن، بەسە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ڕێچکە خواروخێچو پڕ ناعەدالەتییەی سەندیکا.

ئەو ڕاستییەی بەهیچ جۆرێک لەبیر ناکرێت، ئێوەی سامانی مرۆیی تەندروستیی، سامانێکی بەنرخی ئەم کۆمەڵگایەن وەک پزیشکانو هەموو دەستە پزیشکیو تەندروستییەکانی ترو دەبێت دەسەڵاتی سیاسیی لە خزمەت ئێوەدابێت، نەک ئێوە لە خزمەت دەسەڵاتدا بن, ئێمەو ئێوە هەردەم لەخزمەت کۆمەڵگاو وڵاتداین, بەڵا، ڕاستە (کاتێک مرۆڤ دەبێتە سامان کە هزرو فیکری ئازاد بێتو بتوانێت تازەگەریو زیادەگەری بۆ ژیان بکات, بەردەوامی بەژیان بداتو بیبات بەرەو پێشەوە، تاک بەرهەمهێنەر بکاتو بیکاتە ئەندامێکی سوودبەخش بۆ کۆمەڵگاکەی)، ئێوەی کارمەندانی تەندروستیش، بەشێکن لەم سامانە مرۆییە تەندروستییە بەنرخەی کوردستانو ئەرکێکی پیرۆزتان لەسەرشانە وەک نوێنەرانی کارمەندانی تەندروستیی داهاتوو.

گرنگ ئەوەیە کە لەپاڵ ئەم دابەشبوونەی کارمەندانی تەندروستیدا، پەیامو کارە بنەڕەتییە پیشەییو زانستییەکان لەبیرنەکەنو نەیکەن بەقوربانی دەسکەوتە سیاسیو تایبەتەکانی ئەندامە دەستڕۆیشتووەکان.

کارمەندانی تەندروستیی، بەشێوەیەکی گشتیی بێزاربوون لەو بەڵێنە قەبانەی سەندیکاکانو حیزبەکان کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بیریان دەکەوێتەوە بۆ لەخشتەبردنیان، بەڵێنی دابەشکردنی زەویو خانووو هەموو جۆرە ئیمتیازاتی تریان پێدەدەن کە هەندێکیان لەبنەڕەتدا نایاسایشن! تا ئێستا نەماندی یەکێک لە لیستەکانی دەسەڵات (لیستی یەکێتیو پارتی) باس لە ئازادکردنی فیکرو بیروڕاو گۆڕینی مێنتاڵتی کارمەندان بکەن بەرەو دنیایەکی پیشەیی سەردەمی هاوچەرخو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو پیشەیی تەندروستیی، وەک لیستی سەردەم باسی لێوە دەکات.

کاتی ئەوە هاتووە، کار بکەن بۆ پلەبەندیەکی پیشەیی وەک برا پزیشکەکانتان، تا چیتر بە ئارەزووی ئەمو ئەو زوڵمتان لێنەکرێت. کاتی ئەوە هاتووە، بیر لە خوێندنو فێرکردنی بەردەوام بکەنەوەو بیر لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا بکەنەوەو خۆتان ئازاد بکەنو ئاستی پزیشکیو تەندروستیی خۆتان پێشبخەن. کاتی ئەوە هاتووە، جێدەستتان دیار بێت لە پێشخستنو گۆڕانی سیستمی تەندروستیی کوردستان. کاتی ئەوە هاتووە، ئازادو سەربەخۆبن.

کارمەندانی تەندروستیی، وەک هەرخاوەن پیشەیەکی تر، خاوەن ڕەوشتێکی تایبەتی خۆیانن بەرامبەر بە پیشەکەو کۆمەڵگاکەیانو چیتر نایانەوێت کۆیلەی کەس بن، بوونی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانیش، زامنی ئەو ڕاستییەیە کە کارمەندانی تەندروستیی، دەیانەوێت بگۆڕڕێن بەرەو داهاتویەکی زانستیو پیشەیی باشترو دوورکەوتنەوە لە ململانێی تەسکو نەزۆکی حیزبایەتی.

* پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی

پێویستە پەرلەمان بەدوای چارەنووسی نزیکەی (١٥) ملیۆن یۆرۆدا بگەڕێت 20

## هەڵبژاردنێک دوای (١٢)ساڵ

**بەهادین عەبدوڵڵا**

بەهەموو پێوەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی، یاخود رێکخراوەیی، یان بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی سەندیکا، ئەم سەندیکای کارمەندانی تەندروستییە، هیچ جۆرە شەرعییەتێکی یاسایی نەماوەو ئەگەر ئەم پرسە ئاراستەی دەستەی سەندیکا بکەیت، دەڵێن، بەهۆی بارودۆخی سیاسییو دوو ئیدارەییەوە، نەتوانراوە لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێت.

ئەم بیانووە لە نوکتەیەکی بێتام زیاتر لەهیچ ناچێت، (١٢)ساڵ نەتوانی هەڵبژاردن بکەی، لەم ماوەیەدا نەوەیەک پێگەیشتوونو خوێندنیان تەواو کردووەو ئێستا دامـەزراون، یاخود بەدەر لە دامەزراندن بوونەتە ئەندام لەم سەندیکایەدا کە ئەوکات ئەو سەندیکایە هەڵبژێردرا، ئەو نەوەیە لە پۆلی پێنجو شەشی سەرەتایی، یان پۆلی یەکو دووی ناوەندیی بوون، ئیدی ئەم سکرتێرو مەکتەبی تەنفیزییو نوێنەرانە، بە چ هەقێک نوێنەرایەتیی ئەو نەوەیە دەکەن.

دواجار، ئەم سەندیکایە ئەگەر لە ژێر فشاردا نەبوایە، ئامادە نەبوو خۆی بدات لە قەرەی هیچ جۆرە هەڵبژاردنێک، مۆنۆپۆڵکردنی سەندیکایەک بۆ ماوەی (١٢)ســاڵ، نابێت هەروا بە ئاسانیو رووکەشانە سەیر بکرێت، دەبێت خوێندنەوەیەکی تــەواو بکرێت بۆ ئەو (١٢)ســاڵ تەمەنە. دیارە دەسەڵات پەتەکەی بۆ شلکردنو ئەمانیش بەکەیفی خۆیان ئیفادو دابەشکردنی زەوی، کۆمەڵێک ئیمتیازاتی ناو نەخۆشخانەو دەزگا تەندروستییەکان بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، وەک ئیدارەو چاوپۆشیکردن لەوانەی کە کارمەندی کارا نەبوون، ئەمانە هەر خەریکی خۆدەوڵەمەندکردن بوون.

کامەیە کــارو چالاکییەکانی (١٢) ساڵی رابــردووی دەسەڵاتدارانی سەندیکا، چ کاتێک هاتوون لە کێشەو گرفتی کارمەندێک تێبگەن کە شەوێک تا بەیانی بە دیار نەخۆشەوەیە لە بەشە هەستیارەکاندا وەک (بوژانەوەی دڵ، چاودێریی ورد، فریاکەوتن، سووتاویی، بەشی چارەسەری کیمیایی ....تاد) کە بەیانیان چاوانیان وەک گۆمی خوێن سووردەبن لە بێدارییان بەدیار نەخۆشەوە. کامەیە ئەو دەرماڵەی مەترسییەی کە بۆیان خەج دەکرێت بەهۆی توشبوون بەنەخۆشییەوە، یان نەخۆشی سووتانی دەروونـی کە پێشهاتێکە لە سەرەتاوە هەستی پێناکەن، دوای ماوەیەک کە لە بەشە مەترسیدارەکاندا کاردەکەن، نیشانەکانی دەردەکـەون، یان ئەو کارمەندەی کە مافی ئەو بوو بچێت بۆ خولێک لە دەرەوەی وڵات، کاتێک پێی دەزانێت کەسێک لە خولەکە دەگەڕێتەوە. کەی بیریان لـەوە کـردووەتـەوە کە پێویستە پشووی فەرمیی بدرێت بە کارمەندی تەندروستی بەمووچەو دەرماڵەوە، دوو هەفتە بۆ شەش مانگ کار بە ئیجباریی، لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا کاری پێدەکرێت.

لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا، سەندیکا دەبێت بە نوێنەری ئەندامەکانیو کەناڵی گەیاندنی داواکارییەکانیان بەحکومەت، داواکاریی مافەکانیانە، لە کاتی روودانی کێشەکاندا، سەندیکا دەبێتە فشار بە سەر حکومەتەوە، بەڵام ئەم سەندیکایەمان بەم شێوەیە دەبوو بە فشار، ساڵێک لەو دوانزە ساڵەی رابردوو لە نەخۆشخانەی (........) بەهۆی هەندێک کێشەوە کە ئێستا تێپەڕیونو نامەوێت باسیان بکەم، هەموو کارمەندەکان هەڵوێستیان یەک بوو بەرامبەر بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانە، ئێمە لەلایەک ئەوان لەلایەک، چەندجارێک سەردانی سەندیکامان کردو لە کێشەکانمان ئاگادارکردنەوە، خوا هەڵناگرێت هاتن بەدەنگمانەوەو وتیان وەزیر (سلێمانی) لە کێشەکەتان ئاگادار دەکەینو پشتتاندەگرینو لەگەڵتانین، لەگەڵ کۆمەڵێک وەعدی زۆر، چەند رۆژێک کێشە بەردەوام بوو، ئێمەش باوەڕمان پێکردنو دوای ئەوەی چەند کەسێکی سەندیکا دەعوەتکران لەلایەن بەڕێوەبەرەوە، ئیدی دیزە بەدەرخونە کرا. ماوەی دوانزە ساڵی رابردوو، باس بکەین، تەواو نابێت، ئەو رووداوەی سەرەوە مشتێک بوو لە خەروارێک.

ئیدی کاتی ئـەوە هاتووە، ئەو برادەرانەی سەندیکا، خۆیان کۆبکەنەوەو کورسییەکانیان چۆڵ بکەن بۆ کەسانێک کە نوێنەری جدیی بن بۆ کارمەندانو دەنگەکانیان بگەیەننە شوێنی خۆیان، نەک بەتاڵکردنەوەی نارەزاییەکانو خۆیان بەشێکبن لە دەسەڵات.

بەهیوایەی کارمەندانی تەندروستی، هۆشیاریی تەواویان هەبێت لە دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانیان، بۆ بنیادنانی سەندیکایەکی سەردەمییانەی دوور لەدەسەڵاتی حیزب.

### وتەبێژی لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم:

# دەمانەوێت سەندیکا لە چنگی حیزب دەربهێنرێت

**سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

**ئەکرەم مەحمود، وتەبێژی لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم ژمارە (٤)، پێیوایە؛ سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی کوردستان وەکو سەندیکایەکی حیزبیی خزمەتی بەرژەوەندییە حیزبییەکانی کردووەو لە ئاستی خواستو داواکارییەکانی کارمەندانی تەندروستیدا نەبووە.**

**هەروەک ئەوەش دەخاتەڕوو، لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم، بۆ ئەوە دروستبووە ئەو سەندیکایە لە چنگی حیزب دەربهێنێتو بیکاتە سەندیکایەکی پیشەیی کاریگەر بۆ ئەوەی خزمەتی کارمەندانی تەندروستی بکات.**



ئەکرەم مەحمود

**رۆژنـــامـــە: تــا چــەنــد سەندیکای کارمەندانی تەندروستی پیشەییانە کاری کردووە؟**

* سەندیکای کارمەندانی تەندروستی پیشەیی لە مــاوەی تەمەنیدا، وەکو سەندیکایەکی حیزبیی کاری کردووەو خزمەتی بەرژەوەندییە حیزبییەکانی کردووە، ئەو سەندیکایە لە لایەن حیزبەوە قـۆرخـکـراوەو بـە ئـاراسـتـەی حیزب جوڵاوەتەوە، بە پێچەوانەوە سەندیکا لە ئاستی خواستو داواکارییەکانی کارمەندانی تەندروستیدا نەبووەو شتێکی ئەوتۆی بۆ کارمەندانی تەندروستی نەکردووە.

**رۆژنـــامـــە: هاتنەمەیدانی لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم تاچەند پێویستییەکی هەنووکەییە؟**

* هاتنەمەیدانی لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم لە ئێستادا پێویستە، چونکە تائێستا کارمەندانی تەندروستی خزمەتێکی ئەوتۆ نەکراونو سەندیکاش لەژێر دەستی حیزبدایە، ئێمە بۆ ئەوە دروستبووین سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لە چەنگی حیزب دەربهێنینو بیکەینە سەندیکایەکی پیشەیی کاریگەر بۆ ئەوەی پیشەییانە کاری خۆی بکاتو خزمەتی کارمەندانی تەندروستی بکات.

**رۆژنامە: چ رەخنەیەکتان لە شێوازو میکانیزمی هەڵبژاردن هەیە؟**

* پرۆسەی هەڵبژاردن بە لیستی داخـــراو بـەڕێـوەدەچـێـت، کە ئێمە لە لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم پێشووتر هەوڵی ئەوەماندا کە داخراو نەبێت، بەڵام قبوولنەکرا، بۆیە پێمانوایە لیستی داخـراو شێوازێکی باش نییەو خزمەتی بنەماکانی دیموکراسییەت ناکات، هەروەها داوامانکرد کە شێوازی هەڵبژاردن یەک بازنە بێت، نەک فرە بازنەیی، جگە لەوە ئەو کەسانەی کە لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردندان، سەرجەمیان سەر بە دەسەڵاتنو نوێنەری ئێمەی تێدا نییە.

**رۆژنامە: ئامانجو بەرنامەی لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم چییە؟**

* ئامانجی رزگارکردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستییە لە کۆتوبەندی حیزبو دروستکردنی سەندیکایەکی پیشەیی، ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی کارمەندانی تەندروستی خاوەنی ئیرادەو بـڕیـاری خـۆیـان بـنو هــەروەهـا کار دەکەین بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی کارمەندانی تەندروستی، تا پێویستیان بە کاری تر نەبێتو خۆیان بۆ پیشەکەیان تەرخان بکەن، ئێمە دەبینە داکۆکیکارو پـاریـزەری خواستەکانی کارمەندانی تەندروستی.

**رۆژنـــامـــە: تا چەند پابەندن بەو بەڵێنانەی کە لە ئێستادا بە کارمەندانی تەندروستی دەدەن؟**

* ئێمە لــە لیستی کارمەندانی تەندروستی، خاوەنی بەرنامەیەکی کارین کە خۆی لە (٢٨) خاڵدا دەبینێتەوە، ئەگەر کارمەندانی تەندروستی دەنگمان پێ بدەنو لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەستبهێنین، خاوەنی بەڵێنەکانمان دەبینو شەو و رۆژ کار دەکەین بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانی کارمەندانی تەندروستی، بۆیە پێویستە کارمەندانی تەندروستی بە ئەمانەتەوە دەنگ بدەنو لیستێک هەڵبژێرن کە بە راستی ببێتە پارێزەری خواستەکانیان.

**رۆژنامە: پێتانوایە لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنن؟**

* زۆربەی کارمەندانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان نارازین لە بارودۆخی گـوزەرانـیـان، هـەروەهـا دەیـانـەوێـت گۆڕانکاریی لە هەیکەلو بەرنامەو کاری سەندیکای کارمەندانی تەندروستیدا بکرێت لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری کارمەندانی تەندروستی، ئێمە لە لیستی سەردەم دەبینە پارێزەری خواستەکانی کارمەندان، بۆیە لە ئێستادا جێی ئومێدی کارمەندانی تەندروستینو پێیانوایە؛ ئێمە دەبینە داکۆکیکاری راستەقینەی خواستەکانیان، بۆیە چاوەڕوان دەکەین سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستبهێنین.

# لایەنگرانی «لیستی کارمەندانی تەندروستی» ژمارەیەک پێشێلکاریی ئەنجام دەدەن




بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێک لە لیستەکان

فۆتۆ: رۆژنامە

**راپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا**

لـەمـاوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی سـەنـدیـکـای کـارمـەنـدانـی پیشەیی تەندروستیدا لایەنگرانی «لیستی کارمەندانی تەندروستی» کە سەر بە دەسەڵاتن، چەندین پێشێلکارییان ئەنجامداوەو بەوهۆیەشەوە چەندین سکاڵا تۆمارکراوە.

رۆژی (١/٢٠) هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی کوردستان بە بەشداری (٢٠) هــەزار کارمەندی تەندروستی بەڕێوەدەچێت.

هـەڵـبـژاردنـەکـە لـە چــوار بازنەی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، کەرکوک)، بە لیستی داخراو بەڕێوەدەچێتو لە رۆژی (١٠ـ١/١٩) بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دەدرێت.

لە مـاوەی چەند رۆژی رابــردووی بانگەشەدا لیستی «کارمەندانی تەندروستی» (یەکێتیو پارتی) چەندین «پێشێلکارییان» ئەنجام داوە کە دیارترینیان (بانگکردنی کارمەندانی تەندروستی بۆ کۆبوونەوە لە کاتی دەوامـدا، سەردانی بەرپرسانی حیزبیی بـۆ نێو نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان، کۆبوونەوەی حیزبیی لەنێو بنکە تەندروستییەکاندا، لێپرسینەوەو هەڕەشەکردن لە کارمەندانی تەندروستی، بەکارهێنانی پۆستی حکومی بۆ بانگەشە، دروستکردنی پێناسی سەندیکا بۆ کەسانێک کە کارمەندی تەندروستی نین، بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تەندروستی بۆ بانگەشە، پێدانی خەڵات).

لە روونـکـردنـەوەیـەکـیـدا «لیستی تەندروستکارانی یەکگرتوو» نیگەرانی خۆی لە بوونی چەند پێشێلکارییەک دەردەبڕێت، هەروەک ئاماژە بەوە کراوە «پاش ئەوەی هەڵمەتەکانی بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردنی کارمەندانی تەندروستی دەستی پێکرد، لێرەو لەوێ هەندێک هەواڵو وەعدو پەیمان دەدرێت بە گوێی تەندروستکاراندا‌و هەوڵ دەدرێت کە مافە سەرەتاییو ئاساییەکانی تەندروستکاران بکرێتە وەرەقەی فشارو بەکاربهێنرێت بۆشاردنەوەی سەرجەم ئەو مەحرومیەتەی کە چەندین ساڵە تەندروستکاران هەیانەو کەمتەرخەمییان بەرامبەر کراوە».

کاوە رەسوڵ، ئەندام لە تەندروستکارانی یەکگرتوو، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە مــاوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا لیستی دەســەڵات چەندین خروقاتی ئەنجام داوەو رێنماییەکانی هەڵبژاردنی پێشێل کــردووە، دیارتریـنـیان بانگکردنی کارمەندانی تەندروستی بۆ کۆبوونەوەی حیزبیی لە کاتی دەوامداو هەڕەشەکردن لە کارمەندانی تەندروستیو جگە لەوە بەڕێوەبەری کارگێڕیی چەند بنکەیەک لە نێو نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکاندا کارمەندانیان بانگکردووەو داوایـان لێکردوون دەنگ بە لیستی دەسەڵات بدەنو پۆستی حکومییان بەکارهێناوە.

پێشێوایە، دەسەڵات هەمیشە ترساوە لە هەڵبژاردنو دەیەوێت بە خروقاتو هەڕەشەکردن کارمەندانی تەندروستی ناچاربکات کە دەنگی پێ بدەن.

بە بڕوای محەمەد پشدەری، سەرۆکی لیستی «کارمەندانی سەربەخۆ»، شێوازو میکانیزمەکانی هەڵبژاردن ساختەکاریو فرتوفێڵی تێدا کـراوەو سەرجەمیان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدان، بۆ نموونە (١٧) کارمەندی یەکێتیو (١٧) کارمەندی پارتی بە تەزکیە دەچنە نێو کۆنگرە، کە ئەوە پێچەوانەی یاساکانە، لیژنەی باڵا جگە لە کارمەندانی یەکێتیو پارتی نوێنەری هیچ لیستێکی تری تێدا نییە، بۆیە ئێمە لە سەرەتاوە داوامـان لە لیستەکانی تر کردووە بەشداریی هەڵبژاردن نەکەن، تا میکانیزمەکانی هەڵبژاردن دەگۆڕدرێن.

ســەبــارەت بــە خـروقـاتـی لیستی دەسەڵات وتی: «لە رۆژانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیشدا دەسەڵات چەندین خروقاتو پێشێلکاری ئەنجام داوە، ئەنجامدانی خـروقـاتو پێشێلکاریی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دەســەڵات یان بـڕوای بە دیموکراسیەت نییە، یان لە دیموکراسیەتو هەڵبژاردن دەترسێت».

بە مەبەستی ئیجرائاتکردن بەرامبەر بەو کەسو لیستانەی کە پەنا بۆ خروقات دەبـەن، لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵات سکاڵایان تۆمارکردووە.

هــەروەک کـاوە رەسـوڵ، رایگەیاند: «چەند لیستێکی تەندروستی سەرجەم خروقاتەکانیان لە نووسراوێکدا داوەتە لیژنەی بـاڵای هـەڵـبـژاردن بۆئەوەی ئیجرائات بکرێت».

هادی فەریق، سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی کوردستان ئەوە دەخاتەڕوو، «ئێمە لە لیژنەی باڵا چەند رێنماییەکمان بڵاوکردووەتەوەو بە پێی رێنماییەکان نابێت نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان بۆ بانگەشە بەکاربهێنرێن، بەتایبەتی کـۆبـوونـەوە، بانگکردنی کارمەندانی تەندروستی بۆ کۆبوونەوە لە کاتی دەوامداو چۆڵکردنی نەخۆشخانەکان ئەوە لادانە لە رێنماییەکانو ئیدارەی نەخۆشخانەکان لێی بەرپرسن».

وتیشی: «لیستەکان ئێمەیان لە بوونی چەند خروقاتێک ئاگادارکردووەتەوە، بـەڵام خروقاتەکان کەمن، لە کۆتایی هەڵبژاردنەکەدا سەیری سکاڵای لیستەکان دەکەینو ئاشکرایان دەکەینو ئیجرائاتی یاسایی دەکـەیـن، چونکە دەمانەوێت سکاڵاکان کاریگەری نەبێت بۆ سەر پرۆسەی هەڵبژاردن».

# ئەم واقیعە خزمەتی کێ دەکات؟!



جۆلی ئەسعەد

پێویستیمان بە هەڵدانەوەی پەڕەیەکی نوێ هەیە، پێویستمان بە ڕەخساندنی کەشێکی پڕ لە ئارامیی و لەبار هەیە، تا بتوانین بەیەکەوە بە هەموو بیرکردنەوە جیاوازەکانمانەوە، کاربکەین و پلان بۆ ئایندەی خۆمان دابڕێژین، ئایندەیەک کە شایەنی ئەوە بێت، نەوەکانمان شانازیی پێوە بکەن.

ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ، کەشی ژیانێکی سروشتیی و ئاسایی نییە، کێرڤی متمانەمان لە ئاستێکدایە دوژمنانی شاگەشکە کردووە، خۆشمان و دۆستەکانیشمان (ئەگەر هەمانبێ) نیگەرانین.

هێزەکانی کوردستان، ئەوەندە بێمتمانەن بەرامبەر بە یەکتر، لە خشەی مارو مێروو سڵ دەکەنەوە، بێمتمانییەک ڕەخساوە ناتوانرێت خوێندنەوەی ئایندەیەکی گەش بۆ نەوەکانی داهاتوو بکرێت.

هەموو تاکێک، هەست بە نەبوونی ڕاستگۆیییەکی ڕاستەقینە دەکات لەنێوان لایەنەکاندا، هەمووان لە بۆسەدان بۆ ئەوەی لێدوانی ئەوی تر شیبکەنەوەو وەکو چۆن خۆیان مەبەستیانە ڕاڤەی بکەن، ئەم دیاردەیەش (بەداخەوە بووە بە دیاردە) هەمووان دەگرێتەوە.

گەلێکجار باس لە دانیشتنی بەیەکەوەو لێک تێگەیشتنی لایەنەکان دەکرێت، زۆرجار باس لە هاوڕاییی و یەک هەڵوێستیی دەکرێت، بەڵام هەموو باسکردنەکان نەیانتوانیوە ئاسودەیی لای خەڵکو جەماوەرەکانیان و شەقامدا دروست بکەن، ئەمەش هێمای ئەوەیە کە ڕاستگۆیی ڕاستەقینەو بەرژەوەندیی گشتیی باڵا لەبەرچاو نەگیراوە، ڕاستگۆیییەک کە پێویستە شۆڕببێتەوە بۆ ناخی هەموو لایەنگران، بەرپرسیارێتیش بەهەمان شێوە بەرامبەر بە یەکتر بخزێتە خواری خوارەوەی لایەنگران و بەرپرسانی لایەنەکانیش، هیچ کەس و لایەنێک لە سەرووی ئەوانی دیکە نەبینن، هیچ لایەنێک خۆی لە سەروو ئەوانی ترو هەوادارانیشی لە سەرووی ئەوانی تر نەبینێت.

بۆ لەخۆمان نەپرسین، کێن ئەوانەی لە بەرزاییەوە سەیری خەڵک دەکەن و بە بچووکی دەیانبینن؟ بۆ نازانن کە خەڵکیش لە خوارەوە ئەوان بە بچووکی دەبینێت؟

ئەگەر سەیری باری سیاسیی ئێستای تونس و پێشووی عێراق و پێشترو پێشتری چەندین سیستمی سیاسیی دیکەی جیهان بکەین، لەو ڕاستییە تێدەگەین کە هیچ هێزو کەسێک لە دونیادا توانای بەرگە گرتنی تووڕەیی خەڵک ناگرێت، ڕەنگە جەماوەر ماوەیەک دان بە خۆیدا بگرێت و بە هێمنیی بێتە بەرچاو، بەڵام پێویستە هەمیشە لە دۆخێکی ئاوادا چاوەڕێی تەقینەوەی لێبکرێت، لە تەقینەوەشدا هیچ هێزو گرووپ و لایەنێک و کەسێک ناتوانێت خۆی لەبەر بگرێت.

چی دەبێت، ئەگەر بە گیانێکی پڕ لە لەخۆبردن و بیرکردنەوە لە ئایندەو خواستنی بەرژەوەندیی گشتیی لەسەر مێزی گفتوگۆ بە یەکەوە دابنیشین؟

ئەگەر حوکمی بەرژەوەندیی گشتیی و خوێندنەوەی بەرژەوەندخوازیی نەیارانمان نەبێ، هەرگیز ناتوانین ئەم دۆخە نەخوازراوە تێپەڕێنین، کە ئێستا وەک مۆرانە بەربووەتە گیانی بەرژەوەندیی و کیان و بوونی نیشتمانیی و نەتەوەییمان.

بۆ لە خۆمان نەپرسین، ئەرێ بۆچی گەلانی دنیا، میللەتان، نەتەوەکانی دیکە، کە بەقەد قەبارەو خاکی ئێمە زۆرو فراوان نین، بوونێکی بەرچاوتریان هەیە؟

بۆ لە خۆمان نەپرسین: بۆچی ئێمە ناتوانین بە ئاسانی تەگەرەکان تێپەڕێنین و بەسەر ئاستەنگو گرفتەکانماندا زاڵ بین؟

بۆ شکاندنی بەستەڵەکی پەیوەندییەکانمان و ڕوونکردنەوەی ئاسۆی لەیەکتر گەیشتنمان پێویستیمان بە چی هەیە؟

خوێندنەوەی گوماناویی بۆ ڕابردوو، بۆ مێژوومان، ڕێزنەگرتن لە بچووکترین هەوڵی ڕابردوومان، لە قوربانییەکانی ڕابردوومان، تێنەگەیشتن لە دۆخی سەخت و نالەباری تێپەڕیوی ڕابردوومان، هەرگیز نامانگەیەنێتە سەر ڕێگەیەک، سەر بەندەرێک کە بتوانین لێی بپەڕینەوە.

بۆ تێپەڕاندنی ئەم کەشە نەخوازراوەی کە ناتوانین ئایندەیەکی نموونەیی لەسەر بونیاد بنێین، پێویستە چەند بنەمایەک لەبەرچاو بگرین:

یەکەم: دەبێت لایەنە سیاسییەکان دووربکەونەوە لە غرورو لەخۆباییبوون، دووربکەونەوە لە هەستی خۆبەزلزانین و بچووکبینی ئەوانی تر، ڕێزگرتن لە ئەوانی تر، چونکە ڕێزنەگرتن بە واتای ڕێزنەگرتنە لە جەماوەرەکەشی، جەماوەریش بە واتای بەشێک لە پێکهاتەکەی خۆمان.

پێویستە گرنگیی زیاتر بە بوونی خۆمان و ڕێزگرتن لە تواناو خودی خۆمان بدەین و خۆشەویستیی زاتیی خۆمان بەرزتر بکەینەوە، ئینتیمای نیشتمانیی و نەتەوەیی لای تاک بەرز بکەینەوەو کۆمەڵگە بکەینە پێشەنگی خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە، پێویستە بەرژەوەندیی خۆمان لە بەرژەوەندیی گشتیدا ببینینەوە، نەک پێچەوانەکەی.

دووەم، پێویستە هەر لایەنێک ڕێز لە ئیرادەو جەماوەرو پێگەو مێژوو و ڕابردووی لایەنەکانی دیکە بگرێ، بە چاوی نەیاری سەلبیی لێیان نەڕوانێ و هەوڵ بدەن بە شێوازی لەیەک گەیشتن و بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییە گشتییەکان ڕەخنەو تێبینیی و سەرنجەکانیان ڕووبەڕوو بکەنەوە، بەهەمان شێوەش وەڵامیان بدرێتەوە.

لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، دەبێت ڕاستگۆیی ڕاستەقینەو لێکتێگەیشتنی ڕاستەقینەو ڕێککەوتنی ڕاستەقینەو کارکردنی ڕاستەقینە لە نێوانماندا هەبێت.

ڕابردووی پڕ لە گرژیی لەسەر هەموو ئاستەکان (خۆ بەخۆ، بەرامبەر بە دووەم و سێیەم) بە خوێندنەوەی بارودۆخەکانیان و ڕۆژگارەکانیان و توانا مرۆییەکانیان و ئەگەرەکانیان، بە باش و بە خراپیانەوە تەنیا بەشێکن لە مێژوو و ڕابردوو، من ناڵێم پشتگوێ بخرێت، بەڵام پێم باشە لە بێژنگ بدرێت، باشەکانی گەنجینە بکرێت و ئەوی تریشی پەندی لێ وەربگیرێت.

پێویست بەوە ناکات، چەندینجار ئەزموونە تاڵەکان هەڵگێڕو داگێڕ بکرێت، ئاخر ئەگەر بۆگەن بێت ڕۆژ بەڕۆژ بۆنی ناخۆشتری لێدێت، هەرگیز چاوەڕێی بۆنی خۆشی لێمەکەن.

پێویستە، هەمووومان بە گەورەو بچووکەوە، نازناوی گەورەترو بچووکتر تەنیا بۆ هەڵبژاردنی بێگەردو ناو هۆڵی پەرلەمان بەجێبێڵین، هەرگیز بە ژمارەی کورسییەکانی ناو پەرلەمانیش لەخۆبایی نەبین، چونکە ئەو ژمارەیە لە گۆڕاندایە.

بەردەوامیی ئەم واقیعە لە خزمەتی کێدایە؟ بۆ نەزانین کە بازنەیەکی بەتاڵە و هەر دەبێت لێی دەربچین، بۆ نەزانین واقیعێکەو تەنیا خۆمان زەرەرمەندی یەکەمین تیایدا؟، کێی ئەم دنیایە لە واقیعێکی وەهادا پەنگی خواردووەتەوەو لێی دەرنەچووە، تا ئێمە لێی دەرنەچین.....؟

# مافی خۆپیشاندان ڕێکدەخرێت، نەک قەدەغە!

سەمەد بێتواتەیی

مەسەلەی خۆپیشاندان و ئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕین و... هتد، ئەوانەن کە چەند مافێکن جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و دەستووری عێراقی فیدراڵ بە ڕوونی بە هەموو کەسێکیان بەخشیون و بەپێی دەستووری عێراقیش لە مادەی (٣٨) بڕگەکانی (**اولاً**)، (**ثالثاً**)، بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات ئەو مافانە بە یاسا ڕێکدەخرێن، بەڵام بەپێی ئەو یاسای خۆپیشاندانانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووەو بەڕێز سەرۆکی هەرێم واژۆی کردووە، ئەو مافانە زۆر بەرتەسککراونەتەوەو بە ناوی دارشتن و ڕێکخستن و پاراستنی ئەو مافانە سنووردارکردن و جۆرێک لە قەدەغەکردن و هەڕەشەی تێدایە.

دیارە ئازادیی بەرزترین بەهاو پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤی ئاسایی لە دیل و کۆیلەو ژێردەستەکان و خاڵی جیاکەرەوەی نێوان کۆمەڵگە پێشکەوتوو و دیموکراسییەکان لەگەڵ کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، پاراستن، یان ژێرپێخستنی ئەو ئازادییانەیە، هەربۆیە ئازادیی لە هەرە بەرچاوترین دروشمی شۆڕشەکانی دنیا بووە بە کوردستانیشەوە، جا ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە ئاراستەی ئایدیۆلۆژییان هەرچییەک بووبێت.

شانبەشانی ئەوانەش دەبینین دیموکراسیش یەکێکی تر بووە لە دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت لەم (٦٠-٧٠) ساڵەی دواییدا، لەو پێناوەشدا بە هەزاران شیعرو پەخشان و وتار سەبارەت بە گرنگی ئازادیی و دیموکراسیش لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە.

هەموو ئەوانەی وتران لە قۆناغی خەباتی چەکداریدا بەشی هەرە زۆری خەڵکی باوەڕی بە ڕاستگۆیی ئەوانە هەبوو کە ئەو دروشمانەیان هەڵگرتبوو، بەڵام دیارە سەنگی مەحەک ئەو کاتانەیە کە ئەو حیزب و ڕێکخراوانە دەگەنە دەسەڵات و خۆیان لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی وڵات دەبیننەوە، بەڵێ، ئەو کاتە دەردەکەوێت کە کێ بە ڕاستی داواکارو پارێزەری ئازادیی و دیموکراسیی گەل و وڵاتەکەیەتی، نەک سەردەمانێک کە خۆت توانای پەیداکردنی خۆراکی ڕۆژانەت نییەو شوێنێکیشت دەستگیرنابێت بە ئارامیی تیایدا بحەوێیتەوە، لەوانەیە خراپ نەبێت چەند پرسیارێک بوروژێنرێن:

– ئایا بە ڕاستی کاربەدەستانی ئێستای هەرێمی کوردستان لە سەردەمی خەباتی شاخدا باوەڕیان بە ئازادیی و دیموکراسی هەبووە، یان تەنیا بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی دۆست و لایەنگر ئەو دروشمانەیان هەڵگرتبوو؟

– ئەگەر باوەڕیان پێی هەبووە، بۆچی ئێستا کە کاربەدەستی وڵات و خەڵک هەڵیبژاردوون سڵ لە ئازادیی هاوڵاتییانی خۆیان دەکەنەوە، تا بتوانن هەوڵدەدەن ئازادیی و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرتەسک بکەنەوە؟

بە ڕاستی سەیرە بۆچی دەبێت ئازادیی ڕادەربڕین، کۆبوونەوە، خۆپیشاندان....هتد کە دەستووری عێراقی فیدراڵ بە سەرجەم خەڵکی عێراقی بەخشیوە لە دانیشتووانی ئەم هەرێمە زەوت بکرێت!!

ئازادیی و دیموکراسیی و هی تریش کە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکان بە سەرجەم مرۆڤەکانی ڕەوا بینیوە، لەبەرچیی و لەپێناو چی دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمەی ئێمە هەوڵدەدەن بە ناوی یاساو یاساکاریی (تشریع) لێمان بسەننەوە؟! بۆچی دێن و بە سایاو بە ناوی یاساوە کۆت و بەند دەخەنە دەست و پێمان؟!

مافی ئازادیی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان، بە چ هەقێک دەدرێتە دەستی (وەزیر، پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) بە ڕاستی سەیرو سەمەرەیە مەگەر ئەمە هەر لە دیموکراسی کوردیی و هاوشێوەکانیدا هەبێت کە بوون و نەبوونی مافی ئازادیی بەڕێوەچوون و نەچوونی خۆپیشاندان لە دەسەڵات و (اختصاصی) یاسای نێودەوڵەتیی و دەستووری وڵاتەوە بۆ (سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان) کە دیارە بەشی زۆری نارەزاییەکانی خەڵکیش هەر لە بەرامبەر ئەوان دەبێت! هەرچەندە پێدانی ئەو دەسەڵاتەش بە وەزیری ناوخۆو سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان هەر بە ناوەو بۆ چاوبەستەکێی خەڵکە، چونکە لە ڕاستیدا دەزگاو گرووپی پشت پەردە فەرمان بە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان دەکەن بۆ ڕێگەدان، یان قەدەغەکردنی ئەو جۆرە چالاکییانە.

لە دنیادا ئەو هێزو لایەنانەی بە ڕاستیی و بڕوای پتەووە خەباتیان بۆ ئازادیی و دیموکراسی گەلەکانیان کردبێت، هەرگیز دوای گرتنەدەستی کورسی فەرمانڕەوایی بەربەست لەبەردەم ئەو ئازادییانە دروستناکەن و لێی ناترسن، سەبارەت بەوەش کە باسدەکرێت گوایە ئەوە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانە، دەڵێین: خۆی لە خۆیدا بوونی یاسا بەس نییە بەقەد ئەوەی کە ئایا ئەو یاسایە چ جۆرە یاسایەکە؟ چونکە خراپترین ڕژێمەکانی دنیاش یاسایان هەیەو بە یاسا کار دەکەن، بەڵام چ جۆرە یاسایەک؟!!

هەمووشیان دەستووریان هەیە، بەڵام چ جۆرە دەستوورێک؟!!

لەبەرئەوە دەبێت جیاوازیی بکرێت لەنێوان دەستوورو یاسای وڵاتە دیموکراسییەکان و پێچەوانەکانیان.

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە خۆمم دەپرسی: ئەرێ بۆچی گەلانی جەزائیرو نیکاراگوا لە هەڵبژاردنەکاندا بە کەسان و لایەنێک نەداوە کە پێشەنگی خەباتی ڕزگاری بوون؟!

لە جەزائیر لە یەکەم هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی ساڵی (١٩٩٢) بەرەی ڕزگاری (**جبهة الأنقاذ**) کەمتر لە (٢٠٪)ی دەنگی بەدەستهێناو گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان (٨٠٪)ی دەنگیان مسۆگەر کردو لە بەرامبەردا سوپا دابەزیە ناو شەقامەکانی ئەو وڵاتەو پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان ڕاگیراو پەردەش لەسەر ڕووی (دیموکراسیی) بەرەی ڕزگاری لادراو ئەفسانەی دروشمی ئازادیی و دیموکراسییەکەشیان بوو بە بڵقی سەر ئاو!

لە نیکاراگوش کاتێک شەرعیەتی شۆڕشگێڕیی (**الشرعية الثورية**) کاتی بەسەرچوو (دانیال ئۆرتیگا)و حیزبەکەی لە هەڵبژاردندا شکستی خواردو تا چەند خولی دواتر نەیتوانی بگاتەوە دەسەڵات، بەڵێ، نەیتوانی بگاتەوە دەسەڵات، تا بە فلتەری مەحەکی بڕوای گەلدا ڕەتنەبوو، (واتە پاش بەخۆداچوونەوە).

کاتێکیش لە هەرێمی کوردستان ستەم و گەندەڵیی و ناعەدالەتیی و (مەحسوبیەت و مەنسوبیەت)و کاربەدەستانی خۆمم بینی، وەڵامی ئەو پرسیارەم دەستکەوت کە دەیوت: بۆچی هەندێکجار گەلان لە بەرامبەر سەرکردەکانی جارانیاندا ناقایلن؟!

دەسەڵات و حکومەتێک ئەگەر خۆی باوەڕی تەواوی بە ئازادیی و دیموکراسی نەبێت، ناتوانێت و ناشیەوێت کۆمەڵگەیەکی ئازادو دیموکراسی هەبێت و ناتوانێت پێشکەشی کۆمەڵی بکات، هەروەکو بنەما شەرعیەکە دەڵێت: (**فاقد الشيء لايعطيه**)، واتە کەسێک ئەگەر شتێکی نەبوو، ناشتوانێت بیبەخشێت.

> **کاتێک لە هەرێمی کوردستان ستەم و گەندەڵیی و ناعەدالەتیی و (مەحسوبیەت و مەنسوبیەت) و کاربەدەستانی خۆمم بینی، وەڵامی ئەو پرسیارەم دەستکەوت**

# حکومەتی عێراق چی لێ چاوەڕێ دەکرێت؟

مەحمود عەبدوسەمەد

دوای زیاتر لە (٨) مانگ گوریس کێشەکێ لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیری عێراق – نەک لەسەر گەلەکەی – وە ناوبژیوانی ڕدێن سپی کورد، کە بێ منەتی دەکەن و گەرمکردنی دیوەخان لە هەولێر درامای حکومەتی (شەراکەتی نیشتمانیی) لە بەغدا پێشکەشکرا لە (٤٢) ئەندام، وا دیارە ئەو ژمارەیە گواستنەوەی ئەزموونی کوردستان بووە! سەیرنییە لە پاکستان هەرێمێک هەبێت بەناوی (وەزیرستان)، سەیر ئەوەیە عێراق ناوی (وەزیرستان) نەبێت! ئاخر گەورەترین وڵاتی دنیا لە ژمارەی دانیشتووانیدا (چینە)و (٢٢) وەزارەتی هەیە، ئیتر عێراقی وێرانە ( ٤٢) وەزیری بۆچییە؟!! خۆزگە وەزارەتیش بوایە، نەک پینەو پەڕۆو لەت و کوتی بەعسی سوننە لەژێر عەمامەی شیعەو تورکمان و شۆڤێنیست و مەزهەبچی، بڕێکیان لە کابینەی پێشوودا بوون، ڕابردوویان خەبەری چاکتربوونی داهاتوویان نادات مەکۆکی گەشتە گوماناوییەکانیان بۆ دەرباری سەرۆکی وڵاتانی دوورو نزیک کە دۆستی عێراق نین، خوا دەزانێت لەو گەشتانەدا چی وتراوە، بڵێیت ویکیلێکسێک نەبێت ئابڕوویان بەرێت؟ ئەوانە گرنگ نین، لەم وەزیرستانەدا گرنگ مانەوەی (٣) کورسی سیادییە لەژێر (٣) کەسایەتی سیادیی و بێ نەزیردا، کە بەدیلیان نییە، ئیتر با ناوچەداگیرکراوەکان و خەڵکە کوردەکەی هەر هاوار بکەن، لە سەرژمێریدا خانەی نەتەوە بسڕێتەوە، پ.م و نوێنەی کورد لە چاودێریکردنی هەڵبژاردن دوور بخرێنەوە، تورکمان و عەرەب ببن بە کوڕی یەک نەتەوە لە دژی ئێمە، دوو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە بەغدا (دوالیتی شیعە – سوننە) پیادە بکرێت، لایەنێکی سیاسیی کوردی کە نوێنەری ڕێژەیەکی گەورەی کوردە لە ئیستیحقاقی نەتەوەیی و هەڵبژاردن بێبەش بکرێت، بە نیازی فشارو گەڕانەوەی بۆ (مەرجەعیەت)!، بێگومان ئۆپۆزسیۆنبوون بۆ ئەو لایەنە چاکترە لە حکومەتێکی فرەکوێخا، کە بە هەموو پێوەرێک لاوازیی لێ دەتکێت، پێدەچێت ئەم (سزا سیاسییە) بێ مانایەی بەغدا ئەرکێکی میتۆدی سیاسیی کورد بووبێت، ئەگەر بەندێکی نهێنیی نەبووبێت لە ( ١٩) خاڵە داواکارییەکەی کورد.

خانمێکی پەرلەمانتار، کە دەستخۆشی لێدەکەم دەنگی ژنانی بەرزکردەوە دژی بێبەریکردنیان لە کابینەکەدا، لەبەری هەڵسان، چەپڵەی بۆ لێدرا، (نامەکەت گەیشت) لەوێدا مووی ناو ماستەکە لە بێ هەڵوێستی (مالیکی)دا دەرکەوت لە هەمبەر وتاری نوێنەری لایەنە کوردییەکەدا، ئەرێ دەبێت مالیکی لە سەفەرەکەی هەولێریدا بە بڕیاری ژوورە تاریکەکان ئاشنا کرابێت؟! بنکەی ئەم وەزارەتە. مووچەو ئیمتیازاتە، نەک (هاوبەشی نیشتمانیی) چەند ڕەنووسێکن کۆلکەی هاوبەشیان نییە تاڵانییەکەی عێراق نەبێت، چی پێکهاتەیەکی کیمیاییە؟ چی جەمسەرێکی موگناتیسییە ئەمانەی پێکەوە جۆش داوە؟! لە ویلایەتی فەقیهو تاریکستانی ئیسلامیی سیاسیدا نەبێت چۆنە (٤٢) وەزارەت بەشی ژنی تیا نابێت؟ لە کوێی جیهانی سەردەمدا زیاتر لە (١٥٠) قەبارە (وەک چێشتی مجێوەر) تێکەڵی بەشداریی هەڵبژاردن بکات و هەمووی بەشداریی دەسەڵات بێت و کەس ئۆپۆزسیۆن نەبێت؟ بێجگە لە خاوەنی نیوملیۆن دەنگی کورد؟ ئەویش لە هاوکێشەی جۆرە تێکەڵکردنێکی ئەزموونی دیموکراسی بە ویلایەتی فەقیهدا... دا، ئەم حکومەتە بەم دارو پەردووەیەوە لەوەی پێشوو لاوازترە، چونکە چاڵاوی ململانێی (١٥) سەدەیە، زەحمەتە هیچی وای لەدەست بێت بۆ گەلی عێراق، بە تایبەتی بۆ کورد!.

## سەبارەت بە دانانی کارگەی بەردی مەڕمەڕی ماوەت

# پێویستە پەرلەمان بەدوای چارەنووسی نزیکەی (١٥) ملیۆن یۆرۆدا بگەڕێت

بەدواداچوونی: سالّح ژاژڵەیی

پــرۆژەی کارگەی بــەردی مەرمەڕ لە نزیک شارۆچکەی ماوەت، یەکێکە لەو سەدان پرۆژانەی گرێبەستەکانیان لە پشتی پەردەوە لە ژووره تاریکەکانداو دوور لە چاوی کامێرا ئیمزا کراوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە گومانی زۆریان لێدەکرێت کە مەبەستی گەندەڵییان لەپشتەوە بێت.

ئەگەر بە دواداچــوون و لێپرسینەوە لەو پرۆژانەدا بکرێت و بگەڕێینەوە بۆ راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی و دارایی، ئەو راستییانە بە تەواوی ئاشکرادەبن و کەسانی زۆریش سزا دەدرێن.

لە ٢٠٠٥/٥/٢٢ وەزارەتی پیشەسازیی سەر بە ئیدارەی پێشووی سلێمانی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیتاڵی ئیمزا کرد بۆ دانانی کارگەی بەردی مەڕمەڕ لە ماوەت ، بڕی ئەو پارەیەی بۆ ئەو پرۆژەیە دانرابوو، بریتی بوو لە (١٤،٧٦١،٣١٨) چواردە ملیۆن و حەوت سەدو شەست و یەک هەزارو سێسەدو هەژدە یۆرۆ، لەو پارەیە بڕی (٩،٦٢٢،٧٥٦) یۆرۆ بەپێی گرێبەستەکە دەبێت بدرێتە کۆمپانیاکە بۆ هێنانی ئامێرەکان و باقیاتی پارەکەشی وەزارەتــی پیشەسازیی خەرجی دەکات بۆ تەختکردنی زەوی کۆمپانیاکەو دروستکردنی بیناو پێداویستی تر.

هەر لەگەڵ مۆرکردنی گرێبەستەکە، نزیکەی یەک ملیۆن یۆرۆ وەکو پێشەکی دراوەتە کۆمپانیاکە تائێستا دەکاتە (٥) ساڵ.

پێشتر مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاریدا کە ئەو کارگەیە دانەنرێت و گرێبەستەکەشی هەڵوەشێنرێتەوە، گومانی تێدا نییە کە هەستیان کردووە سەرکەوتوو نابن.

بەڵام سەیر ئەوەیە لە رۆژی ٢٠٠٨/٧/١٧ دوای تێپەڕبوونی (٣) ساڵ بەسەر ئیمزاکردنی گرێبەستەکە جارێکی تر لە هەولێر گرێبەستەکە ئیمزاکرایەوەو پرۆژەکە خرایەوە بواری جێبەجێکردنەوەو نزیکەی یەک ملیۆن یۆرۆی تریش درایە کۆمپانیاکە، کۆی هەموو ئەو پارەیە کە ئێستا دراوەتە کۆمپانیاکەو بایی یەک دۆلاریش ئامێریان نەهێناوە، دەکاتە (١٠,٩٤٠,٥٥١) یۆرۆ.

پرسیار لێرەدایە ئەوەیە، ئایا ئیمزاکردنی گرێبەستەکە بۆ جاری دووەم لە هەولێر بە ئاگاداری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بووە، یان نا؟ ئەگەر ئەوان ئاگاداری نەبوون، ئەی چۆن ئەم بڕیارە درا؟

هەر لەدوای ئیمزا کردنی گرێبەستەکە بۆ جاری دووەم لە ٢٠٠٨/٣/١٧ لە رۆژنامەی رۆژنامە ژمارە (٢٢٤) لە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٠ بە دوورو درێژیی راپۆرتێک بڵاوکرایەوە لەسەر دانانی ئەو پرۆژەیە، کە دوو پسپۆڕی شــارەزا کە لەو راپۆرتەدا ناویان هاتبوو، بەوردیی هەموو لایەنەکانی باشەو خراپەی ئەو گرێبەستەیان باسکردبوو.



قەزای ماوەت

فۆتۆ: بڕوا ماوەتی

ئەوەی بە گرنگی لەو راپۆرتەدا هاتووە ئەوەیە کە پسپۆڕانی بواری بەردی مەڕمەڕ دەڵێن، شوێنی دانانی کارگەکە باش نییەو کارگەیەکی لەو شێوەیە لە دوو ملیۆن دۆلار زیاتری تێناچێت و خەرجکردنی ئەو هەموو پارەیە وەکــو ئــەوە وایــە بخرێتە ئــاوەوە، بەڵام لە بری ئەوەی بەرپرسانی وەزارەتی پیشەسازیی خێرا بــەدواداچــوون بکەن و پەیوەندیی بەو پسپۆڕانەوە بکەن و زانیارییان لێوەرگرن بڵێن ئەگەر کارگەیەکی لەو شێوەیە بە دوو ملیۆن دۆلار دانرێت، مانای وایە وەزارەت هەڵخەڵەتاوەو فێڵی لێکراوەو بە دوای چارەسەردا بگەڕێن و گرێبەستەکە هەڵوەشێننەوە، پەروین بابەکر حەمە ئاغا؛ وەزیــری پیشەسازیی ئیدارەی پێشووی سلێمانی، لە ژمارە (٢٤٦) رۆژنامە لە رۆژی ٢٠٠٨/٦/١٩ وەڵامی راپۆتەکەی سەرەوەی دایــەوەو بەرگریی لە بڕیاری ئیمزاکردنی گرێبەستەکە کرد بۆ دانانی کارگەکەو ئەوەشی بە دەستکەوتێکی «گــەورە»ی وەزارەتــی پیشەسازیی لە قەڵەمدا.

ئەگەرچی ئەو راپۆرتــەی وەزیــر هیچ بنەمایەکی زانستیی تێدا نەبوو، تەنیا بۆ خۆدزینەوە بوو لە بەرپرسیارێتی.

وەزیــر دەڵــێــت: لــە ســاڵــی (٢٠٠٤) ئاگادارکراینەوە کە بڕێک پارە لە پرۆسەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک ماوەتەوەو خەرج نەکراوەو بڕێکیش لەو پارەیە بۆ وەزارەتەکەی ئێمە دانرابوو بە مەبەستی دامەزراندنی چەند کارگەیەکی گرنگ و گەورەی وەبەرهێنان، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: بۆ یە بڕیارماندا چەند کارگەیەکی وەبەرهێنان دابمەزرێنین، دوای چەندین دیــراســەو لێکۆڵینەوەو بــەدواداچــوون گەیشتینە ئەو بــاوەڕەی کە یەکێک لەو پرۆژانە، پرۆژەی دامەزراندنی کارگەی وەبەرهێنانی مەڕمەڕە، ئەمانەی جەنابی وەزیر باسی دەکات هەمووی قسەی سەر کاغەزەو نەدیراسەکراوەو نە پرسیش بە کەس کراوە، نەک پرس بە شارەزایانی ئەو بوارە نەکراوە، بەڵکو کارێکی وایان کردووە ئەوانە نەزانن، نەوەکو کارەکەیان لێ تێکبدەن.

وەزیر لە راپۆرتەکەیدا دەڵێت: «غەدرێکی گەورەیە هاوڵاتییان ناچاربکرێن بەرهەمی خراپی کارگە خۆماڵییەکان بە گران بکڕن».

زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە وەزیرێک قسەی ئاوا بکات، غەدر لەوە گەورەتر ئەوەیە کە (١٤) ملیۆن یۆرۆی هاوڵاتییان بە خۆڕایی لەدەستبدەیت، بەبێ هیچ بەرنامەیەک، ئایا جەنابی وەزیر گرەنتی دەدات کە بەرهەمی کارگەی ماوەت هەرزانترو باشتر دەبێت؟

ئەگەر وەزیر بە راستی دەیەوێت ژێرخانی ئابووریی کوردستان بنیات بنێت و پرۆژەی وەبەرهێنان دابمەزرێنێت ، ئەی ئەوە خێرە کارگەیەکی وەکو کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە کە رۆژانــە بەرهەمی هەیەو ئەو پارەیە لە نۆژەنکردنەوەیدا خەرج ناکات و بە کرێی دەدات، رۆژانــە بە (١٠٠٠) تەن چیمەنتۆو ئێستا بەرهەمی ئەو کارگەیە لە (٦) هەزار تەن زیاترە؟ لە کاتێکدا کەرگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە دەدات بە کرێ، لەبەر ئەوەی ناتوانن سەرپەرشتی بکەن و بەرێوەی ببەن، دەچن کارگەیەکی جبسم بلۆک لە بازیان بە بڕی (٨) ملیۆن دۆلار دادەمەزرێنن و تائێستا تەنیا یەک دۆلار داهاتی نەبووە.

لە سەرووی ئامانەشەوە، دەچن گرێبەست مۆر دەکەن بۆ دامەزراندنی کارگەی بەردی مەڕمەڕ لە ماوەت بە بڕی (١٤) ملیۆن یۆرۆ.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە، کە وەزارەتێک بەو پسپۆڕانەوە نەتوانن کارگەیەک نۆژەن بکەنەوە، چۆن دەچنە ژێر بارێکی قورسترەوەو بڕیاری دامەزراندنی دوو کارگەی تر دەدەن و بە خۆڕایی سامان و بودجەی ئەم هەرێمە لەدەستدەدەن.

کارگەی بــەردی مەڕمەڕ نە کارگەی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل و کۆمپیوتەرەو نە کارگەی بەرهەمهێنانی دەرمانە، هەمووی بریتییە لــە چەند مــشــارێــک و هۆڵێک و مەکینەیەک و ماتۆڕێکی ئاو ئەگەر لەماوەی (٥) ساڵدا وەزارەتێک، نەتوانێت ئەمە جێبەجێ بکات، باشتر نییە هەر نەبێت و پارەشی تێدا سەرف نەکرێت؟

گومانی زۆر هەیە لەسەر دامەزراندنی کارگەی بەردی مەڕمەڕی ماوەت و هەموو بۆچوونەکان ئــەوە دەگەیەنن کە ئــەوە نە بەرنامەو نە بیرۆکەی وەزارەت بووەو نە بۆ مەبەستی وەبەرهێنانیش دانراوە، بەڵکو مەبەستی تایبەتیی لەپشتەوە بووە .

یــەکــەم: بــڕیــاری دامــەزرانــدنــی هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان بدرێت دەبێت هەنگاوی یەکەم جەدوای ئابووریی بۆ بکرێت، ئــەوەش زۆر ئاسان نییەو کاتی دەوێــت و پسپۆڕی شارەزای بواری خۆی دەوێت.

ئەگەر باسی جــەدوای ئابووریی بۆ کارگەی بــەردی مەڕمەڕی مــاوەت بکەین، دەبێت هەنگاوی یەکەم بزانین بۆچی کارگە ناوخۆییەکان لە کارکەوتوون، دوای ئەوە دەبێت دراسەیەکی ورد بکەین و بزانین ئایا کارگە خۆماڵییەکان زیندوو بکەینەوەو هاوکارییان بکرێت باشترە، یان کارگەیەکی تازە دابنێین؟

ئەگەر یەک مەتر دووجا بەردی مەڕمەڕ بە(٢٦)دۆلار هاوردە بکرێت، نیوەی ئەو بڕە پارەیە کرێی گواستنەوەو باجی گومرگە. کەواتە، ئەگەر حکومەتی هەرێم ناتوانێت بە (١٥)دۆلار یەک مەتر دووجا بەردی مەڕمەڕ بەرهەمبێنێت، مانای وایە ئەو کارگەیە سوودی ئابووریی نابێت، جەدوای ئابووریی بە مانای مەسحی جیۆلۆجی هەموو ناوچەکە بەگشتی و مەسحی یەکە یــەکــەی کــانــە بــەردەکــان و وەرگرتنی نموونە بۆ ئەوەی بزانن کوالێتی چۆنەو دواجار ئەوە بزانرێت یەدەگی هەر کانە بەردێک چەندە.

ئەگەر جەدوای ئابووریی بکرایە:

١- کارگەی بەردی مەڕمەڕ لە ماوەت دانەدەنرا، لەبەرئەوەی کەمترین و خراپترین بــەردی مەڕمەڕی لێیە، زۆرترین بەردی مەڕمەڕی زەرد لە شاخی گمۆیە ئەویش جــۆرەکــەی خراپەو لەوحی گــەورەی لێ دروست ناکرێت، چونکە بەردەکان درزدەبەن.

٢- کارگەی بــەردی مەڕمەڕ کارەبای بەهێزی دەوێــت و تائێستا ماوەت کارەبای نیشتمانیی نییەو راکێشانی هێڵی کارەبا پارەیەکی زۆری دەوێت، ئەمەش دەچێتە سەر بودجەی ئەو کارگەیە، بۆیە ئەگەر بیریان لەوە بکردایەوە لەوێ دانەدەنرا.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە، گواستنەوەی بەردی مەڕمەڕ لە ماوەتەوە بۆ شوێنەکانی تر، دەبێت لە سندووقی تایبەتییدا بێت و لەو کارگەیەدا کارگەیەکی دارتاشی هەبێت، لێرەدا کارگەکە گرنگ نییە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە تەختە نییەو ئەگەر تەختەکانیش بکڕین پارەیەکی زۆری دەوێت و نرخی تێچوونی زیاتر دەکات.

دووەم: پرۆژەیەکی وا گەورە کە (١٤) ملیۆن یۆرۆی تێبچێت، دەبێت تەندەرێتی بۆ بکرێت، واتە ئاگاداری چەندین وڵات بکەن کە شــارەزان لەو بــوارەدا بۆ ئەوەی بچن و بەشداریی لە کێبرکێدا بکەن. دواجــار کام کۆمپانیایە بە هەرزانترین نرخ و بە باشترین جۆر ئەنجامی بدات، دەدرێت بەو کۆمپانیایە، کۆمپانیا پلە (A) وڵاتی چین هیچیان کەمتر نییە لە کۆمپانیاکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، بەڵام زۆر بە کەمتریش ئەنجامی دەدەن و لانیکەم یەک ساڵیش سیانەت بۆ دەکەن.

گرێبەستەکە بە شــاراوەیــی لەنێوان وەزارەتــی پیشەسازیی و کۆمپانیای بیجللی ئیتالی لە ئەستەمبول ئیمزا کــراوە، کەواتە گومان هەیە.

سێیەم: خاڵێکی لاوازی تری ئەم گرێبەستە ئەوەیە کە ختاب زەمانی بۆ نەکراوە، واتە کۆمپانیاکە بە فەرمی و بە ئیمزاکراویی زەمانەتی نەداوەو بارمتەی دانەناوەو ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێت و لە کاتی خۆشیدا کارەکان ئەنجام نەدا، بەپێی یاسا ناتوانیت هیچی لەگەڵ بکەیت.

چــوارەم: کۆمپانیای بێجللی ئیتاڵی کە وەزارەتی پیشەسازیی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئیمزاکردووە، کاری کڕین و فرۆشتنی بەردی مەڕمەڕە، نەک دروستکردنی ئامێری کارگەی بەردی مەڕمەڕ، کەواتە هەقی هەموو لایەکە کە گومانیان هەبێت کە ئەم گرێبەستە فێڵی تێدایە.

پێویستە پــەرلــەمــانــی کــوردســتــان بــەدواداچــوونــی ورد بــۆ ئــەم کەیسە تەمومژاوییە بکەن و راستییەکان ئاشکرا بکەن بۆ هەمووان.

بۆئەوەش پێویستە داوا لە سەرۆکی حکومەت دەکەم کە حسابی بانکی نەکاتەوە، بۆ ئەوەی پارە بخەنە سەر حسابی کۆمپانیاکە بۆ هێنانی ئامێرەکان، تا ئەو کاتەی لیژنەیەک دەنێرن و نرخی راستەقینەی ئەو ئامێرانە دەپرسن، چونکە دڵنیاین، ئەو ئامێرانە بەو پارەیە نەکڕاون کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە، بۆ دڵنیابوون ئەو پسپۆڕانە ماون کە لە راپۆرتی یەکەمدا دەڵێن، کارگەیەکی لەو شێوەیە واتە ئەوەی وەزارەتی پیشەسازیی مامەڵەی کردووە، بە دوو ملیۆن دۆلارە.

---

# روونــــکردنەوە

**بۆ/ رۆژنامەی رۆژنامە**
**بابەت/ وەڵامدانەوە**

لە ژمــارە (٦١٥)ی رۆژی سێشەممە ٢٠١١/١/٤ رۆژنامەی رۆژنامەو لە لاپەڕەی ٢ی تایبەت بە راپۆرت و هەواڵ راپۆرتێک لەلایەن خاتوو (چاوان عەلی) بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی (لە بودجەدا چەندین ملیار دیناریان بۆ تەرخانکراوە، رۆژنامە وردەکــاریــەکــانــی ژمــارەیــەک لە پــرۆژە وەهمییەکانی ساڵی ٢٠١٠ ئاشکرا دەکات)، بۆیە وەک بەشی راگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی گشتی رێگەوبان و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون بە پێویستمانزانی ئەم روونکردنەوەیە بخەینە بــەردەم رای گشتی و خوێنەرانی رۆژنامەکەتان:

١/ پرۆژەی پردی تەنگی سەید محەمەد: ئەم پرۆژەیە لە بەرنامەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا بووەو لەبەرئەوەی لــەوادەی دیاریکراوی خۆی تەنیا لە ١٪ی کارەکانی جێبەجێ کرابوو، بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەکە رەفز کرایەوە، چونکە بەپێی بڕیار حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر پرۆژەیەک لە وادەی دیاریکراوی خۆی (٤٪)ی رێــژەی کاری پێویست ئەنجام نەدرێت ئەوا رەفز دەکرێتەوە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩ بڕی (١٠٠) ملیۆن دیناری بۆ دابینکرابوو نەک ئەو بڕە پارەیەی کە لە رۆژنامەکەتان ئاماژەتان پێداوە! ئەو پارەیە سەرفکرا بۆ تەسفیەکردنی پارەی پاسەوان و فەرمانبەرو دروستکردنی کابینەو پێداویستی تر کە کۆمپانیاکە کردبووی، لەگەڵ کڕینی ٣ ئۆتۆمبێلی پاترۆڵ کە لە ئێستادا لە بەڕێوەبەرێتی رێگاوبانی هەڵەبجە ئیش و کاری پرۆژەکانی پێ جێبەجێ دەکرێت، (١) پیکاب کە لە ئێستادا لە بەڕێوەبەرێتی رێگەوبانی سلێمانی بەکاردەهێنرێت بۆ راپەڕاندنی کاری پرۆژەکە.

٢/ پــرۆژەی رێگەی (ســازان- گریانە) ئەم پرۆژەیە بە هەڵە ناوی هاتووە، چونکە لە بنەڕەتدا (٤) پــرۆژەی رێگایە نەک (١) پرۆژەی رێگا، پرۆژەکان بریتییە لە:

١- پرۆژەی رێگای هەڵەبجە- هاوار- گریانە/ درێژی ئەم رێگایە ٢٦کم

٢- پرۆژەی رێگای هەڵەبجە- سازان- کۆساوە/ درێژی ئەم رێگایە ١٨کم

٣- پرۆژەی دروستکردنی رێگا بۆ گوندی ئەنوەر/ درێژی ئەم رێگایە ٧کم

٤- پرۆژەی دروستکردنی رێگای عەنەب- دەرەشیش/ درێژی ئەم رێگایە ٣کم

ئــەم پــرۆژانــە لە پــرۆژە تەواوکاریە بەردەوامەکانی ساڵی ٢٠٠٤ کە لەلایەن رێکخراوی (opc) ئەنجامدراوەو ئەو بڕە پارەیەی ساڵی ٢٠١٠ بۆی سەرف کراوە بە مەبەستی صیانەو لەلایەن بەڕێوەبەرێتی رێگاوبانی سلێمانی- هەڵەبجە بە شێوازی راستەوخۆ ئەنجام دراوەو لە بەدواداچوونی سێ پەرلەمانتار بۆ هەمان مەبەست کە ئاراستەی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان کرابوو، هاتووە: (لە ئەنجامی بــەدواداچــوونــمــان بۆمان دەرکــەوت کە پرۆژەکان وەهمی نین و لە واقیعدا هەن، ئەوەی هەبووە بەهۆی هەڵەی تەکنیکی و بە هەڵە نووسینی ناوە پرۆژەکانەوە نوسراوە) کە وێنەیەک لە کۆنوسی لیژنەی پەرلەمان هاوپێچ دەکەین بە هیواین کە وەک خۆی بڵاوبکرێتەوە.

بۆ بەرچاو روونی زیاتر:

لە ژمــارە ٦٠٤ ی رۆژی سێشەممە ٢٠١٠/١٠/١٩ و لە لاپەڕەی ٣ی تایبەت بە هــەواڵ و راپــۆرت بابەتێک بلاوکراوەتەوە لەسەر زاری پەرلەمانتار(ئیسماعیل سەعید گەلاڵی) سەبارەت بە هەمان پرۆژە لەژێر ناونیشانی (پــرۆژەی وەهمی هەیە راوی دۆلاری پێدەکرێت!!!) بۆ هەمان مەبەست لە بەرواری ٢٠١٠/١٠/٢٦ وەڵامی ئەو بابەتەمان دایەوەو نێردرا بۆ رۆژنامەکەتان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی و لە بەرواری ٢٠١٠/١٠/٣٠ تیمی راگەیاندنی بەڕێوبەرێتی گشتیمان سەردانی ئەو پرۆژانەیان کردو راپۆرتی تایبەتیان سەبارەت بە هەر ٤ پرۆژەکە لە سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە.

٣/ پــرۆژەی رێگای رەزڵــە- گوڵان- دۆڵپەمو بە درێژی ٤٠کم/ئەم پرۆژەیە بەهۆی کەمتەرخەمی بەڵێندەرەکەیەوە بە بڕیاری وەزارەت ئیجرائاتی دەستلەکارکێشانەوەی بۆ کرا چونکە پابەند نەبووە بە کارەکەیەوەو کێشەکەی لە دادگایە بۆ یەکلاییکردنەوەی و ئامادەکردنی کوشفی بە پەلە بۆپاکتاوکردنە پرۆژەکە.

ئەم پرۆژەیەش بە هەمانشێوە یەکێکی ترە لە پرۆژەکان کە بەهۆی کەمتەرخەمی کۆمپانیای جێبەجێکار پاش تەواونەکردنی کــارەکــان لە وادەی دیــاریــکــراوی خۆی سەرەڕای وەرگرتنی ماوەی زیادکراو بەڵام تەنیا ٤٥٪ی کاری پێویست ئەنجامدرا بۆیە لە ئێستادا وەستێنراوەو کێشەکەی لە دادگایەو یەکلایی نەکراوەتەوە بۆیە لە بودجەی ٢٠١٠ش دا سەرلەنوێ دووبارە بووەتەوە.

* بــە خوێنەرانی رۆژنــامــەکــەتــان و هاوڵاتییان رادەگــەیــەنــیــن کــە دەرگــای بەڕێوبەرێتی گشتیمان والآیە بۆ سەرجەم ئەو بەڕێزانەی کە خوازیاری وەرگرتنی زانیارین لە بارەی پرۆژەکان و ئێمە هیچ جۆرە پرۆژەیەکی وەهمیمان نییە، هیوادارین تــەواوی زانیارییەکان بخەنە بەر دیدی خوێنەران بۆ ئەوەی راستییەکان ون نەبن.

**راگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی گشتی**
**رێگەوبان و ئاوەدانکردنەوە**

# تیشکێک بۆ سەر بودجەی (٢٠١٠)



نەسرین جەمال مستەفا*

پارسالّ واتە سالّی (٢٠١٠)، کاتێک ئەنجومەنی وەزیـــران پرۆژەیاسای بودجەی هەرێمی نارده پەرلەمان، ماوەی یاسایی پێشکەشکردنەکەی تێپەڕاندبوو، ئەم پرۆژەیاسایە لە چەند مادەو بڕگەی پڕ لە کەموکووڕیی پێکهاتبوو، لەدوای گفتوگۆکردنیش بووە (٣٤) مادەو نزیکەی (٢٩) بڕگە، هـەروەک پرۆژەیاساکانی تر بە زۆرینەی دەنـگ پەسەند کراو نێردراوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی، لێرەوە دەمەوێت ئەوە بیری هاولاّتییانی هەرێمی کوردستان بهێنمەوە کە بە هەولّی (ئۆپۆزسیۆن)، نەهێلّرا فرسەت بهێنن‌و ئەم یاسایە بە ئارەزووی هەردوو حیزبی دەسەلاّتدار تێپەڕێت‌و زۆرترین قسەو باسی لەسەر کرا.

لـەو سـەروبـەنـدەدا، ئۆپۆزسیۆن تاکەکانی میللەتەکەی تا رادەیەک ئاشنا کرد بە بودجەو داهاتە شاراوەکانی هەرێمەکەی‌و بوو بە پارێزەری هەموو تاکێکی ئەم هەرێمەو پێداگریی لەسەر بودجە کرد کە دەبێت (شەفافییەت‌و عەدالەت لەنێوان پارێزگاکاندا هەبێت)، ئەویش بە گەڕاندنەوەی ئەو پارانەی کە تەرخانکراون بۆ (پرۆژە حیزبییەکان، کەرتی تایبەت، کەمکردنەوەی باربوو، بەخشیش، ئاشکراکردنی پـرۆژە وەهمییەکان‌و پرۆژە تەواونەکراوەکان)، چاککردنی پـەروەردەو تەندروستی، ئاوو کارەباو ڕێگەوبان، باشترکردنی گـوزەرانـی خـاوەن پێداویستییە تایبەتەکان‌و کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفال، خانەنشینان‌و فەرمانبەران، چاککردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆو ئاسایش‌و پێشمەرگە، گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان (سـزادراوان) لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز... هتد)و ئەگەر (ئۆپۆزسیۆن) نەبوایە، دلّنیام بودجەی سالّی (٢٠١٠) هەروەک سالاّنی رابردوو بەبێ هیچ گفتوگۆیەک تێدەپەڕێنرا.

ئـەم بودجەیە کە بڕەکەی بریتی بوو لە (١١,٤٣٢,١٧٦,٠٠٠٠٠٠) (یانزە ترلیۆن‌و چوارسەدو سی‌و دوو ملیارو سەدو حەفتاو شەش ملیۆن) دینار کە لە حکومەتی فیدرالّەوە دێت بۆ کوردستان، واتە بڕی (١٧٪)کەیەو داهاتی (فرۆشتن‌و شیرینیی نەوت‌و گومرگو باجەکانی) نەخراوەتە سەرو بەپێی مادەی (٣٤) ئەم پرۆژەیاسایە دەبێت لە رۆژنامەی (وەقائعی کوردستان بلاّو بکرێتەوە، لە ٢٠١٠/١/١وە جێبەجێ بکرێت)، دواتر ئەم یاسایە بە بڕیاری ژمارە (١)ی سالّی (٢٠١٠) لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەرچوێنراوە.

بە داخەوە تا نووسینی ئەم بابەتە، حکومەت تائێستا لە جێبەجێکردنی چەندین مادەو بڕگەی یاساکە کەمتەرخەمە لە جێبەجێکردنی‌و بەدواداچوونیدا، بۆ زیاتر بەرچاوڕوونیی لە خوارەوە ئاماژە دەدەم بەو مادانەی کە پێویستە تیشکیان بخرێتە سەر:

**مادەی یەکەم بڕگەی (٣)**

بڕی (٧٢,٧٤١,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دینار (حەفتاو دوو ملیارو حەوتسەدو چل‌و یەک ملیۆن دینار) بودجەی خەرجییەکانی پەرلەمانە، پرسیاری من ئەوەیە، ئەگەر پەرلەمان چۆنێتیی خەرجییەکانی بودجەکەی بۆ پەرلەمانتاران روون نەکاتەوەو ئاشکرای نەکات، ئایا چۆن دەتوانێت بە دواداچـوون لە چۆنێتیی خەرجکردنی ئەو بڕە پارانە بکات کە بۆ وەزارەت‌و دامودەزگاکانی حکومەت دانراوە؟

**مادەی یەک بڕگەی (٥)**

کـورتـهـێـنـانـی بـودجـە بـە بـڕی (٨٣٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دینار، ئەم بڕە پارەیە ئەو بودجەیەیە کە دانـراوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، لە راستیدا ئەم بڕە پارەیە دەبوایە سالاّنە لەلایەن حکومەتی فیدرالّەوە دابین بکرایە، لەبەرئەوەی بەپێی دەستوور پێشمەرگە بە (پاسەوانی هەرێم) ناوزەد کراوە، بەلاّم بەداخەوە لە سالاّنی (٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ – ٢٠١٠) بەرپرسانی کـورد لە بەغداو کوردستان وەک پێویست هەولّی جدییان بۆ نـەداوە، تا ئەو بڕە پارەیە مافێکی حکومەتی هەرێمەو دەبێت بگەڕێتەوە بـۆیـان‌و حـەزدەکـەم هـەمـوو لایـەک بزانن، لە ناوەڕاستی سالّی (٢٠١٠)وە بەپێداگریی (ئۆپۆزسیۆن)و (لیژنەی ناوخۆو پێشمەرگە) کە هەولدراوە تا لە بودجەی سالّی (٢٠١١)دا ئەو بڕە پارەیە بگەڕێنرێتەوە.

**مادەی (٩) بڕگەی (٢)**

تا ئێستاش دەزگاکانی (ئاسایش – مین – چاودێری دارایی) یەک نەخراون، دەزگـای چاودێری دارایـی سێ مانگ زیاترە سەرۆکی بۆ دانــراوە، بەلاّم یەک نەخراوەتەوە، جگە لەوەی چەند وەزارەتێک لە کابینەکەدا جێگەیان بۆ نەکراوەتەوە بڕیاریاندا کە بکرێت بە (دەستە) وەک دەستەی (مافی مرۆڤ – ژینگە ....هـتـد) کە ئـەم (دەستانە) پەیوەندییان بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیەو هەریەکە سەرۆکێکی تایبەتیان هەیە کە پلەکانیان لە (وەزیر) کەمترنین‌و بودجەی تایبەتی خۆیان هەیەو هەریەکەیان وەزارەتـێـکـە بە بچووککراوەیی!

> **تا ئێستا نانبڕاوانی ژێردەسەلاّتی (پارتی) نەیانهێشتووە بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان‌و لەژێر دەسەلاّتی (یەکێتی)یشدا سزای سیاسیی بەردەوامەو بەشێوەی جیاواز جیاواز خەلّک نانبڕاو دەکەن‌و بەلّگەشمان هەیە**

**مادەی بیست‌و یەک (٢١)**

بڕگەی (١و٢) ئەم مادەیە، باس لەوە دەکات، فرۆشتنی نەوتی خاوی هەرێم‌و پێکهاتەکانی‌و باس لەوە دەکـات، ئەم داهاتە لە حسابی تایبەت لە وەزارەتی دارایی‌و ئابووریی دادەنرێت ....هتد.

ئەگەر حکومەتی هـەرێـم بەپێی دەسـتـوور کـاری بە یاسای نـەوت‌و غـازی هەرێم بکردایە، ئـەوا تووشی کەموکووڕیی‌و رەخنە نـەدەبـووەو رۆژانە نەوت لە هەرێمی کوردستاندا دەردەهێنرێت بە ئاشکراو بە قاچاغ‌و بە بەرچاوی خەلّکی کوردستانەوە دەفـرۆشـرێـت‌و هـەنـاردەی دەرەوە دەکـرێـت‌و داهاتێکی زۆری سامانی نەوت‌و گرێبەستە نەوتییەکان دەچێتە بـەر دەسـتـی حـکـومـەت‌و هـەردوو حیزبی دەسەلاّتدار، ئەم داهاتە کەس ناتوانێت مـەزەنـدەی بکات بە چەند ملیار دۆلار، تەنیا وەزارەتـی سامانە سروشتییەکان‌و بەرپرسان نەبێت‌و لەو داهاتە نەزانراوەش، تەنیا بڕی (٢٥٠) ملیۆن دۆلار دەهێنێتە پەرلەمانەوە بۆ گفتوگۆکردن کە دەلّێن، ئەم دەستکەوتە دەستکەوتی سالّی (٢٠١٠)یـــە، ئەی داهاتەکانی سالّی رابردوو لە کوێن؟و بۆ ئەم (٢٥٠) ملیۆن دۆلارە، سەرۆکی کابینەی (شەش) دەلّێت، دەستکەوتی کـابـیـنـەی منەو سەرۆکی کابینەی (پێنج)یش دەلّێت، دەستکەوتی منە، بۆیە تا ئێستا نازانین دەستکەوتی کام لەو کابینانەیە؟

ئەم (٢٥٠) ملیۆن دۆلارە کە پێی دەلّێن، بودجەی تەواوکاریی، یان پشتیوانیی پارێزگاکان، بەپێی یاساو لە سەر قسەی بەڕێز وەزیـری دارایـی دەبوایە، لێی خەرج نەکرایە تا لە پەرلەماندا پەسەند نەکرێت، بەلاّم چەندین بەلّگەنامەمان لە لایە کە هەندێک پـرۆژە هەیە، لە پێش پەسەندکردنی ئـەم بودجەیە دروستکراوەو جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە تەواوبووندایە، ئەوەش دەزانین کە (ئەولەویەت) دراوە بە هەندێک پرۆژە لە پارێزگاکاندا.

**مادەی بیست‌و سێ (٢٣)**

خەرجییە تـەرخـانـکـراوەکـان کە بۆ نۆژەنکردنەوەی بینای تایبەت بە حیزبەکان‌و پـرۆژە دووبـارەکـان‌و پرۆژەکانی کەرتی تایبەت دابینکرابوون، بە زۆرینەی دەنگ ئەو بڕەپارەیەمان بڕی، بڕیار درا کە ئەو بڕە پارەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کە لێی بڕاوەو لە پرۆژەیەکی تردا بەکار بهێنرێت، بەلاّم ئەم مادەیە تاچەند حکومەت بەدواداچوونی بۆ کردووە لە جێبەجێکردنیدا، ئەگەر ئەم مادەیە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەقە حکومەت بە پاشکۆو نووسراوی فەرمیی پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە.

**مادەی (٢٤) بڕگەی (١)**

یەکسانبوونی مووچەی فەرمانبەرانی هـەرێـم‌و مووچەی هاوشێوەکانیان بەرامبەر فەرمانبەرانی حکومەتی فیدراڵ، خۆشبەختانە ئەم بڕگەیە لەدوای سالّێک، واتە مانگی (١٢)ی (٢٠١٠)دا وەزارەتی دارایـی هەرێم بڕیارێکی دەرکـرد بۆ یەکسانبوونی مووچەی فەرمانبەران بە پێدانی (یەک دەرەجەی وەزیفی) بە تایبەت ئەو کەسانەی کە لە پێش سالّی (٢٠٠٣)وە دامـــەزراون، کە ئەمەش بەهەولّی ئەندامانی ئێمە (فراکسیۆنی گـۆڕان) ئـەم مەسەلەیە وروژێـنـراو کاری جدیی بۆ کرا، لێرەدا پرسیارێک دێتە ئـاراوە، فەرمانبەرانی پارێزگای (هەولێرو دهۆک) مووچەکانیان یەکسان بووە بە مووچەی حکومەتی فیدراڵ، بەلاّم فەرمانبەرانی پارێزگای سلێمانی جیاوازییان هەیەو تارادەیەک دەتوانین بلّێین، زولمیان لێکراوە، ئایا وەزارەتی دارایی‌و ئابووریی قەرەبووی مووچەی ئەو چەند سالەیان بۆ دەکاتەوە؟ چونکە بەپێی ئەو دەرەجەیەی کە پێیان دەدەن، دەبێت مووچەکەیان زیاد بکات.

**مادەی بیست‌و هەشت (٢٨)**

ئەم مادەیە یەکسانە بە پاشکۆی پرۆژە بەردەوامەکانی کە لە بودجەی سالّی (٢٠١٠)دا پارەیان بۆ تەرخانکراوە، ئەم مادەیە دەتوانین دابەش بکەین بۆ چەند بڕگەیەکی جیاواز.

١) هەندێک لەو پرۆژە بەردەوامانەی کە بودجەیان بۆ تەرخانکراوە بەبڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیار دینار، بەلاّم بەداخەوە، تا ئێستاش هەندێک لەو پرۆژانە زەوییان بۆ دابین نەکراوە تا بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەم حالّەتە لە هەموو پارێزگاکاندا هەیەو ئەوەندەی ئێمە بە دواداچوونمان کردبێت، لە سنووری پارێزگای سلێمانی (چوارتا، هەلّەبجە، سەیدسادق، پێنجوێن، قەرەداخ، بازیان، پیرەمەگرون، شارەزوور، ....هتد) چەندین حالّەتی وا هەیە.

٢) پرۆژە وەهمییەکان کە پارەیان بۆ تەرخانکراوە، ئایا ئەمانە پارەکانیان چی لێدێت؟ هـەروەک پارلەمانتاران بەدواداچوونیان بۆکردووە، لە سنووری (چەمچەمالّ، سەیدسادق، هەلّەبجەی شەهید) کاتی دەستپێکردن‌و کۆتایشی دیاریی نەکراوە.

٣) ئایا ئەو پارە تەرخانکراوەی کە لە پڕژەکاندا خەرج نەکراوە، دەخرێتە بانکەوە تا ئەو پرۆژەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟

**مادەی بیست‌و نۆ (٢٩)**

لـەم مـادەیـەدا، ئـامـاژە دراوە بە یەکخستنی بودجەی ئەو دەزگایانەی کە یەکیان نەگرتووەتەوەو بەپێی ئەم مادەیە دەبێت لەماوەی (٦)مانگدا دەزگاکانی (ئاسایش، مین، چـاودێـری دارایـی) یەکبگرێتەوەو بودجەکانیان یەکبخرێن‌و چیتر بودجەی هەرێم بە هەدەرنەڕوات، تا ئێستا ئەم مادەیە نەهاتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەرچەند هەولدراوە بۆ ئەم مەبەستە، بەلاّم هەولّێکی سست‌و کەمترخەمانە بووە.

**مادەی سی (٣٠)**

ئەم مادەیە تایبەتە بە مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی کە بە هۆی بیروڕای جیاوازەوە، سزای سیاسییان بەسەردا سەپێنراوە، ئەویش سزای (نانبڕین) بـوو، ئـەم حکومەتەی هـەرێـم زۆر باسی (شەفافییەت‌و دیموکراتییەت‌و دادپـەروەریـی کۆمەلاّیەتی) دەکـات‌و باسی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکات لە هەرێمی کوردستاندا، ئایا پێمان نالّێن، لە چ ولاّتێکی دیموکراتیدا لەسەر بیروڕای جیاواز، فەرمانبەرانی خۆی نانبڕاو دەکات؟ ئایا ئەو مووچەیەی کە فەرمانبەران لە حکومەت وەریدەگرن، رەنجی ماندوبوون‌و خەبات‌و تێکۆشانی خۆیانە، یان (خێر)ەو پێیان دەدەن؟ سـزادراوان مووچەی (١٤)مانگیان وەرنەگرتووەو زۆرێک لە نانبڕاوان لە مانگی (٧)ی (٢٠١٠)وە مووچەکانیان بۆ دابینکردوونەتەوەو بە بەردەوامیش حکومەت دەلّـێـت، نانبڕاو نەماوەو هەموو گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان کە ئەمە وانییەو تا ئێستا نانبڕاوانی ژێردەسەلاّتی (پارتی) نەیانهێشتووە بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان‌و لەژێر دەسەلاّتی (یەکێتی)یشدا سزای سیاسیی بەردەوامەو بە شێوەی جیاواز جیاواز خەلّک نانبڕاو دەکـەن‌و بەلّگەشمان هەیەو بۆ ئەم مادەیە بە کۆی دەنگی ئەندام پارلەمانەکان، دەنگمان بۆ دا کە دەبێت ئەو مووچانەی کە وەریان نەگرتووە، بۆیان بگەڕێتەوە، بەلاّم تا ئێستا حکومەت کاری بۆ نەکردووە، ئایا وەزارەتی دارایی‌و ئابووریی، مووچەی ئەو (١٤) مانگەی نانبڕاوان لە کوێیە، ئایا کەی قەرەبوویان بۆ دەکەنەوەو ئەو مافەیان بۆ بگەڕێننەوە؟

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان/ فراکسیۆنی گۆڕان


## دەتەوێت رۆژنامەو گۆڤارت پێبگات؟

دارا محێدین ئامادەیە بۆ گەیاندنی رۆژنامەو گۆڤارەکان بۆ شوێنە گشتییەکان.

ژ.م: ٠٧٧٠١٥٨٤٧٦٤ یان ٠٧٥٠١٥٤٦٤٦٤


له پەرلەمانەوە



کاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# سەرۆکایەتیی پەیڕەوی ناوخۆ پێشێلدەکات

سـەرەڕای کۆکی زۆرینەی لیستەکان لەسەر گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە لەگەلّ دۆخی نوێ کاری ئێستای ناتەبایە، نەک هەر پڕۆژەکە ناخرێتە روو بۆ گۆڕینی، بەلّکو سەرۆکایەتیی پەرلەمان کار بە پەیڕەوی نەگۆڕ ناکات، بەتایبەت بۆ خستنەڕووی پڕۆژەکان بەپێی مادەکانی(٧١)-(٧٢) کە دەبێت بە زنجیرەی زەمەنی خۆیان کاریان لەسەر بکرێت، لەم ماوەیەدا چەندین پـڕۆژەی هەستیار پاش‌و پێشیان پێکراوەو خراونەتە بەرنامەی کار، بەبێ ئەوەی پەیڕەو یاسا ڕێگەی بدات، بەتایبەتی پڕۆژە هەستیارو نیشتمانییەکان کە پەیوەندییان بە ئایندەی سیاسیی‌و چارەنووسی بەڕێوبردنی سیستمی حکومڕانیی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، دەبێت ئیجماعی هەموو لایەکی لەسەربێت، پەلەکردن لە خستنەڕووی ئەم پڕۆژەیاسایانە ململانێ‌و هەلّوێستەکان توندتر دەکات‌و بەشێوەیەک مەترسی‌و هەڕەشە دەخاتە سەر پێکەوەژیان‌و یەکترقبوولّکردن، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە لەجیاتی ئـەوەی پەرلەمان چەتری پێکەوەژیان بێت‌و ببێتە پەرژینی پاراستنی جیاوازییەکان، دەبێتە هۆکاری لێکترازاندن‌و دروستکەری کێشەی گەورەیە لە کوردستاندا. پەرلەمان، پێش هەر ئۆرگانێک دەبێت خۆی پابەندی پەیڕەوو چاودێریکاری حکومەت بێت لە پیادەکردنی یاساکان‌و یاساشکێنیدا.

لە یاسای ئەنجومەنی شـورای هەرێم ژمارە (١٤) سالّی (٢٠٠٨) دەقنووس کراوە لە مادەی (٧) دا پێویستە هەموو پڕۆژەیاساکانی ئەنجومەنی وەزیـرانـی وەزارەتـەکـان بـڕۆنـە ئەنجومەنی شـورا، بۆ ئـەوەی لـەڕووی شکلّ‌و نـاوەڕۆکـەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، حکومەت بەبێ گوێدانە ئەم دەقە، پڕۆژەکان پێشکەشی پەرلەمان دەکات، پەرلەمانیش دەیخاتەڕوو، یەکێک لەو پڕۆژانەی کە ناکۆکیی توندی لەسەرە، ئەو ڕێکارە یاساییانەی بۆ نەگیراوەتەبەر (پڕۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان‌و دەزگای ئاسایشی هەرێمە)، جگە لەو ڕێکارە یاساییانە، چەندین گرفتی گەورەی یاسایی لەناو پڕۆژەکاندا هەیە. پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم دەبێت بۆشایی یاسایی پڕبکاتەوە، نەک بۆشایی یاسایی دروستبکات، پێشئەوەی تاووتوێی پڕۆژەکە بکرێت‌و ئەنجومەن پەسەندبکرێت، دەبێت ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە دەزگای سەربەخۆ پێکبێن‌و خاوەنی کەسایەتی یاسایی خۆیان بن، چۆن بۆ یەکخستنی دەزگای ئاسایش پڕۆژەیاسایەکی تایبەت هەیە، بۆ دەزگاکانی تر دەبێت خاوەن هەمان پڕۆژەبن، بۆیە لـەڕووی یاساییەوە ناتوانرێت پڕۆژەیاساکە پەسەندبکرێت، بەبێ پڕکردنەوەی کەلێنی یاسایی کە لە پڕۆژەکەدا هەیە، پڕۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایش کە لە جەندین دەزگا پێکدێت، وەکو (ئاژانسی پاراستن‌و زانیاریی)، دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێن‌و وەکو دەزگای ئاسایشی حکومیی خاوەن کەسایەتیی یاسایی خۆیان بن، ئینجا دەتوانن لە هەر ئەنجومەنێکی تری یاسایی بەشداریی بکەن، بە نەبوونی کەسایەتیی یاسایی، وەکو دوو دەزگای حیزبی دەمێننەوە، بە پێچەوانەی دەستوورو یاسا، هەروەها دروستکردنی دوو دەزگا یەکێکیان سەر بە حکومەت بێت‌و یەکێکیان سەر بەسەرۆکایەتی هەرێم بێت، ئامانج‌و ئەرکی هەردوو دەزگاکە وەکو یەک بێت‌و جیاواز نەبێت، پێویست بە دوو پڕۆژەیاساو بوونی دوو دەزگا ناکات، لەپێناوی یەک دامەزراوەی یەکگرتوو و گشتیی یەک دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی هەبێت‌و یەکێک بێت لە دامەزراوەکانی حکومەت، وەک وەزارەتێکی ئاسایشی نیشتمانیی‌و لەژێر چاودێریی پەرلەماندا بێت، ئەم کارەش بە پەلەپەل‌و سەپاندن ناکرێت، بەلّکو بەشێوەیەکی یاسایی‌و دیالۆگێکی پەرۆشی نیشتمانیی‌و کۆدەنگی هاوڕایی لیستی زۆرینەو ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت، بە تایبەت بۆ دامەزراوەیەک، کە پەیوەندیدارە بە ئاسایشی نیشتمان‌و تاک تاکی کۆمەلّگەکەمان، لەم رووەشەوە پەرلەمان دەتوانێت رۆلّی یەکلاییکەرەوەی لەم پرسە نیشتمانییە ببینێت، بەپێچەوانەوە ململانێکان بە ئاراستەیەکی تر دەبەین.


خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر: ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین: سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com — هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری: شـاخـەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری: ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ info.rozhnama@gmail.com riklam.rozhnama@gmail.com

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر: گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە ٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢

# نەبوونی خەیاڵی سیاسیی لای سەرکردەکانی ئێمە



عەلی حەمە شەریف

بارودۆخی سیاسیی ناوخۆو بەتایبەتی کێشمەکێشمی سەپاندنی زۆردارەکی فەلسەفەو بۆچوونی دەسەڵاتی تاکڕەوانەو داڕشتنی ئەو پایانەی کە دەبنە هۆی بنیاتنانی دەسەڵاتێکی گشتگیر لەم هەرێمەی ئێمەدا، دوای بانگەشەو جەختکردنەوەی زارەکییانەی پتر لە (١٨)ساڵی فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتی (یەکێتیو پارتی)، جگە لە بەئاقاردا بردنی رەوشی سیاسیی کوردستان بەرەو قۆناغێکی مەترسیدارو بەرتەسککردنەوەی ئازادییە مەدەنییەکانو پیادەکرنی سیاسەتێکی پڕهەڵە لە پەیوەندییو پێشخستنی دۆزی کورد، چ لەسەر ئاستی عێراقو ناوچەکەو چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چیتری لێ شین نەبووە.

جەختکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا لەسەر پیادەکردنی سیاسەتێکی زۆرەملێیانەی وا کە سەرجەم کایەو جومگەکانی کۆمەڵگا بۆخۆی قۆرخ بکاتو پێیوابێت کە دەبێت بەپێی ئاوازو لێکدانەوەکانی ئەوان دەربارەی دیاردەو دەرکەوتە سیاسییو کۆمەڵایەتییو ئابوورییو کەلتوورییو فەرهەنگییەکان بدۆێینو بۆچوونەکانمان لە فەلسەفەی سیاسیی دەسەڵاتەوە سەرچاوە بگرن، رۆژ دوای رۆژ رەوشی ناوخۆی ئەم هەرێمە ئاڵۆزترو بەرەو لێواری نائارامیی سیاسییو لێکترازانی ریزەکانی گەلو لاوازکردنی زیاتری پردی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتو خەڵکی لێکەوتووەتەوەو قۆرخکردنی ئازادییو بەرتەسککردنەوەی مافە سروشتیو مرۆییەکان، دانانی سانسۆری توندو بێمانا لەسەر کاری راگەیاندنو قەتیسکردنی میدیای ئازادو لە چوارچێوەدانی، جگە لە کوشتنی گیانی ململانێو داهێنانو تەگەرەدانان لە پێشخستنی رەوتی مێژووی کۆمەڵگا، لەهەمانکاتیشدا نیشانەیەکی دیارو بەرچاوە لە هەوڵدان بۆ سەپاندنی دەسەڵاتێکی گشتگیرو تاکڕەو لەم هەرێمەی ئێمەدا، ئەمە لەکاتێکداو لەم سەردەمەی ئەمڕۆداو بەتایبەتی لە دوای دەرکەوتنی سیستمی سیاسیی نوێی جیهانیو بەجیهانیبوون، جگە لـەوەی کە جێگەی شوورەییو لەکەداری ئەو جۆرە سیستمانەیە کە شان بەشانی ئەمەش نامۆیە لەگەڵ رەشی بۆپێشچووی جیهانو ئازادییەکانی تاکو ناتەبایە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤو هەموو ئەو رێککەوتننامەو پەیماننامە نێونەتەوەییو نێودەوڵەتییانەی کە جەخت لە مافو ئازادییەکانی مرۆڤو بەدیموکراتیزەکردنو بە سیستماتیککردنی وڵات دەکەنەوە!

سەرکردەو بەرپرسەکانی ئێمە، هەر رۆژەی بەنیازێکو هەر جارەی لەژێر بیانوویەکی لێڵدا دەنگی ئێمە، داواکارییو خواستە مەدەنیو پیشەییو دیموکراتییەکان، رەخنەو گلەییکردنمان لە ئەداو کاریان لە مێخ دەدەنو بەناوی پەیبردنو لەکەدارکردنو رووشاندنی کەرامەتی کەسێتیو باڵای حکومەتو کاروکردەوەکانیان ...تاد، هەر رۆژەی کۆمەڵێک نووسەرو رووناکبیر پەلکێشی دادگاکان دەکەن وەک ئەوەی بڵێی، ئەم خەڵکو نووسەرو رووناکبیرانە خەڵکی ئەم هەرێمە نەبنو تاڵاوی دیکتاتۆرییو رۆژە سەختەکانی خەباتیان نەچێژتبێتو هەریەک بەجۆرێک لەجۆرەکان قوربانییان بۆ ئازادییو رزگاریی خاکی کوردستان نەدابێت! بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە رەخنەو خستنەڕووی کەموکورتیو لایەنە خراپەکانی کارو ئەدای حوکمڕانی بەشێکی دانەبڕاوو لایەنێکی گرنگە بۆ تەواوکاریی کارەکانی دەسەڵاتو نەهێشتنی کەموکووڕییەکانی، بەڵام مەخابن لەم هەرێمە بریندارو پڕقەیرانە جۆراوجۆرەدا، بۆچوونو لێکدانەوەو دنیابینی دەسەڵات بۆ زۆر بابەتو دیاردەو بەتایبەتی تێڕوانینی بۆ ئازادییە مەدەنییەکانو میدیای ئازادو سەربەخۆو کاری رۆژنامەگەریی، بۆچوونو تێڕوانینی سیستمە گشتگیرو ئەو دەسەڵاتە بەسەرچووانەیە کە لەسەدەی رابـردوودا پیادە دەکـرانو لەژێر چەتری پرەنسیپی سەروەریی نیشتمانی، تاکڕەوانەو دوور لە هەموو لێپرسینەوەو عورفو عاداتێکی نێودەوڵەتیو بەدەر لەهەموو ئیلتزاماتێکی ئەخلاقی، دەستیان لە بینەقاقای خەڵک گیرکردبوو، کە لەئاکامدا لە زنجیرەیەک راپەڕینی جەماوەرییو رژانە سەرشەقامدا یەک لەدوای یەک دیوارە شاشەکانی سیستمەکانیان بەسەریەکدا داڕووخـاو چیتر نەیانتوانی درێژە بە سیاسەتی زۆردارانەو دیکتاتۆرییانەی خۆیان بدەن، کە دەکرێت زنجیرە گلانەکانی حکومەتەکانی ئەورووپای خۆرهەڵات لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستدا، وەک نموونەیەکی زیندوو وەربگرین.

ململانێی سەرکردەو سەرۆکی وڵاتە پێشکەوتووەکان لەسەر ئەوەیە کە کامیان زیاتر کاری خزمەتگوزارییو باری داراییو شکۆی وڵات گەشەو گەورەترو رەفاهییەتی زۆرتر بۆ خەڵک دابین بکەن، کەچی سەرکردەو سەرۆکەکانی ئێمە، وەک هەموو سەرۆکو سەرکردەکانی وڵاتە دواکەوتووەکانو سیستمە داخراوەکان، لە ململانێو هەوڵی زیاتری ئەوەدان کە چۆنو چەند توندتر خۆیان بە کورسی دەسەڵات ببەستنەوەو هەموو قورساییو هەوڵیان لەو پێناوەدا چڕ دەکەنەوە! سەرکردەکانی دنیا، لێپرسراوە باڵاکانی دەوڵەتان، خاوەنی خەیاڵی ستراتیژییو خەونی رەنگاو رەنگن، چەندین نەخشەو پلانی کورتخایەنو درێژخایەنیان هەیە، بەڵام سەرکردەکانی ئێمە، نە پرۆژەیەکی ستراتیژیی نەتەوەییو نە خاوەنی هیچ خەونو خەیاڵێکی بەرزن نە لەئێستاو نە بۆ ئایندەش، سەرۆکەکانی ئێمە خەڵکی ئازاو جەربەزە نین، خاوەنی بڕیارو نەخشەی رێگەی خۆیان نین، بەڵکو زیاتر لەو سەرۆکانە دەچن کە تەسلیم بەو بارودۆخانە دەبن کە خەڵکانی تر بۆیان وێنا دەکەن! کێ لە ئێمە رۆژێک لە رۆژان لە سەرۆکەکانی ئێمەی بیستووە، پرۆژەیەکی کوردستانی یان نەتەوەیی لەسەر مەیدانی سیاسیی عێراقیو ناوچەیی بوروژێنن، کێ بینیویەتی لە نێو پەرلەمانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، جگە لە پێداگریی توند لەسەر بودجەو گرێبەستە نەوتییەکانی ناو ژوورە تاریکەکان، فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانیی لەسەر یەک بابەتی نەتەوەیی، نیشتمانیی یان بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان هاتبێتە دەنگو هۆڵی پەرلەمانی بەجێهێشتبێت؟ ئەگەر نا، بۆ چەندین بڕگەی دەستووریی و یاسایی وەک مادەی(١٤٠)و کێشەی پێشمەرگەو بەشە بودجەی کوردستان هێشتا بە هەڵپەسێردراویی ماونەتەوەو بەردەوام مشتومڕیان لەسەرە!

# یەک ئاسایشو دوو وەزیر



بەکر بایز *

ئەگەر بە وردیی سەرنجی هەردوو پرۆژەیاسای (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمو دەزگای ئاسایشی هـەرێـم) بـدەیـن، کە لە لایـەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە بە نووسراوی ژمارە (٢٩٣٧) لە رۆژی ٢٠١٠/١١/٢٥ ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەریان، بۆمان دەردەکەوێت هیچ کام لە پرۆژەیاساکان لەگەڵ گۆڕانکارییە نەرمو دیوکراسییەکانی سەردەمی جیهانگیریی بەجیهانیبوونو کرانەوەدا نایەنەوەو دوورن لە سروشتی ئەو مۆدێلە تازەیەی ئاسایش کە لە دنیای پێشکەوتوو و دیموکراسیدا بە ئاسایشی نەرم (أمن مرن) ناسراوەو لە دابینکردنی ئاسایشو ئارامییدا زیاتر پشت بە کۆمەڵانی خەڵک دەبەستێت، نەک بەکارهێنانی چەکو زەبرو زەنگ، بە جۆرێک دابینکردنو پاراستنی ئاسایش دەبێتە خەمی خەڵکو جەماوەر دامودەزگاکانی ئاسایش بە مولکو مالی خۆی دەزانێت.

بە پێچەوانەوە هەردوو پرۆژەیاساکە دوو جۆر دەزگـاو ئەنجومەنی ئاسایشی ئەوەندە داخـراوو مەرکەزیی دروسـت دەکـەن، کە هیچ بوارو کەلەبەرێکی ژیان نامێنێتەوە کە قابیلی سانسۆرو کۆنترۆلکردن نەبێتو دەسـەڵاتو سەڵاحیەتەکانیشیان لە رادەبـەدەرو بێسنوور دەبن لە بابەتی دەزگا ئاسایشیو هەواڵگرییەکانی سیستمە شمولیەکانی سـەدەی بیستەم، وەکو ساواکی سەردەمی شای ئێرانو ئەمنی خاصی سەردەمی سـەدام حسێن، دیـارە ئەم مۆدێلە لە دەزگـای ئاسایشو هەواڵگریی سـەرەڕای بەکارهێنانی چـەکو زەبـرو زەنگی زیـادو ناپێویست، مێژوو سەلماندی کە ناتوانێ ئاسایشو ئارامیی پێویست بۆ کۆمەڵگە دابین بکات, بۆیە مافی خۆمانە کە بە چـاوی گومانو ترسەوە سەیری هەردوو پرۆژەیاساکە بکەین، لەبەرئەوەی ترسی مەرکەزیبوونو داخراویی لە زۆر شوێنی پرۆژەیاساکاندا بەدی دەکرێت، لەوانە:

– لە کـارو مەهامی دەزگـاو ئەنجومەنی ئاسایشدا:

بە جۆرێک لە (مادەی دوو ـ بڕگەی سێ)ی پرۆژەیاسای دەزگای ئاسایشدا هاتووە: (**أمن العمل السياسي (الاحزاب) والمهني (الجمعيات والنقابات ومنظمات المجتمع المدني)**، هەروەها لە (مادەی سێ ــ بڕگەی یانزە)ی پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایشدا (پاراستنی ئاسایشی گەیاندن) هاتووە، بەپێی ئەم دوو بڕگەیەی دوو پرۆژەیاساکە بێت هەموو کارو چالاکییەکی سیاسییو حیزبییو پیشەییو سەندیکایی لە هەرێمی کوردستاندا، تەنانەت پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان دوو هاوڵاتی ئەم هەرێمەش، قابیلی سانسۆرو کۆنترۆڵکردنە، ئەگەر پەیوەندییەکە گێڕانەوەی نوکتەیەکیش بێت.

– لە پێکهاتەی دەزگاو ئەنجومەندا:

بەپێی (مـــادەی دوو- بـرگـەی سـێ) لە پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، هـەردوو دەزگـای پاراستنو زانیاریی پارتیو یەکێتی وەکو خۆیان دەمێننەوەو دەبن بە بەشێک لە پێکهاتەی ئەنجومەنەکە، بەمەش کاری هەردوو دەزگاکە بە یاسایی دەکرێتو درێـژە بە دوو ئیدارەییو دابەشبوونی حیزبییانەی ئاسایش دەدرێت لە هەیمدا.

– لە چاودێریکردنی داراییاندا:

هەرچەندە وەکو لە (مـادەی دووـــ بڕگەی یانزە)ی پرۆژەیاسایی دەزگای ئاسایشو (مادەی سێ- بڕگەی حەوت)ی پرۆژەیاسای ئەنجومەندا هاتووە؛ یەکێک لە ئەرکەکانیان بریتی دەبێت لە پاراستنی هەرێمی کوردستان لە گەندەڵیی ئیدارییو داراییی، بەڵام بەپێی پرۆژەیاسای ئەنجومەن هیچ کەسو لایەنێک تەنانەت پەرلەمانی کوردستانیش ناتوانێت وردبینیو چاودێریی حساباتی دارایی ئەنجومەنەکە بکات، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی (مادەی هەشت ـــ بڕگەی چوار) لە پرۆژەیاسای دەزگای ئاسایشیش تەنیا لیژنەیەکی تایبەت کە لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتەوە پێکدێت، دەتوانێت وردبینیو چاودێریی لە حساباتی دارایی دەزگای ئاسایشدا بکات، نەک پەرلەمانی کوردستان، واتە حکومەت خۆی چاودێریی خۆی دەکات.

– لە دەستکراوەیی سەرۆکی هەرێمدا:

بەپێی (مادەی چوار ــ بڕگەی یەک, دوو) لە پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایش بە پێچەوانەی سیستمی پەرلەمانیەوە سەرۆکی هەرێم دەست کراوەیەو سەرپشکە لە دامەزراندنی راوێژکاری ئەنجومەن بە پلەی وەزیرو زیادکردنی کەسو دەزگای تر بۆ ئەنجومەنی ئاسایش.

ــ لە راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشدا:

بەپێی (مادەی چوارــ بڕگەی یەک) راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بە پلەی وەزیر لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیـاری دەکرێت، بەڵام جێگرەکەی دیاری نەکراوە لەلایەن کێ وە دادەنرێت، تەنانەت پلەکەشی دیاریی نەکراوە، ئەمەش دەریدەخات کە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم لە رێگەی کەسێکی نزیکی سەرۆکی هەرێمەوە وەکو دەزگا هەستیارەکانی تری هەرێم بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەبەسترێتەوە.

ــ لە رەچاونەکردنی مافەکانی مرۆڤو سەرەتا دیموکراسییەکاندا:

تەنیا لە (مـــادەی دوو ـــ بڕگەی یەک) لە پرۆژەیاسای دەزگـای ئاسایشدا باس لە پارێزگاریکردن لە سەرەتا دیموکراسییەکانو مافەکانی مـرۆڤ کـراوە، بـەڵام پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایش بەلایاندا نەچووە، بەمەش دەزگـاو ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم دەبنەوە جێی سەرنجی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری مافەکانی مرۆڤو کۆمەڵگەی مەدەنی.

سەرەڕای ئەو مەترسییانەی سەرەوە هەردوو پرۆژەکە میکانیزمێکی روونو ئاشکرا بۆ کاری ئەنجومەنو دەزگـا دیـاری ناکەن، بەمەش لە ئایندەدا تووشی دەرگیرییو رووبەڕووبوونەوەی یەکتریان دەکـات لەکاتی ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانیاندا، ئەمە بێجگە لـەوەی پرۆژەکان چەندین پرسیاری یاساییو ئاسایشی جدیی دەوروووژێنێت لەوانە:

– چۆن دەکرێت دوو کەس بە پلەی وەزیر سەرکردایەتی ئاسایشی هەرێم بکەن، لە کاتێکدا یەکێکیان سەر بە سەرۆکی هەرێمو ئەویتریان سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت؟!!.

– کام لەو دوو وەزیرە نوێنەرایەتی ئاسایشی هەرێم دەکات لە بۆنە رەسمییەکانو پەیوەندیی بەستن لەگەڵ دەزگاو ئەنجومەنە هاوشێوەکانیان لە عێراقو وڵاتانی تر؟ ئەی کامیان بەرپرسن لە هەر شلەژانێکی ئاسایش لە هەرێمدا؟

– لێپرسراوی دەزگای ئاسایش کە پلەکەی وەزیرە، چۆن قبوولی دەکات لێپرسراوی بێت بە هەمان پلە کە راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمە؟

– بەشی زۆری ئەرکو مەهامەکانی دەزگای ئاسایشو ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم وەکو یەکن، ئایا چۆن جیاوازیی لە ئەرکەکانیاندا دەکرێت، ئایا تووشی رووبەڕووبوونەوەو پێکدادان نابن، وەک ئەوەی ئێستا لەنێوان ئاسایشی پارتیو یەکێتی روودەدات لە کەرکوک؟!

– هاوڵاتییانی هەرێم هاوکارییو هەماهەنگیی ئاسایشی لەگەڵ کامیاندا بکەن؟ ئەی ئەگەر هاوڵاتییەک بووە باوەڕپێکراوی یەکێکیان لە لایەن ئەوی ترەوە بە جاسوسو تاوانبار حسابی بۆ ناکرێت؟

– باشتر نەبوو لە جیاتی ئەنجومەنی ئاسایشو دەزگای ئاسایشی هەرێم یەک جهازی ئاسایشی هەرێم هەبوایە، ئەگەر مەسەلەکە هێشتنەوەی دوو ئیدارەییو دابەشکردنی حیزبیانەی ئاسایش نەبێت؟

– لە جیاتی هێشتنەوەی دەزگای پاراستنو زانیاریی، پارتیو یەکێتی بیر لە دروستکردنی ئەکادیمیای ئاسایشی کوردستان بکرابایەوە، باشتر نەبوو؟ کە ئەرکی پەروەردەکردنی ئەفسەرو کارمەندانی ئاسایش بە گیانی نیشتمانییو نەتەوەیی بگرێتە ئەستۆ؟

– ئەی بۆچی لە هـەردوو پرۆژەکەدا باس لە پاراستنی ئاسایشی سەیرانگەو شوێنە گەشتیارییەکان نـەکـراوە، کە دیارترین ئەو شوێنانەن لەوانەیە رووبەڕووی کاری تێکدەرییو تیرۆریستیانە ببنەوە بە تایبەتی لە بەهاراندا؟

دیـارە لە ئایندەدا وەڵامـی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تر دێنە دی، بەڵام من لێرەوە هیچ ئومێدێکم بەو دوو پرۆژەیاسایە نییە، کە وەڵامی پێداویستییە ئاسایشییەکانی ئەم قۆناغەی هەرێم بدەنەوە، لەبەر ئەوەی هەردوو پرۆژەکە ئەوەندەی قووڵکردنەوەی دەسەڵاتی حیزبییو چەسپاندنی (تکریس)ی دوو ئیدارەییە لە هەرێمدا، ئەوەندە بیرکردنەوەیەکی جدیی نین لە ئاسایشی هەرێم، بەڵکو زیاتر لە رێککەوتنی دوو لایەنی سیاسیی دەچن، کە لایەنێکی زاڵو باڵادەست بیەوێت بەرنامەکەی خۆی شێوەیەکی یاسایی بەسەر لایەنی بێهێزی بەرامبەردا بسەپێنێت، ئەمەش لە کۆتاییدا بۆشاییەکی گەورە لەنێوان خەڵکو دامودەزگاکانی ئاسایشدا دروست دەکاتو سەرەنجامەکەشی بە تێکچوونی ئیستقراری سیاسییو کۆمەڵایەتیو نائارامیی دەشکێتەوە، چونکە ئاسایش بە هەماهەنگیی قووڵایی خەڵک دروسـت دەبێت، نەک زەبـرو زەنـگو چەکو مەرکەزیبوون، هیوادارم من هەڵەبمو مۆدێلی یەک ئاسایشو دوو وەزیریش سەرکەوتوو بێت.

*** پسپۆڕ لەبواری ئاسایش**



# تونس و پەندێک بۆ دیکتاتۆرەکان

روناک ئەحمەد

لەوەتەی مرۆڤایەتی گەیشتووەتە ئاستێک لە ڕێکخستن کە دەوڵەتی بەشێوەی نوێ دامەزراندووەو حکومەتی جۆراوجۆری پێکهێناوە، چ پاشایی یان کۆماریی، دیکتاتۆریی یان دیموکراتی، ئەو حکومەتانە ئەرکیان بووە لانی کەمی بژێویی‌و ئارامیی بۆ هاوڵاتییان دابین بکەن، بەڵام ئەوەی لەو وڵاتو هەرێمانەی لای خۆمان دەگوزەرێ لەدەرەوەی ئەم پێناسەیەیە، نوخبەیەکی سیاسیی گەندەڵو چاوبرسیی، کە بازنەیەک لە دەستو پێوەندو کەسوکاری خۆیان دەوری داون، یاریی بە سەروەتو سامانی گشتییەوە دەکەن، دنیایەکیان بۆ خۆیان دروستکردووە وەک بەهەشتو نیشتمانیشیان کردووەتە دۆزەخ بۆ هاوڵاتییان.

پرسیارەکە ئەوەیە؛ ئایە ئەگەر لە باشووری کوردستان پێداویستییە سەرەتاییەکان جێبەجێ بێت وەک، تونس ڕاپەڕین دروست دەبێت؟ بێگومان لەهەموو کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێ ماف هەیە کە دەتوانم بڵێم وەک ئەلفوبێی سەرەتایی وایە، پێویستە فەراهەم بکرێ، بەڵام لەو کۆمەڵگا قەتیسکراوانەدا کە دەسەڵاتی دیکتاتۆر دەیانبات بەڕێوە ئەو مافە سەرەتاییانە بنپێکراون، بۆئەوەی ئەو کۆمەڵگا بێ ئاگاو بێ هەستبێ لە ئاستی پێویستی‌و مافەکانی، کە نەتوانێ بیر لە مافی مرۆڤ‌و گەندەڵیی‌و تیرۆرکردن لەو وڵاتەو پرسە نەتەوایەتییەکان بکاتەوە، نموونەی زیندووی تونس لەبەرچاوە کە ٢٣ ساڵ زەین ئەلعابدین بن عەلی سەرۆک بوو، ئەو کۆمەڵگایەی وا قەتیس‌و کپکردبوو کە نەیاندەتوانی بیر لە داواکارییە گەورەکان بکەنەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە گەورانەی لە تەکنۆلۆژیای گەیاندن‌و بیستن‌و بینین‌و کرانەوەی تونس بەڕووی دنیادا زەمینەی ڕاپەڕینێکی لەو جۆرەی خۆشکرد، کە سەرتاپای تونسی گرتەوەو لە ماوەی کەمتر لە مانگێک بن عەلی‌و دەستو پێوەندەکەی ڕاماڵی.

بەوپێیە ئەمە زەنگێکی ترسناکە بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان کە لە هاوشێوەی تونسدان، کە سەرۆکەکان زیاد لە دە ساڵ‌و بیست ساڵ دەبێت کە بەناوی دیموکراسییەوە ئەو خەڵکە چەواشە دەکەن‌و لە مافە سەرەتاییەکانیان بێبەشدەکەن، بۆئەوەی بیر لەشتی گەورەتر نەکەنەوە، لای خۆشمان خۆشبەختانە بزووتنەوەیەکی بەئاگا، هاتووەتەمەیدان لەپشتی جەماوەرەوە سەریهەڵداوە بۆ بە مرۆڤایەتیکردنی ئەو کۆمەڵگایە، کە چیتر وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژین تێدەکۆشێ، ئەوە ٢٠ ساڵە خۆمان بەڕێوەدەبەین، کە داواکارییەکمان هەبێ هەر دەڵێن حکومەتەکە ساوایەو دۆخەکە وەک هێلکەی دەڵەمەیەو نەگیرساوە، بەڵام بۆ سەرکوتکردن‌و چەپاندن‌و تیرۆرکردن وەک حکومەتێکی بە ئەزموون‌و کارامەی ناوچەکە ڕەفتار دەکەن.

ئەو دەسەڵاتانەی کە بە زەبرو زەنگ مامەڵە دەکەن‌و ڕۆژانی حوکمڕانیی خۆیان بەسەر دەبەن، هەرچەندە دەسەڵاتی خۆییش بێت دەکەوێتە بەر رق‌و نەفرەتی خەڵک‌و پاشەڕۆژی لە ڕژێمی تونس باشتر نابێت، بۆیە دەبێت لە تونسەوە وانەیەک فێربن، کە ئیدی دەسەڵاتێکی دیموکراتی‌و مۆدێرن بن‌و بەرەو ئەو ڕێگەیە بڕۆن، بەتەما نەبن هەتاهەتایە وەک بۆماوە بمێننێتەوە، ڕەخنەی هاوڵاتییان قبوول بکەن‌و چاکسازیی لەخۆیاندا بکەن، حوکمڕانانی ئەم ناوچەیەش ئەگەر دەیانەوێت بەدەردی حوکمڕانانی تونس نەچن، دەبێت مافە سەرەتایی‌و ئابوورییەکان‌و... بگەڕێننەوە بۆ هاوڵاتییان.

ریكلام

Ford drive | NIVA CAR TRADING LIMITED.

A leading Automotive company in Northern Iraq is looking urgently with immediate effect for the following staff:-
Showroom and fleet sales consultants:

- Must have a driving licence.
- Must have a diploma at least.
- A least one year experience in automotive sales.
- Presentable with good personality.
- Fluent in English, Kurdish and Arabic language.
- Able to work under pressure for long hours.
- Sulaimaniyah and Erbil residents are welcome to apply
- Age no maximum than 35 years old
- For fleet consultants must be ready to work outdoor on extensive basis and owns a car.

Candidate meet the above criteria are only need to apply otherwise his application will not be of interest.
Please mention in the email the post you are applying for in the subject to the following email:
Samer.khouri@nivairaq.com

Ford drive | NIVA CAR TRADING LIMITED.

ریكلام






گاردن سیتی

شـــارێک لەسەر ١٢٠٠٠٠م٢ کە ٧٥٪ی باخچەو ســـەوزاییە
دابین کردنی مەسعەد لە پارکی داخراوەوە بۆ شوقەکان
گـــەیاندنی بـــۆری غـــاز بـــۆ شوقەکان
دوو جۆر عەزلی سەرماو گەرماو دەنـگ

شـوقەی دوو نهۆم ٢٨٥ م٢
شوقەی یەک نهۆم ٢٢٠ م٢
لـەگەڵ گەراج و گەنجینە

ناونیشان: سلێمانی _شەقـامی بازنەیی مەلیک مەحمود - گەڕەکی کوردسات _خوار نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی
مۆبایل: ٠٧٥٠١١٤١٨٨٨-٠٧٥٠١١٤١٨٨١ | ئیمەیل: gardencity@halabjagroup.com

halabjagroup
گروپی هەڵەبجە

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩